# مۆمیاکردنی وێنە جووڵاوەکان

پێشکێشە بە:
دایکم نەسرین مستەفا ئیبراهیم
چیمەن، داسوو، دییە و دێنی

# مۆمیاکردنی وێنە جووڵاوەکان

دانا عەلی

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دانا عەلی
مۆمیاکردنی وێنە جووڵاوەکان – ڕەخنەی شانۆیی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٣٧
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٦٠ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیتکاری: ئەژین گەیلانی
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، نساران بورهان

## پێڕست


ڕەخنەی شانۆیی ........ 7

"کۆشک" لە ژێر بەراوردکارییەکی ئەپسینادا ........ 16

سێ دیدار لە خزمەت "ئەوەڵ سەحەرە"دا ........ 25

گۆرانییەک لە باوەشی تاریکیدا ........ 33

خەونێت دینا دهوشیاریا عاقلادا ........ 37

چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان" لە نێوان دەق و نمایشدا ........ 41

دوکتۆر "قوتبەدین سادقی" لە نێوان پرۆژە و داهێناندا ........ 46

خوێندنەوەیەک بۆ کۆتەڵەکەی "ئەحمەد موختار جاف" ........ 60

پێگەی "ڕەشەی پۆلیس" و "حەسەنەفی" لە درامای تەلەڤزیۆنی کوردیدا ........ 68

بزووتنەوەیەک لە ناخودی ئەزموونەکاندا ........ 78

# ڕەخنەی شانۆیی

گرینگترین ئەو خەسڵەتانەی هونەری شانۆ لە هونەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەو کاریگەرییەیە کە لە کات و ساتی نمایشدا جێی دەهێڵێ واتە "ئێستا". لەگەڵ تەواوبوونی نمایشەکەدا تەنیا ئەو کاریگەرییە جێ دەمێنێ کە لای بینەرانی دروستی کردووە، هەر هەوڵێکیش بۆ درێژکردنەوەی ئەو کاریگەرییەی لە ڕێگەی وێنەگرتن یان تۆمارکردن، هەرگیز ناتوانێ پارێزگاری تەواوی ئەو کاریگەرییە بکات لە "ئێستا"دا، واتە لە کات و ساتی نمایشەکەدا بەجێی هێشتووە. ئەگەر بە ناو ئەو بزووتنەوە و قوتابخانە و پرۆژە شانۆییانەی لە مێژووی هونەری شانۆدا، هونەرمەندانی داهێنەر تێدا هەڵسووڕاون و ئەزموونە بالاکانی خۆیان تێدا نمایش کردووە، بگەڕێین و بمانەوێت توێژینەوەیان لەسەر بکەین. جگە لەو پرۆژە ڕەخنەییانەی کە ڕەخنەگرانی بەتوانا لە کات و سەردەمی خۆیاندا توانیویانە بەچاوێکی هونەری بەرزەوە ئەو کاریگەرییانە تۆمار بکەن، هیچ ئاسەوارێکی تریان بەجێ نەهێشتووە. واتە ئەو پرۆژە ڕەخنەییەی کاری لە ناو ئەو کاریگەرییەدا کردووە کە ئەزموون و بەرهەمە شانۆییەکان لە کاتی خۆیدا دروستیان کردووە، ئەوەش تەنیا سەرچاوەیەکی تێڕوانین و لێکدانەوەکانی دوای ئەو زەمەنەیە کە نمایش کاریگەریی خۆی لەسەر بەجێ هێشتووە.

ئەمەش لەگەڵ ئەو تێڕوانینە فەلسەفییەی فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی "ئیمانوێل کانت"١٧٢٤-١٨٠٤ یەک دەگرێتەوە سەبارەت بەئەرکی بنچینەیی ڕەخنەکە دەڵێ: «ڕەخنە ئەو هێزە هەستیارە وێنەیەیە کە دەتوانێ "کات و شوێن" پێکەوە گرێ بدات..» هەروەها "لینتز" ١٦٤٦- ١٧٦٥ لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێ «کاتێک بەناو دارستانەکانی"لایبزیک"دا دەگەڕام هەموو

کـات ئەو پرسـیـارەم لا دروست دەبوو، ئایا دەتوانم ئەو وێنە گـەوهـەرییـانە بپـارێزم کـە مـامـۆسـتـا و پێشـەنگە دێرینەکـان وتوویانە..» ئـەگـەر تێـزێکی فــەلســەفی و فــیکری یان تێکســتــێکی ئـەدەبی یاخــۆ هـەر ئەزمـــوونێکی داهێنەرانەی هـونەری بەهـەمـوو لقـەکـانـیـــەوە (جگە لە هـونەری شـــانۆ). ڕەخنەگری تەمەڵ یاخۆ نائاگاهی و نابینایی ڕەخنەگران لە کات و سەردەمی خـۆیدا قـبـووڵ بکات، ئەوە هەرگـیـز لە ئەزمـوونی شـانۆییـدا ئەم تەمـبـەڵی و نائاگـاهی و نابیناییـیـە قبـووڵ ناکرێت. چونکە دەکـرێ هەریەکێک لـەو تێز و شـاکارانـە بەهـەمـان کـاریگـەری و پانتـاییـیـەکـانی خـۆیانەوە، لە هـەر کـات و زەمـەنێکدا کـاریان تێدا بکرێت، وەلێ نمایش و ئەزموونی شـانۆیی وەک کردە هونەرییـەکە، ئەو تەمەنە پەپوولەییە ئێجگار ناسکەیە لەگـەڵ چاو و هـەست و بینینی بینـەرانی خـۆیدا هـەڵدەوەرێ و جگە لەو کاریگەرییـەی لە ناو ئەو هۆڵەدا و لە بەردەم ئـەو بینەرانـەیدا جـێی دەهێـڵـێ، هیچ ئاســەوارێکی نامـێنـێ. هـەر بۆیە ئەوەی ئەو گوژمەیە، ئەو هەناسە و چرکە ساتانە، ئەو کاریگەری و فۆرمە وێنەییانە، ئەو ئاوێزان بوونە روحییانە تۆمار دەکات و لە دووایەمین فەنابوون ڕزگـار دەکـات، تەنیـا و تـەنیـا ئـەو کـارە ڕەخنـەسـازیـیـەیە کـە ڕەخنـەگـر بەدیدگایەکی ڕەخنەییەوە تۆماری دەکات.

کاتێک دەڵێین ڕەخنەگر کاریگەریی فۆرمە وێنەییەکان تۆمار دەکا، ئەمە بۆ خـۆی ئـەرکی ڕەخنەگـری شـانـۆیی لە هـەر یەکێک لـە ڕەخنەگرەکـانی تر جـیـا دەکـاتەوە. چونکە مـامـەڵەکـردنە لەگـەڵ ئەو وێنانەی بەخـێـرایـی دێن و تێپـەڕ دەبن، ئەو دەنگانەی کـە دێن و بە گـوێمـاندا گـوزەر دەبن، ئەو تەلیـسـمـانەی لە ناو ناخـمـاندا بەجێ دەمێنن. واتە مـامـەڵەکردنە لەگەڵ چەند چرکـە سـاتێکی ژیان کە هیچ ئارامییـەکی تێدا نییە و هیچ بوارێک فـەراهـەم ناکات تاوەکو لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا پیا بچێتەوە.

ئامـاژەمـان بەوە کرد "هـونـەری ئەزمـوونی نمـایشـی شـانـۆیی" مامـەڵە کـردنە لەگەڵ "ئێستا"دا، کەواتە بەهەمان هاوکێشە دەبێ کاردانەوەی "ئێستا" مامەڵە لەگـەڵ ئەزمـوونی نمایشـدا بکاتەوە." ئێـسـتـا" وەک بینەران، "ئێـسـتـا" وەک

تۆماری پرۆسە ڕەخنەییەکە. هەر بۆیە ئەزموونی شانۆیی دەبێتە ئەزموونی نمایش، واتە ئامادەگی بینەران، واتە هەڵسووڕان و چەقین لە ناو کاتێکدا کە "ئێستا"یە.

ئێمە لە ئێستادا کاریگەریی نمایشەکانی "برتولد برێشت" وەک تێکستەکانی بەسەرمانەوە ماوە، نەک وەک نمایشە شانۆییەکانی.. لە ڕوانگە ڕەخنەییەکەوە کاریگەریی نمایشەکانی شانۆی کلاسیکی کۆنی گریک و شانۆی مۆسکۆی هونەری و شانۆی هەژاری کرۆتۆڤسکی و شانۆی بووکەشووشەی گریج و... هتد، دوایمان لەسەرە.

کەواتە ڕەخنەی شانۆیی ئەو فریادڕەسە چالاکەیە، ئەزموونی بزووتنەوە شانۆییەکان بەچاوێکی هەستیاری زانستییەوە وێنە دەگرێ و دەگوێزێتەوە.

ئا لێرەدا دەبینین یەکێک لە ئاستەنگە هەرە دژوارەکانی بزووتنەوەی شانۆی کوردی، ئەو تێپەڕینەیە کە بە نێو فلتەری پرۆژەیەکی ڕەخنەسازی زانستیدا گوزەری نەکردووە. هەموو تەمەنی درێژکراوەی زۆر و زەوەندی بزووتنەوەی شانۆییمان بەچاک و خراپەوە لە بیلۆگرافیای کورت و کوێری گرۆ و تیپە هونەرییەکاندا، تەنیا و تەنیا ناونووس کراوە. خوێندنەوە و پیاچوونەوەی لیستی ناوی ئەو بەرهەمە شانۆییانەش، زەمینەیەک نییە تاوەکو هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بنیات بنرێ. ئەگەر هەوڵێکی ڕەخنەیی ئێجگار دەگمەنیش لە درێژەی ئەو مێژووەدا بەرچاو بکەوێت، ئەوە زۆر کەمیان دەچنە خانەی ڕەخنەی شانۆییەوە و ئەو ژمارە کەمەش هەرگیز نابێتە ئەو سەرەتایەی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لەمەڕ بزووتنەوەی شانۆیمان لەسەر بکرێ، ئەمەش ئاماژەیە کە ڕەخنەی شانۆییمان شان بەشانی بزووتنەوە شانۆییەکەمان ئامادەگی نەبووە و نییە.

دەق، دەرهێنەر، ئەکتەر، دیکۆریست ... هتد بەبێ پاداشتی هیچ تۆمارێکی مێژوویی و بەبێ هیچ سەلمینەوەیەک لە کار و بەرهەمی باش و خراپیان، وەک شەهیدێک جگە لە ناوەکانیان هیچ شوێنەوارێکیان لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیەدا بەرچاو ناکەوێت.

به دڵنیاییەوە ئەمە دەسپێکی ختوورەی ئەو پرسیارە پڕ لە گومانە دەهێنێتە ئاراوە: ئایا شانۆی کوردی هەیە یان نەء؟ چونکە زۆر مشتومڕی جیاواز هەیە کە ئەو مێژووە بەدوو پێناسەی"دامەزراندن" و "بزووتنەوە" ناوزەد دەکات. واتە ئەوەی کراوە "پرۆژەی دامەزراندنی شانۆی کوردییە" یان تەنیا «بزووتنەوەی شانۆییمان» هەیە.

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناو پرۆژەیەکی رەخنەییدا وەڵام دەدرێتەوە کە تا ئەمڕۆ بزووتنەوەکە بەرهەمی نەهێناوە. کەواتە دەقە ڕەخنەییەکان دەتوانێ ببێتە بڕوانامەی ئەم هەوڵ و بەرهەمانەی شانۆکارانی کورد لە ناو نمایشەکانیاندا بەرهەمیان هێناوە.

ڕەشنووسی تۆمارکراوی ئەو کاریگەرییەی نمایش بەهەموو پێکهاتەکانییەوە لە کات و ساتی خۆیدا پێشکێشی کردووە و چاوی هەستیاری ڕەخنەگر لە ناو پێوانەیەکی زانستی شانۆییدا تۆماری کردووە. توانای داهێنەرانەی ئەکتەرێک یان دەهێنەرێک یان هەر کارگێڕێکی تری هونەری لە کوێدا ببینینەوە تاکو ئاستی داهێنەرانەی شانۆکارانی کورد دەستنیشان بکەین؟ هەموو ئەو هەوڵە شانۆییە خوازراو و دزراو و کاڵوکرچانە، چۆن لە ناو گوڵزاری بەرهەمە ڕەسەن و بەپێزە کوردییەکاندا بژار بکەین؟

کاریگەری نمایشی"دوکتۆر پاڵمی" و ئەزموونی پڕ لە نوێکاری" مرۆڤ و شارەکەی" جگە لە یادەوەری ئەوانەی بینیویانە، لە کامە پاداشتی مێژوویی و هەڵسەنگاندنی هونەریدا پارێزراوە بۆ نەوەکانی داهاتوو؟

کەواتە نەبوونی ڕەخنەی شانۆیی گەورەترین ئاستەنگی بزووتنەوەی شانۆییمانە کە تا ئەمڕۆ هەموو دەرگەکانی بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بزووتنەوەیە داخستووە.

وەڵامی پرسیاری ئایا کورد ئەکتەر، دەرهێنەر، شانۆنووس، کارگێڕی هونەری لە بوارەکانی دیکۆر، ڕووناکی، ماکیاج... تد هەیە یان نەء؟ هەرگیز لە

ژمارەی ناوی ئەو لیستەدا وەڵام نادرێتەوە کە بیلۆگرافیای شانۆی کوردی ئامادەی کردووە، بەشکو ئەو پرۆژە ڕەخنەسازییە بوون و نەبوونیان ئامادە دەکات کە ڕەخنەگری شانۆیی بە پێوانەیەکی زانستی هونەری شانۆیی بۆی ڕەسم کردووین.

"ڕەخنە" پرۆژەیەکی هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری و دۆزینەوەی ئەو پەنهانانەیە کە تەلیسمەکانی داهێنان و ئەفراندن لە ناو لۆغانە بێ خێر و هەوڵە بێ بەهرە و نابووتەکاندا، جیا دەکاتەوە و ئەو ساتانەمان بە نەمری بۆ دهێڵێتەوە کە ڕەخنەگرانی وەک ئەرستۆ و هۆراس و جان ئەنوی و ئەلکسەندەر هفستی و.... هتد کاریگەرییەکانی چاوی خوێنینی ئۆدیب و کەشی نمایشی شانۆی مۆسکۆی هونەری و زەمەنی تێکشکاوی یۆنسکۆ و شانۆی پڕ لە جوولە مایرهۆڵد و هەستی بەنامۆبوونی شانۆی فێرکاری برتۆڵد برێشت و ویقاری پڕ لە هەستی نواندنی بارۆمان لە کات و شوێنی نمایشەکاندا بۆ دەنووسێتەوە.

ڕەخنە و پرۆژەی ڕەخنەسازی ئەو بەرنامەی کارەیە کە دەکرێ هەبوون و نەبوونی بەرهەمی کاری شانۆکارانی لە سەر بنیات بنرێ، بزووتنەوەکەش وەک ئەزموونێکی بەردەوام قۆناغەکانی تەمەنی خۆی لەسەر هەڵچنێ. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە زۆرینەی ئەو هەوڵە ڕەخنەییانە بڕوانین کە لە ئەرشیفی بزووتنەوەی شانۆییماندا بەجێ ماوە، بەوتەی مەسەلە کوردییەکە (ڕێوییە و لە پشتی شێردایە) بیلۆگرافیایەکی سادەیە و لە ژێر ناوی ڕەخنەدایە.

بڕوا ناکەم شانۆکارێکی بەهرەمەند هەبێ لە شانۆی کوردیدا. ئازاری ئەم بەدبەختی و چەواشەکارییەی نەچەشتبێ.. ئەو هەستە خەمبارە دای نەگرتبێ کە هەوڵە جوانەکانی بەهەوادا پەرش بوون و هیچ چاوێکی هەستەوەر نەیتوانی لە دووتوێی کتێبێک یان کۆوار و ڕۆژنامەیەک یان هەرنا، لە دیدار و سیمینارێکی هونەریدا پاداشتی کرابێ. ڕەنگە هەر ئەم هەستە پڕ لە خەمخۆرییەش، کەمینەیەک لە شانۆکارانی بۆ چەند هەوڵێکی ڕەخنەیی هان دابێت، بێگومان ئەو هەوڵانەش بەهەوڵی تاکەکەسی هەژمار دەکرێ و ناچێتە

خانەی پرۆژەیەکی ڕەخنەییەوە کە بارتەقای بزووتنەوە شانۆییەکە بداتەوە.

سەرەتای هەشتاکان کە چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و وەک شانۆکارێک گەمەی هونەری شانۆییم دەست پێ کرد، ژمارەیەکی کەم هەوڵ و بەرهەمی نمایشی شانۆیی زۆر هونەری بەرز و، گەلێکیش بەرهەمی کاڵوکرچ و بێ بەهرە بە بەرچاوماندا گوزەریان کرد. جگە لە کاردانەوەی بینەران و ئەو یادەوەرییە جوان و ناشرینانە، هیچ ئاسەوارێکیان نەما. ڕەنگە هەر هەستی ئەو بەهەدەرچوونە هاندەرم بووبێت کە ناوەناوە هەوڵی ڕەخنەیی لەسەر ئەو نمایشانەی کە بواریان تێدا بووە بۆ قسەکردن، بنووسم و چاپ و بڵاویان بکەمەوە.

ژیانی پڕ لە چەرمەسەری ئەو ڕۆژگارانە بەگشتی و بۆ کار و بەرهەمی هونەرمەندان بەتایبەتی، تا ڕادەیەک ئەو هەوڵانەی پچڕپچڕ کردبوو، سەرباری ئەوەش من بۆ خۆشم شانۆکار بووم و گەلێک لە بەرهەمە هەرە ئازیزەکانم لەو سالانەدا نمایش کردووە. وەلێ چەند هەوڵێکی ڕەخنەی شانۆییم لەو ڕۆژگارانە دا و تاوەکو «٢٠٠٢» کە کارتی سوورم لە خاکی نیشتماندا وەرگرت و هەڵاتم بۆ دەرەوە، بەردەوام بەرهەمی ڕەخنەییم نووسی و بڵاو کردەوە و تەنانەت لە ژیانی تاراوگەشدا لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، لەسەر ئەو بەرهەمە هونەری و درامییانەی پەخش دەکرا، چەند هەوڵێکی تریشم تاقی کردەوە.

ئیتر کاریگەریی ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانە هەبووبێت یان نە، ئەوەیان هەڵسەنگاندنی بزووتنەوە شانۆییەکە دیاری دەکات. بەڵام ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەی ئێستا لە بەردەمی تۆی ئازیزدایە کە گوڵزارێکی هەڵبژێردراوە لەو لێکۆڵینەوە رەخنەییانەی کە چاپ و بڵاوبوونەتەوە، تەنیا بە مەبەستی ئامادەکردنی ئەرشیفێکە بۆ کتێبخانەی کوردی. بۆ ئەوەی تێڕوانینێک لای خوێنەران، سەبارەت بە ئەزموونی هەندێک لەو نمایشە شانۆییانە دروست بکات کە لە کات و سەردەمی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، خۆم شانۆکار بووم و زیاتر هەوڵ و

تواناکانم لەو بوارەدا بەگەڕ خستبوو، واتە لای من "ڕەخنە" کارێکی پیشەیی نەبووە. هەر بۆیە گەلێک هەناسە و تەلیسمی پڕ لە داهێنان و نوێکاری بەبەرچاوانمدا تێپەڕیوە و بۆم نەکراوە یان نەمویستووە شوێنیان بکەوم و تۆماریان بکەم. چونکە بەدڵنیاییەوە تەمەنێک لە کار و بەرهەم، هەرگیز هەوڵی تاکە کەسی نییە و بزووتنەوەیەکی ئاوها پان و بەرین، دەیان و سەدان چاوی هونەری هەستیار و پیشەیی دەخوازێ کە پاداشتیان بکات. ئەوەش ناشارمەوە کە هەرگیز نەمتوانیوە و نەمویستووە، لە ناو ئەو بەرهەمانەدا کار بکەم کە هیچ کاریگەرییەکیان لە کاتی نمایشدا لەلا دروست نەکردبم. بەوتەی " سامۆیل ئەلکسەندەر ١٨٥٩-١٩٣٨: [شاعیران و هونەرمەندان بەدوای ئەو کاریگەرییانەدا وێڵن لە "کات و شوێن"دا کاری خۆیان دەکەن...] حەزدەکەم جارێکی تریش ئەوە دووپات بکەمەوە لەوەی ڕەخنەگری شانۆیی، دەتوانێ بەهای دروستی کردەی ئەزموونی شانۆیی بەدیار بخات و هەر ئەویشە هونەرمەندان لە پاشەکشێی بەخششی هونەری دەپارێزێ و لە ژێر ئەو سانسۆرە ڕەخنەییەدا ناچاری هەوڵی باش و باشتر دەکات. چونکە بینەرانی شەرمنی کورد کە هەموو کات وەک پێشەنگێک لە هونەرمەندانیان دەڕوانن و بەردەوام چەپڵە بۆ هەموو کارێکی هونەری دەکوتن.. بەردەوام هۆکاری ڕەوینەوەی ئەو ترسە بووە کە هونەرمەندان هەرگیز لە کاری بەرز و نزم نەسڵەمێنەوە.

جێگەی نیگەرانییە، بزووتنەوەی شانۆی کوردی لە بەردەوامی تەمەنی درێژیی خۆیدا، دەیان هونەرمەندی لووتکە و سەدان هونەرمەندی چالاک و دڵسۆز لە خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام تا ئەمڕۆ نەیتوانی بێ لە ئەرشیفی دەوڵەمەندی خۆیدا (ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش بێت) چەند ڕەخنەگرێکی پیشەیی بەرهەم هێنابێت. هەموو ئەو قسە و باسانەی لە کۆڕ و دیدار و ڤیستڤاڵە شانۆییەکاندا دووپات دەکرێنەوە، ناتوانێت پشت بە سەرچاوەیەکی زانستی ڕەخنەیی شانۆیی ببەستێت کە تێڕوانینێکمان لەسەر کات و شوێنی نمایشە شانۆییەکان بدەنێ.

هەر بۆیە کاری ڕەخنەیی جگە لە ئەرکە گرینگەکەی خۆی، لە هەڵسەنگاندن و بژارکردنی هەناسە داهێنراوەکان، ئەرکی بە ئەرشیفکردنی بەهای ئەزموونە شانۆییەکانیشە. ئەوان ئەو وێنە جووڵاوانە مۆمیا دەکەن کە ئەکتەرێک لە سەر شانۆ کاراکتەرێکی درامی بەرجەستە دەکات.. ئەوان ئەو هێڵانەی دەرهێنان تۆخ دەکەنەوە کە لە پانتاییی شانۆدا دێن و دەچن.. هەر ئەوانیش ئەو کەشە شانۆییە دەنووسنەوە کە لە توانا و بەهرەی سوپایەک لە هونەرمەندانی شانۆ بە موزیک و شێوەکارەوە خولقێنراوە.

کەواتە کردەی ڕەخنەگری شانۆیی، کردەی تۆمارکردنی زەمەنە، زەمەنێک لە جووڵە و لە وێنە. هەر بەکاری مێژوونووسێک دەچێ، مێژووی سەردەمێک دەنووسێتەوە. «مەستوورەی کوردستانی» سەرچاوەیەکی گرینگی تێڕوانینمانە بۆ مێژووی ئەردەڵانییەکان، کەواتە ئەرکی "مەستوورە خانم" بە تێکستکردنی مێژووی دەسەڵاتێکە.

هەر ئاوهایش "ڕەخنەگری شانۆیی" لە توانایدایە "نمایش" وەک ڕووداو لە ناو زەمەنێکدا ڕابگرێ و بەتێکستی بکات تاوەکو زەمەنێکی دوورتر لە خۆی بیخوێنێتەوە.

بەڵام خوێندنەوەیەک نییە لە ناو هەناسەی ئەدەبدا گیری خواردبێ، بەشکو خوێندنەوەی بینینە، جووڵەیە، دەنگ و ڕەنگە، سەمایە، هەڵچوونی ناوەوەی مرۆڤە، تەلیسم و ئیحای کەشێکی شانۆییە. هەر ئەمەش دەبێتە سەرچاوە بۆ کردەی هەر بزووتنەوەیەکی شانۆیی و هونەری.

کاتێک ئەزموونی ڕەخنەیی ئەدیبێک لەسەر نمایشێکی شانۆیی دەخوێنینەوە، دەبینین نیگایەکی ئەدەبی تان و پۆی کارە ڕەخنەییەکەی داپۆشیوە.. یان سیاسەتمەدارێک لە گۆشەی دروشم ئامێزی سیاسییەوە بەکارەکەدا هەڵدەڕوانێ. لێرەدا ئەم تێزە ڕەخنەییانە خەسڵەتە بنچینەییەکانی ڕەخنەی شانۆییان ون کردووە، ناکرێ وەک سەرچاوەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوتی مێژووی بزووتنەوەی هونەری شانۆیی هەژمار بکرێ.

کەواتە ئەرکی هەرە کاریگەریی ڕەخنەی شانۆیی، بە ئەرشیفکردن و بە تێکستکردنی نمایشە بەگشتی یاخۆ هەر یەکێک لەلایەنە جوداکانی نمایش. پێکهاتەکانی نمایش لە دەق، نواندن، دەرهێنان، کەشی شانۆیی، کارگێڕە هونەرییەکان... کارێکی پسپۆرگەراییە بەشێوەیەکی گشتی یاخۆ لەسەر هەر یەکێکیان بەتایبەتی. واتە "یەکەی نمایش" دەبێتە چەقی هەڵچنینی هەر بەرهەمێکی ڕەخنەسازی لای ڕەخنەگری شانۆیی.

هەموو ئەمانە بەڵگەی دروستی ئەو ڕاستییەیە کە هەر بزووتنەوەیەکی شانۆیی تەنیا بەدەوری ئەو نمایشە شانۆییانەوە قۆرخ کراوە کە لە کات و ساتی دیاریکراوی خۆیدا بە بەشداری و بەئامادەبوونی بینەران نمایش کراوە و ئەوەی دەشتوانێ نمایش لە ناو جووڵە وێنەکانیدا بەتێکست و ئەرشیف بکات، تەنیا ڕەخنەی شانۆییە. کەواتە تەنیا سەرچاوە بۆ پیاچوونەوە و وە بیر هێنانەوەی ئەو ڕەنج و بەخششە هونەرییانەی هەر قۆناغێکی بزووتنەوەی شانۆی پێیدا تێپەڕیوە.. ئەو تێکستە ڕەخنەییانەن کە لە ئەرشیفی هەر بزووتنەوەیەکدا پارێزراون.

دانا عەلی سەعید

١٧-٢-٢٠٠٩- ئەڵمانیا

## کۆشک
## لە ژێر بەراوردکارییەکی ئەپسنیانەدا

نیـقـابەی هونەرمـەندانی سلێمـانی بە هـاوکاری تیپی نـواندنی سلێـمـانی و کـۆمـەڵەی هـونەرە جـوانەکـانی کـورد- مـەڵبـەندی گـشـتی و تیپی پێشـڕەوی شـانۆی کـوردی، لەسـەر (شـانۆی هونەرمـەندان) لە (١٥-٤-١٩٩٠) و ڕۆژانی دوایی، شـانـۆیی (کـۆشک) لە ئامـادەکردن و دەرهێنانـی هونەرمـەند کـامـەران ڕەئوف و وەرگێڕانی هونەرمەند (کاوە ئەحمەد میرزا) پێشکێش کرد.

ئاوڕدانـەوە و خـۆشنـوودیمان بۆ ئـەم کـۆمـەکـیـیـە هەرەوەزییـەی تیـپـە هونەرییەکانی سلێمانی مافێکی ڕەوای خۆمانە، چونکە ئەم بەرهەمە خۆی لە خـۆیدا مـایەی تێکشکاندنی ئـەو دیوارە وەهمـییـەیە کە لە دەرەوەی تیپـەکـان و جـار نـاجـاریش لە نێـو تیـپـەکـاندا ڕەچاو دەکـرا و خـۆی دەنواند. هـەربۆیە ئومێدی گەورەمان بەدواداهاتنی بەرهەمی بەپێزترو کۆمـەکیترە، تاوەکو نەک بە تەنیـا ئەو دیوارە وەهمـییە تێک بشکێنین، بگرە سـەرەتای ئەو سـەرەنجامـە ڕۆشنە مسۆگەر بکەین کە لە دوارۆژی هونەرمەندانی کورد چاوەڕوان دەکرێ.

سـەرەنجـامی لایەنە پێکهێنەرەکـانی نمایشی شـانۆیی "کـۆشک" شـیـاوی لێدوانە و بەدواداچوون و لەسـەر نووسـین هـەڵدەگرێ. بەڵام بۆ خـۆ ڕزگارکردن لە زۆر لایەنی و کاری سـەرپێیی، بە پێویستمان زانی مەبـەستی باسەکەمان دەستنیشـان بکەین تاوەکو مافی هـەڵسـەنگاندنەکە زەوت نەکەین.

"دەق" لە نمایشی شـانۆیی (کۆشک)دا دەبێتـە چەقی بازنـەی نووسـینەکـەی ئێستـامان، ئیـتر هـەر جۆرە سـەرکێشی و دەرچوونێک لەو بازنەیە، لە دەقـەوە دەست پێ دەکات و دوا جاریش دەگەڕێتەوە بۆ دەق.

### ١- ململانێ

زەمینەی خوازراو لە بەرگی یەکەمی پرۆگرامی شانۆیی (کۆشک)دا دیاری کراوە [لە کۆمەڵێ شانۆیی (ئەپسن)ەوە وەرگیراوە] ئەمەش لەلایەکەوە خولقاندنی بازنەیەکی وەهمی سەر بە ئەدەبی ئەپسن بەدەوری بەرهەمە شانۆییەکەدا دەکێشێ، لەلایەکی تریشەوە بانگەشەی پێشبینییەکی نوێکارانەی هاوچەرخمان دەداتێ، دوو پرسیاری یەک لە دوای یەکیش دەبێتە بانگەوازی ئەم دوو بۆچوونە. پرسیاری یەکەم: بۆچی شانۆییەکانی" هنریک ئەپسن"؟

پرسیاری دووەم: ئامادەکردن لە پای چیدا؟

وەڵامی یەکەم: چونکە شانۆییەکانی ئەپسن زەمینەی بنیاتنانی کۆشکەکەم پێ دەبەخشێ.

وەڵامی دووەم: کێشەکانی کۆمەڵە شانۆییەکی ئەپسن بە یەکجار لە کۆشکەکەمدا گڕ تێ بەردەدەم.

پرسیار و وەڵام "ئامادەکار" بەخشینێکی جەدەلی بەرزی مسۆگەر کردووە. کەواتە با بزانین هەنگاوەکانی دوای ئەم هەنگاوە قورس و چاونەترسەی هونەرمەند کامەران دەمانگەیەنێتە کامە لووتکە.

ململانێی شانۆیی [دوژمنی گەل = هنریک ئەپسن] کرۆکی بەیەکداچوونە شکڵییەکەی شانۆیی «کۆشک»ە، بە یارمەتی کۆمەڵێ دیالۆگ و پەرەگراف و کاراکتەر و ڕووداوی خوازراو لە شانۆییەکانی"هنریک ئەپسن" کە سەرجەم تەنیا لە خزمەتی هەڵئاوسانی کاراکتەری «هیلمر»دایە. بە تەنیا هیلمریش جەمسەری «هۆنینەوە = الحبكة» دراماییەکە بەدەوری خۆیدا ڕادەکێشێ. بەڵام تا کۆتایی ناتوانێ ببێتە پاڵەوانێکی وەک [تۆرڤاڵد هیلمر = ماڵی بووکەشووشە] یاخۆ [پیتەر ستۆکمان = دوژمنی گەل].

دیمەنی یەکەم «نورا» لە لووتکەی هەستکردن بە تەنیایی و خۆ خواردنەوەی دەروونیدا خۆیمان نیشان دەدات کە ئەمە لە هەموو بەدواداچوونێک ئومێد

براومان دەكات و ناچار دەبین تەنیا چاوەڕوانی دوا تەقینەوەی بکەین. دیمەنی دووەم هیلمر و براک تێکڕای پیلانەکانیان بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکەی هیلمر بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی و پیلانی ڕەوانەکردنی هیمۆن بۆ نەخۆشخانە و خەونی دۆزینەوەی زێڕ و بوونە ئیمپراتۆری هیلمر و دووڕوویی و بێ باری هۆفتادی ڕۆژنامەنووس و بانگەواز و ئاشکراکردنی دوکتۆر ینسن بۆ ژەهراوبوونی ئاوی بیرەکان. لە چارەکە سەعاتی یەکەمدا بینەر پێیان ئاشنا دەبێ، ئیتر تاوەکو گڕ تێبەردانی کۆشکەکە کە دوا هەناسەی نمایشەکەیە، هەر ئەم باس و خواس و ئێرە و ئەوێ بە ئەکتەر دەکات. بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە هۆکارێکی جەوهەری ببێتە هۆی گڕ تێبەردانی کۆشکەکە، لە هیمۆن کە بەبێ هیچ جۆرە بنەما و ئاماژەکردنێکی پێشوەختە «بەدرێژایی نمایشەکە» کە هەربە «خدری زنده» دەچێ لە کۆتایی نمایشەکەدا پەیدا دەبێ و بەچەند دیالۆگ و هەڕەشەیەکی نائەپسنیانە، ئەو دڵە بەهێزەی هیلمر کە پێش تەنیا ساتێک لە دەرکەوتنی هیمۆن دڵی ئیمپراتۆرێک بوو، کەوتە لەرزین و ئەو قارەمانەی کە لە سەعات و نیوێکی نمایشدا کۆشکی سەر شانۆی کردبووە دۆزەخ بۆ ئارەزووەکانی، لە بەردەم جوولانەوەیەکی نورای سۆپرماندا، ئەو قارەمانە وەک کوڵەوژێکی ڕەش داگەڕا و قرچە قرچ لە کۆشکەکەیدا بووە زوخاڵ.

ململانێ لە شانۆیی ( کۆشک)دا، تاوەکو دواتەقینەوە دەچێتە خانەی ململانێی وەستاوەوە «صراع ساکن». دیمەنی بەرلە کۆتاییش، ململانێکە دەکاتە ململانێیەکی بازنەدەرانە «صراع واثب». دڵەڕاوکەی ئەم گواستنەوەیە لە (وەستاوەوە بۆ بازدەرانە) لە بەهای هەردوو جۆرە ململانێکەی کەم کردووەتەوە. چونکە ئەگەر ململانێکە تاکۆتایی دارشتەی تەنیا یەکێک لەو جۆرانە بووایە، تا ڕادەیەک هۆنینەوە شانۆییەکە پارێزراوتر خۆی دەنواند. لێرەدا بۆیە دەڵێین «تا ڕادەیەک» چونکە ململانێی درامایی لە تێکڕای شانۆییەکانی ئەپسندا ناچێتە خانەی هیچ یەکێک لەو دوو جۆرە ململانێیەوە.

ململانێی درامایی لای هنریک ئەپسن، تێکڕا ململانێیەکی [بنیاتنەرانەیە

= مــــرهـص] بەتـایبــــەتی لـە هـەردوو شــــانۆیـی [دوژمـنی گـــەل و مــــاڵی بووکەشـووشـە]دا، بە ئاشکرا بەدیار دەکەوێت. کێشـە و ملمـلانێی شـانۆیی دوژمنی گەل کـە جـەمسـەری تەواوی کێشـەکانی شـانۆیی «کـۆشک»ی لەخۆ گـرتووە، لای ئەپسـن «بنیـاتنەرانەیـە»و لای کامـەران «وەسـتـاوە». کـۆتاییـیـە خـوازراوەکـەی مـاڵی بووکـەشـووشـەکـە» و هەڵوێسـتی نورا بۆ جـێـهـشـتنی کۆشکەکـەی هیلمر لای ئەپسن دووبارە بنیاتنەرانەیە و لای کـامـەران بووەتە بازدەرانە. لێرەدا ئامادەکـەر هەر بەتەنیا سـروشـتی ڕێچکە ئەدەبییـەکـەی ئەپسنی ون نەکردووە، بگرە تەوزیفە خۆکردەکەشی بۆ پارێزراوە.

## ٢- شێواندنی ڕێچکەی بنیاتی درامایی

ترازان و هەڵخلیسکان لە ملمـلانێ بنیـاتنەرانەی ئەپسـنی و بەمل یەکدا کەوتنی دوو جۆر ململانێی لێکتر جیاواز...

خـۆشکردنی ڕێچکەیەکی لەبارە بۆ شـێـواندنی بنیـاتی درامـایی. چونکە «ملمـلانێ» و «چۆنیـەتی شـوێنکەوتنەکـەی» بنەمـاکـانی جـەسـتـەی دەق پێک دەهێنێ و هـۆنینەوەی شـانۆییش ئەو دەزوولە وردانەیە کە ژیان دەبەخشێتە سەرتاپای جەستەی دەق و بەزیندوویی دەیگەیەنێتە ساتەکانی نمایش.

یەکـەمین تیـشک و یەکـەمین دیالۆگ، نورا گـەیشـتـووەتە تـەنگوچەڵەمـەی درامـایی «الأزمـة». ئەمـەش بێـبـەریکردنی کـاراکـتـەرێکی سـەرەکی دەقـە شانۆییەکەیە لە تەنگوچەڵەمە گشتییەکەی دەق، هەر بۆیە لە ساتەکانی بەر لە هـاتنی هیـمــــۆن و دوای هـاتنەکـــەی، کـــە دەقـــەکـــە بە هـەردوو قـــۆناغی «تەنگوچـەڵەمـــەی درامـــایی» و «ترۆپک = الذروة»دا تێ دەپـەڕێ .. نورا هـەر بەدەرگـەوانێک یاخـۆ کـارەکـەرێک دەچێ کـە هیچ پێـوەندییـەکی جـەوهـەری بەململانێ گشتییەکەوە نەیبەستێتەوە.

[پێشـبـینیکردن = التنبؤ والتلمیح] کە پێویسـتـە دوای [ڕووداوی بڵندڕۆ = الحدث الصاعد] و [دۆزینـەوەکان = الأکتشافات] بووایە کەچی بەپێچەوانەوە لە چەند چرکەی یەکەمدا، بەهۆی چەند تارماییەکی میکانیکییـەوە، ڕووکاری

نهێنییە ترسناکەکانی ئەودیو کۆشکەکە و ناو کۆشکەکەمان بۆ دەخەنە ڕوو. [دروستکردنی تامەزرۆیی = التشویق] لە دیمەنی ئاهەنگی نهێنی پۆشدا، چووەتە بەر لووتی «ترۆپکی دراماییی» کە ئەمە لە بایەخی تەنگوچەڵەمەی دراماییی کەم کردووەتەوە .[چارەسەر و کۆتایی= الحل] کە دوا چارەسەر و بەلادا کەوتنی کێشەکانە.. نەیتوانی ببێتە کۆتاییەکی مەنتیقی دەقی شانۆیی کۆشک، چونکە هیچ جۆرە ئاماژە و بنیاتنانێک بۆ ئەو کۆتاییە چاوەڕوان نەکراوە لە سەرجەمی دەق و نمایشی شانۆیی دە «کۆشک» نەکراو نەبوو. هەر بۆیە دەقی کۆشک لە قۆناغی [ڕووداوی نزمڕۆ = الحدث الهابط]دا بە جێ دەهێڵین و تێکڕا چاوەڕوانی کۆتاییەکی نوێ دەکەین کە ئەو تەرازووە لاسەنگە ڕاست بکاتەوە کە لە نووکە پێوە تاوەکو تەوقە سەر ئاودامانی دەقەکەی داپۆشیوە. هیلمر شان بە شانی خەونەکانی، ئارەزووەکانی، دەست و پێوەندەکانی دەڕوا و دەفڕێ و بەرز دەبێتەوە.. هیمۆن بۆ نەخۆشخانەی دەروونی و نورا دەکاتە کۆیلەیەکی گوێڕایەڵی ئارەزووەکانی، بەتەنیا ئیشارەتێک دوکتۆر ینسن ڕووە و نەمامێکی یەکجارەکی ناوبانگ بڕاو.. ئەمانە هەموو ئەو دیوارە داڕووخاو و ڕزیوانەن کە بە درێژایی نمایشەکە ڕووبەڕووی هیلمر دەبنەوە. کەچی بە تەنیا گەڕانەوەیەکی «هیمون»ی تەنیا باڵ و تێکشکێنراو و قۆڵ هەڵکردنێکی نورای سۆپرمان، هێلمر و کۆشک و دەست و پێوەندەکانی بوونە زووخاڵی ئەو گڕە غەیبییەی لە تەخت و بەختی شانۆکە بەربوو؟! لێرەدا دەڵێین نەخێر.. ئەو ئاگرە ئاوێکی بەڕەحمەت بوو کرا بەسەر ئەو قیامەت و دۆزەخەی لە ناخی هیلمردا بەدرێژایی نمایشەکە بەرز و بەرزتر دەبووەوە.

### ٣ – بەیەکدا ترنجاندنی کاراکتەر

لەبەرئەوەی ململانێی دراماییی لە ئاستێکدا ناوەستێت و بەردەوام لە گۆڕان و بەرزبوونەوەدایە، دەبێت کاراکتەریش پێ بەپێی ئەو گۆڕان و جووڵەیە هەنگاوی خۆیان بنێن و بەرەوژوور و خوار شوێن دیمەن و قۆناغ و ململانێ و

پەیژە دراماتیکییەکە بکەون.

گەلێک جاریش ئەم شوێنکەوتنەی کاراکتەر بە پێی ئەو گۆڕانە پلە پلە درامایییە، دەچێتە خزمەتی کردار و گرێ سەرەکییەکەی دەقی شانۆییەوە و ئەوەندەی تر ململانێکە بەهێز و چڕ دەکات.

ئەم جووڵە و شوێنکەوتنەی کاراکتەر، ئەو ناسنامە فەرمییەیە کە نووسەر دەیبەخشێتە کاراکتەر تاوەکو بەتەواوی سەربەستییەوە بەناو شانۆکەی و بەنێو دەقەکەیدا بێن و بچن.

ئەپسنی نەرویجی یەکێکە لەو نووسەرە بالایانەی کە ئەم ناسنامەیەی بۆ تێکڕای کاراکتەرە شانۆییەکانی مسۆگەر کردبێ و زۆر کەمیش نووسەرانی هاوشانی ئەپسن لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو هۆکارە هاودژانەی کە گیانی نورا یاخی دەکەن لە شانۆی (ماڵی بووکەشووشەدا) تاوەکو ڕووبەڕووی هیلمری مێردی بووەستێتەوە و دەرگەی ماڵەکەی بدا بەیەکدا و جێی بهێڵێ. کامەیە ئەو هۆکارانەی لە دەقی (کۆشک)دا تاوەکو «نورا» هۆشیار بکاتەوە و ئەو گیانە یاخییەی تێدا دروست بکات، کە لە چارەسەر و کۆتایی «کۆشک»دا بەرچاومان کەوت. هەر بۆیە بڕوابوون بە نورایەکی بێزار و گرینۆک کە هەر بە لاشەیەکی بێ گیان دەچوو لە کۆشکەکەیدا، کارێکی گەلێک زەحمەت و نەشیاوە.

دوکتۆر ینسن لە نێوان دوکتۆر«ستۆکمان» و «دوکتۆر ڕانک» دوکتۆرەکەی کامەراندا جوانەمەرگ بوو. چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە پێویست بوو جەمسەرێکی بە هێز و نەبەزیوی کێشەکە بووایە. کەچی هەر بە تەنیا هەڕەشە و ئیشارەتێکی هیلمر خۆی و لاشە و حەقیقەتەکانی بوونە خۆڵەمێش. ئەمە لە کاتێکدا دوکتۆر ینسن تەنیا دژە هێزێکی بەرانبەری هیلمر بوو، ئەم بوونە خۆڵەمێشەی دوکتۆریش دەرفەتێکی ماقووڵ بوو بۆ تەڕاتێنەکەی هیلمر کە بە درێژایی سەعات و نیوێکی نمایش ڕمبازی بە ئارەزووی ویستەکانی بکات.

گەڕانەوەی هیمۆن تەنیا دیوارێکی وەهمی بوو بۆ بەربەستکردنی

تەڕاتێنەکەی هیلمر. لەبەرئەوە ناتوانین هیمۆن بکەینە جەمسەرێکی هاودژ لە ململانێ گشتییەکەدا.

(براک –هوڤستاد– کریستین) هیچ یەکێک لەم کاراکتەرانە، نەیانتوانی ببنە هۆکاری گەشەکردنی ململانێکە. چونکە هیچ خەون و پلانێکی نوێیان لە دڵ و مێشکی هیلمری تەنیا باڵدا نەچاند، بەڵکو تەنیا کۆیلەیەکی گوێڕایەڵی جێبەجێکردنی خەونەکانی هیلمرییان پێ سپێردرابوو.

هۆکاری ونبوونی بەهای درامایی کاراکتەرەکان ئەو بەیەکدا ترنجاندنە بوو کە «ئامادەکار» بەسەریاندا فەرزی کردبوو.

«دوکتۆر» لە نێوانی هەرسێ دوکتۆرەکەدا، نورە لە نێوەندی کێشەکانی شانۆیی «دوژمنی گەل» و بەیەکدادانی دەرگەی ماڵە شووشەییەکەی «ماڵی بووکەشووشەکە»دا و هیلمر لە نێوان کاراکتەری «پیتەر ستۆکمان» و «تۆرڤاڵدهیلمر»دا و.... هتد.

ئاکامی ئەم لایەنە خوازراوانەش، ئەو ترنجاندن و بەمل یەکدا کەوتنەی هێناوەتە دی کە بووەتە هۆکاری زەوتکردنی ناسنامەی گشت کاراکتەرەکان.

## ٤– خۆ حەشاردان لە ژێر سایەی سەرەنجامێکی خوازراودا

* چاوپۆشینی هیلمر و دار و دەستەکەی لە ژەهراویبوونی ئاوی بیرەکان، لە کاتێکدا کە نزیکەی دوو هەزار کرێکار بەهۆیەوە بەرەو لەناوچوون و مردنێکی حەتمی دەچن. دەشێ ئەم هۆکارە بەهۆی پاڵەوانێکی نموونەیی وەک «دوکتۆر ینسن»ەوە جووڵانەوەیەکی جەماوەری کرێکارانە بەرپا ببێ و ببێتە هۆکارێکی ماقووڵی گڕ تێبەردانی کۆشکەکەی هیلمر.

* پیلانی هیلمر بۆ بێ بەریکردنی «هیمۆن»ی برای لە میراتییەکەی و ڕەوانەکردنی بۆ نەخۆشخانەی دەروونی، ئەمەیش کڵپە و گڕێکی شاراوەی بەهێزە تاوەکو دوای دەرچوون و گەڕانەوەی هیمۆن لە نەخۆشخانە و ئاشکراکردنی پیلانەکانی هیلمر ببێتە هۆکارێکی حازربەدەستی داڕووخانی کۆشکەکەی هیلمر.

تێوەگلانی نورا لە ململانی گشتییەوە و خۆشەویستییەکی «تورڤاڵدیانە»ی هیلمر بۆ نورا وماڵەکەی (هەروەک شانۆیی ماڵی بووکە شووشەکە) دەگونجا بە تەنیا جێهێشتن و ڕەفزکردنی نورا ببوایە مەشخەڵێکی کڵپەدار لە دەستی هیلمردا تاوەکو دوای والاکردن و دەنگی دەرگەکە هیلمر بەدەستی خۆی گڕ لە کۆشکەکەی بەربدات.

* بڕینی یارمەتی هیلمر بۆ بەخشینی «هێرۆین» بە «کریستینی ئیدمان بەهێرۆین» لە کاتێکدا کە هیلمر خۆی بازرگانێکی بالادەستی کڕین و فرۆشتنی هێرۆینە و ماڵەکەی بەسەر ئەو جۆرە قەدەغەکراوە نائەپسنیانەدا دەڕووخێ. ئەمەش تا ڕادەیەک دەتوانرا لە جیاتی ئەو گوڵانەی «کریستین» دەیبەخشینەوە و داوای لە میوانانی« نهێنیپۆش» دەکرد تا گوڵەکانیان ببەخشنە هیلمر، ببێتە تۆپەڵی گڕی شێتانە و ماڵەکەی هیلمر گڕ تێ بەردات. ئەمانە و گەلێک دەزووڵە هۆکاری تری گرینگ دەیانتوانی ئەو قیامەتە بخوڵقێنن کە لە کۆتایی شانۆیی «کۆشک»دا قەوما و تا ڕادەیەکیش ماقووڵیەتی بەلادا کەوتنی ململانێ و هۆنینەوە دراماییەکە بپارێزن.

نورایەکی بێزار و ترسنۆک کە بەدرێژایی نمایشەکە لە کڕووزانەوە و دڵنەواییکردن و تەماشاکردنی ڕووداو زیاتر هیچی ترمان لێ نەدی، کامە هێما و ئیشارەت نورای کردە پاڵەوانێکی نموونەیی؟! تاوەکو قۆڵی هەڵبکات و بە چەند دەست ڕاوەشاندنێک، حەشاماتی ناو کۆشک کەلەپاچە بکات و دەرگە پۆلاینییەکانی کۆشک والا بکات و وە دەربکەوێ. لێرەدا بە قەناعەتەوە دەڵێین: نورا نەیتوانی ببێتە پاڵەوانێکی «نموونەیی» بگرە بووە پاڵەوانێکی «سۆپرمانی».

نورا لای ئەپسن ئینسانە و گەشە دەکات و خەم دەخوا و بێزار دەبێ و گەورە دەبێ، بەلام لای کامەران کلاوی غەیبی دەنێتە سەری، بەبێ هیچ جۆرە سەرەتا و گەشەکردنێک لە چاو تروکاندنێکدا دەبێتە سۆپرمان و داخی دڵی هەر هەموو لایەکمان دەکاتە تۆفانێک و کۆشکەکەی هیلمری پێ ڕادەماڵێ. لەبەرئەوە دەڵێین: ئەم کۆتاییە، کۆتاییەکی خوازراوی ئەپسنیە لە ژێر

کۆنترۆڵی کڵاوە غەیبییەکەی کامەراندا.

چونکە کامەران نەیتوانیوە دەستبەرداری نارنجۆکی دەنگی ئەو دەرگەیە بێت کە ئەپسن بەنورای ئینسانی بەخشی، لە هەمان کاتیشدا نەیتوانی پارێزگاری بەخشینەکەی ئەپسنی نەرویجی بکات.

* ئەم لاکردنەوە ڕەخنەیییە بووە لاکردنەوەیەکی هێمایی و پڕ لە ئیشارەت، چونکە دەمکردنەوە سەبارەت بە ئەدەبی ئەپسن گەلێک لەمە زیاتر هەڵدەگرێت.

* ڕێزگرتن لە ڕەنجی ئەو حەشاماتەی هونەرمەندانی سلێمانی کە بۆ بنیاتنانی ئەم کۆشکە شەونخوونییان کرد، بووە هۆی ئەم بێدەنگ نەبوون و لاکردنەوەیە. هەربۆیە خۆ گێل نەکردن و چاو نەپۆشینم لەو حەقیقەتانەی هەستم پێ کردوون. ئەویش هەر لە دڵسۆزی و وەفاداریمەوەیە.

* لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی بۆ هەموو ئەوانەی کە دوو بەردیان لەم کۆشکەدا خستە سەریەک.

"ئەم وتارە ڕەخنەییە لە ڕۆژنامەی (عێراق) ڕۆژی چوارشەمە لە (٢٣/٥/١٩٩٠)بڵاو کراوەتەوە."

## سێ دیدار لە خزمەت «ئەوەڵ سەحەرە»دا

لە٢٠/ ٧ /١٩٩٠وە بینەرانی سلێمانی ئەو وێنە و دەنگ و ڕەنگ و ئاوازەیان ئازاد کرد کە (تیپی شانۆی ئەزموونگەریی کوردی) لە هۆڵی "هونەرمەندانی سلێمانی" سازیان کردبوو. دەست و پەنجەی ڕەنگینی (شەماڵ عومەر)ی دەرهێنەر و ئامادەکاری شانۆیی «ئەوەڵ سەحەرە» بە یارمەتی هەشت ئەکتەر و سوپایەک لە کارگێڕانی هونەری، ختوورەی «داهێنان و نوێخوازی» بەگیانمانا هێنا.

***

«ئەوەڵ سەحەرە» لەبەر ڕۆشنایی سێ دیداری یەک بەدوای یەکدا.

**دیداری یەکەم:**

کات شەش و نیوی ئێوارە بە هەڵپە و لێشاو، لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی زۆردا خۆمان ترنجاندە ناو هۆڵە گەورە ڕازاوەکەی هونەرمەندانەوە. تەپڵ و دەف و موزیکێکی کوردانەی بەسۆز، هەنگاوەکانی خاو کردینەوە و بە بێدەنگی و بێ چاوگێڕان بۆ ژمارەی سەر بلیت و کورسی، هەرکەسە لە جێگەیەک بۆ خۆی دانیشت.

ورتەورت و لۆغان ئێجگار کەم بوو، دیکۆرێکی سازکراوی ئێجگار گەورە و بڵاو لە سپیدار و تەختە و پەت و قوماش کە چەند ئەکتەرێک بەرز و نزم و ئێرە و ئەوێ بەسەریا دابەش بووبوون. ئەفسوونی بڵاوی و فراوانی دیکۆرە زەبەلاحە لە بەرچاو ناسکەکە، گەرمی و تینوێتی ڕۆژانی گەرمی گەلاوێژی بیر بردینەوە. لە قووڵاییی سەرسامی و دڵەڕاوکەی ئەو دیکۆرە زەبەلاحەدا، یەکێک لە چاودێرانی هۆڵ، هەریەکە و چەند پرۆگرامێکی بەسەردا دابەش کردین،

هەر بە پەلە و بێ ڕاوەستان، پەڕەی دووەمی پرۆگرامەکەم هەڵدایەوە و کەوتمە ژماردنی ئەکتەرەکانی. هەشت ئەکتەر لە قوڕگی ئەو پانتایی و فەزانە هەنگییەدا، حوکمی چاوێکی مایکرۆسکۆبی نەبێ، ڕەنجی ئێمە و ئەو هەشت ئەکتەرەیش بەربادە.

چۆن پۆلێ کۆتر بەسەر لق و پەلی دارێکی گەورەوە دەنیشنەوە، دەبینرێن و نابینرێن، ئەئاوا ئەو هەشت ئەکتەرە بەسەر پەل و ڕێڕەوی ئەو دیکۆرەوە دیاربوون.

لە دڵی خۆما وتم: ئێمە بەم ڕۆژی ڕووناکە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەم هەموو گڵۆپەدا ئەو ئەکتەرانەمان وەک پۆلێ کۆتر دێتە پێش چاو، ئەبێ لەو شەوەزەنگ و تاریکستانەی نمایشدا چۆنیان بەدی بکەین و جیاجیان بکەینەوە؟ لە نێو دڵەڕاوکەی ئەو دیکۆر و هەشت ئەکتەرەدا، بەرەودوا ڕووناکی هۆڵ لە چەند ساتێکی کەمدا نەما و چۆنمان وت وا دەرچوو. هۆڵ یەک پارچە بووە تاریکستان، بەزیادکردنی دەنگی مۆسیقایەکی بەسۆز، بەچەند چرکەیەکی کەم و لەسەرخۆ، کردینیە ئەودیو کەشێکی کوردانەی خۆماڵییەوە.

ئەوا گیانمان لەگەڵ دەنگی ئەو ئاوازەدا، ڕووەو مەولانا و خانەقا و سێوە و ئەسغەر و... هتد دەڕوا و چاویشمان ڕووەو ئەو تاریکستانە داپچڕیوە، تامەزرۆی تروسکاییەکین ئەو تاریکستانە برەوێنێتەوە. پاش چەند چرکەیەک ڕەوی بەرەو تاریکستان کوونی تێ بوو، لە قووڵاییەکی ئێجگار دوور و بەرزدا، بەرەو قووڵایی شانۆ چووین، پاشان چەند پارچە ڕەنگێکی پێکەوە گونجاو لێرە و لەوێ بەسەر شان و ملی ئەکتەرەکاندا پەخش دەبوون و دەکوژانەوە، دابەشبوون و ئاڵوگۆڕکردنی ڕەنگ و ڕووناکی زیاتر تامەزرۆی بینینیان دەکردین.

هەر لە نێو ئەو چەند پارچە تیشکە یەک بەدوای یەکەدا، ئەکتەرەکان بە چەند دیالۆگ و جووڵانەوەیەکی لە یەکچوو کە تێکڕا وێنەی جۆراوجۆری شانۆییان دەخوڵقاند، بەردەوامییەکی بەهێزتری بەخشییە یەکەم سەرەتا. ئێمەش بەبێ ویستی خۆمان، بەشوێن ئەو وێنە و دەنگ و سەمایانەدا

بەگورجی لەم دیمەنەوە بۆ ئەو دیمەن بازمان دەدا.

ئەکتەر و دیکۆر و ڕووناکی و مۆسیقا، بەبێ هیچ جۆرە خێرایی و بەیەکدادانێک، نمایشەکەیان گەیاندە لووتکەی کۆتایی.

حاڵەت و جووڵانەوەی کتوپڕی، هەندێک جار بینەرانی دەگەیاندە حاڵەتی سەرسوڕمان، یان بابڵێین سیحری شانۆیی چەند جارێک بەئاشکرا هەستی پێ دەکرا. مۆسیقا و کۆراڵ و دیالۆگ و کەرەسە و حاڵەت و جووڵانەوەی خوازراو، زۆر زیرەکانە تەوزیف کرابوو کە نەک هەستمان بە قووتکردنەوەیەکی خوازراوانە نەکرد، بەڵکو ئەو گۆشە خوازراوانە بووبوونە پێویستییەکی زۆر حەتمی لە سیمای گشتی نمایشەکەدا. سەلیقەی دەرهێنەر لە تەوزیفی ئەو کەرەسە و حاڵەتانەدا، هەر بەڕاستی سەلیقەیەکی داهێنەرانە بوو.

ئەکتەرەکان زۆر ڕاستگۆیانە و هونەرییانە، حاڵەت و دیمەنەکانیان بەجێ دەگەیاند. «نیگار حەسیب قەرەداخی» کە کاراکتەرێکی سەرەکی نمایشەکە بوو، هەر زۆر زۆر سەرسامی کردین بەپێی ئەو ساتە کورتانەی کە دەرهێنەر بۆی دیاری کردبوو. گونجان و بازدان و بەدواداچوونێکی زۆر زیرەکانەی تێدا هەبوو. ئەمە جگە لەوەی بەدرێژایی نمایشەکە، گوڕ و تاوی لەگەڵ هەموو جووڵە و ئەدا هەمەچەشنەدا خاو نەبووەوە کە هەردوو ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەی کاراکتەرەکەی پێ دەبەخشێت. ئەکتەرەکانی تریش بەهەمان شێوە لە جێبەجێکردنی جووڵە و ئەدا و ئیستاتیکای گشتی شانۆییدا زۆر کارامە و چالاک بوون.

چل دەقیقەی خشت، نمایش گەیشتە لووتکەی کۆتایی. چل دەقیقە هەروەکو لە حاڵەتی زیندەخەودا بین، کۆمەڵە خەونێکی خۆشمان بینی. نمایش چێژێکی بێ پایانی بە هەست و نەستمان بەخشی، ڕووناکییەکی زەق و سەرتاپاگیر کە لە یەکەمین چرکەوە لە ناو هۆڵ و سەر تەختەی شانۆ پێی ئاشنا نەبووین، خەونی چاوانمانی ڕەواندەوە. بەئاگا هاتینەوە، بەهەمان سەرسامی و خەواڵووییەوە چەپڵەی گەرمی خۆشەویستیمان کوتا. زۆر شەکەت و ماندوو، بەچاوی تێر و گوێچکەی بەتاڵەوە هۆڵەکەم جێ هێشت. چونکە توانیم زۆر

شت ببینم، بەڵام نەمتوانی لە هیچ تێ بگەم. پرسیارێکی درێو بەزۆرەکاری جارێکی تر بەپەل ڕاکێشان بردمییەوە خزمەت "ئەوەڵ سەحەرە".

بۆ ئەبینم و هیچ تێ ناگەم؟!

**دیداری دووەم:**

بەسەما و وێردی ئەو میوزیکە بەسۆزەوە بۆ جاری دووەم چوومە ناو هەمان هۆڵ، یەکراست ڕووەو چاودێرێکی هۆڵ چووم و بەگوێیدا چرپاندم: دەمەوێ زۆر لە تەختەی شانۆکەوە نزیک بم، «ماڵی ئاوابێ» لە ناوەڕاستی ڕیزی هەرە پێشەوە جێگەیەکی بۆ دیاری کردم. تێکڕای ساتەکانی بەر لە نمایش زۆر بە تامەزرۆییەوە لە دیکۆرەکەم دەڕوانی. (دیکۆر) هێندە بڵاو و ڕازاوە ئەو پانتاییە گەورەیەی تەختەی شانۆی داگیر کردبوو کە نەدەتوانرا بەجار و دوو جار و ساتێک و دووان، تامەزرۆی بینین بشکێنی.

نمایش دەستی پێ کرد، منیش گوێکانم هەڵخستبوو، تاوەک ئەمجارەیان دەست بەتاڵ نەگەڕێمەوە و شتیک حاڵی ببم.

وێنەکان دەهاتن و دڕۆیشتن و دیالۆگەکان خۆیان بەنێو وێنەکاندا دەکرد، بەبێ ویستی خۆم سەری دیالۆگەکانم لە دەست دەترازا و جارێک و دە جاری تر خۆم گورج دەکردەوە و بەدوای نێچیری بیرۆکە و دیالۆگدا عەوداڵ بووم. بەڵام ڕەنجم ڕەنجی فەرهاد. نمایش گەیشتە لووتکە و چەپڵەی گەرمی بینەران، جارێکی تر پەنا ڕاویان ئاشکرا کردم و ناچار بۆ جاری دووەم هۆڵەکەم جێ هێشت. بەڵام نزیکیم لە تەختەی شانۆوە ڕاستییەکی گرینگ و نوێی لا ئاشکرا کردم، جیاوازی لە نێوان ئەدا و دەموچاوی ئەکتەرەکاندا، توانای نواندن و ئەکتەری لە پێش چاوم ڕەواندەوە. ئەمجارەیان هەستم کرد هەموو نمایش دوو شێوە نواندن بوو، حەوت ئەکتەر بەیەک ئەدا و جووڵانەوە و پلەی دەنگی، "نیگاریش" بەنواندنێکی سەربەخۆ، بەڵام دووبارە کۆمەڵە پێوەندییەکی لە یەکچوو جارێکی تر «نیگار»ی لەگەڵ حەوت ئەکتەرەکەدا کۆ دەکردەوە و دەیکردە یەک، ئەمەش لە ژێر کارتێکەری حەز و مەبەستی دەرهێنەردا.

ڕاکە ڕاکەی ڕووناکی لێرە و لەوێ بەشێوەیەکی کز و خامۆش، بینینی بەشەکانی دەموچاوی ئەکتەری گەلێک زەحمەت کردبوو، هەر بۆیە هەستکردن بەوشک و فلاتی دەموچاوی ئەکتەر لە ژێر ئەو دەمامکە تاریک و قووڵەدا کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەدایەکی میکانیکی شانۆی کلاسیکییان بەسەردا سەپێنرابوو، لە قەڵەوکردن و قەبەکردن و بەش بەشکردنی دیالۆگدا، ئامێر ئاسا ئەگریان و پێ دەکەنین و گفتوگۆیان دەکرد.

سەرباری ئەمەیش جۆر و سیمای دیالۆگەکان، هۆکارێکی تری گرینگی ئەم جۆرە نواندنە هەڵئاوساوە بوو، چونکە بەشێوەیەکی گشتی دیالۆگ، دیالۆگی سەربەخۆی کاراکتەر نەبوو بگرە چامەیەکی شیعری یەک دەنگی بوو کە کۆمەڵە کاراکتەرێک بەیەک جۆر و شێوە بەشەکانی چامەکەیان دەخوێندەوە، واتە هەشت قورگ و یەک جۆرە شێوەی ئەدا. هەر بۆیە ئەکتەرەکان بەدەنگ دەگریان و پێ دەکەنین و دەکڕووزانەوە و شیعریان دەخوێندەوە و، بەڵام بە دەموچاو جێگیر و یەکڕەنگ و هاوشێوە بوون، ئەمەیش ئەوە ئاشکرا دەکات کە سەرجەم چوونەتە ژێر کارتێکەری تاکەکەسی دەرهێنەر و ئامادەکەرەوە. ڕاستی ئەم سەرنجە بۆ نواندن لە "ئەوەڵ سەحەرە"دا، یەکڕاست گرێی ئەو پرسیارە نەفرەتییەی دیداری یەکەمی بۆ کردمەوە. (بۆچی ناتوانم تێ بگەم؟) چونکە لەم شانۆگەرییەدا «کاراکتەر» نییە، واتە خسوسیاتی بنیاتی کاراکتەر ونە. مامەڵە لەگەڵ کاراکتەردا وەک مامەڵە لەگەڵ دیکۆر و ڕووناکی و میوزیکدا وایە. نەبوونی کاراکتەریش نەبوونی نواندنە، نەبوونی کاراکتەر و نواندنیش، نەبوونی نامەی شانۆییە. هەربۆیە لە سیحری ئەدای میکانیکدا، بیرۆکە و مەبەستی دیالۆگ سەرگەردان بووە، تەنانەت کاریگەرییەکانی دەنگ و ئیمائەی دەموچاوی ئەکتەر، کوشتەی دەستی هێڵەکانی دەرهێنانە، ڕووناکی و دیکۆر و موزیک و دەرهێنان و نواندن و فەلسەفەی نمایش لە خزمەت ئیستاتیکای گشتی نمایشدایە، ئیستیکایەکی کاتی کە تەنیا بەچاو ڕاو دەکرێ .

**دیداری سێیەم:**

«لەم دیدارەدا ئەوەڵ سەحەرە چۆن دەبینم»

شانۆییەکی «مۆنۆدرامی» ئافرەتێک بەسەرهات و سەرگوزەشتەی خۆی دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەی کردار و ڕووداوێکی ڕابردووی بەسەرچوو بە زمانێکی شیعری لە قاڵبدراوی کۆمەڵێ جەمسەری فیکری لێکتر ڕژاو کە سەرجەم لە خزمەتی شکڵی شانۆدا (نەک فەلسەفەی شانۆ) کار دەکەن.

ئەم ئافرەتە هەندێک جار نەک لە لایەنەکانی کاراکتەر (أبعاد الشخصية) بەڵکو لە بوونی خۆیشی دەچێتە دەرەوە، خۆی دەبێتە سلایدی خۆی، خۆی نواندنی خۆی دەکاتەوە و پێوەستی نمایشێکی شکڵییە، نازانین ئەم ئافرەتە ئەو هەموو شین و گریان و سەما و هەرایەی بۆ کێیە؟ شێوازی جۆری نمایشەکە دیار نییە. واتە نازانین ئەم ئافرەتە ڕووەو کێ ڕاوەستاوە؟ خۆی یان بینەر یاخۆ تەختەی شانۆ؟ «کردار» بەدرێژایی نمایش خەسڵەتی ڕابردوو لەخۆ دەگرێ. (بەرچاوم ڕەش داگیرا.. هیوام لەبەر برا.. ڕۆیشتم.. بردم.. کردم.. وابوو.. واچوو) حەوت ئەکتەر بەتێکڕای تەکنیکی شانۆییەوە، تەنیا فلاشباکی ئەو گێڕانەوە بەسەرچووە بوو.

هەروەکو ئاشکرایە ڕووداوی شانۆیی ئەگەر ڕووداوی «ئێستا» نەبێت، واتە «ڕابردوو یان داهاتوو» بێت، زۆر پێویستی بەجووڵانەوەی گواستراو «الأنتقالي» ئەدای تەعبیری نییە کەچی بە پێچەوانەوە، ڕووداو لە نمایشی «ئەوەڵ سەحەر»دا سەرتاپا ڕووداوی «داهاتوو و ڕابردوو» بوو، بەڵام تێکڕا لەسەر بنەماکانی ڕووداو و کرداری «ئێستا» تەوزیف کرابوو.

سەلیقەی نیگار و هاوڕێکانی لە جێبەجێکردنی جووڵاندنەوە جەستەییەکاندا، تا ڕادەیەکی زۆر ئەم کەلێنەی تەسک و نابینا کردبوو، موزیک و ڕووناکی بەزمانێکی زیندووی زۆر هونەری بۆشایی دەقی پڕ کردبووەوە.

مامەڵەکردن لەگەڵ (بێدەنگی – الصمت)دا هەر بەڕاستی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ داهێناندا، هەستمان دەکرد «بێدەنگی» دەدوا، دەجووڵا، تینوێتیمان

پێی دەشکا، «ئەوەڵ سەحەرە» بەهایەکی گەورەی بەخشییە «بێدەنگی». بێدەنگی و ڕەنگ و وێرد و جووڵانەوەی داڕێژراوی ڕێکوپێک، کەشێکی سۆفییانەی سەرنجڕاکێشیان ساز کرد، هەربۆیە بەدرێژایی نمایش چاومان چووە خەو، هەر ئەم کەشە دەمامکییە لە زۆر کەلێنی دەق و پشتی دەق چەواشەی کردین. سێیەم دیدارم بینی، هەستی تامەزرۆیی بینین لام کەم نەکردەوە، هەربۆیە ئەگەر بوار هەبوایە دەیەم دیداریش لە خزمەت ئەم نمایشەدا، ڕاوبۆچوونەکانی جار لەگەڵ جاردا دەگۆڕێ. «ئەوەڵ سەحەرە» زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێ، چونکە بێ دوودڵی لە ریزی یەکێک لە شانۆییە هەرە سەرکەوتووەکانی وەرزی شانۆییمان دەژمێردرێ.

### سەرەنجامی سێ دیدار

١- شانۆی بینین «المسرح البصري» بەدرێژایی چل دەقیقەی خشت، پڕاوپڕی نمایشی بەسەرکەوتوویی گەیاندە لووتکە.

٢- شانۆی بیستن «المسرح السمعي» بەدرێژایی چل دەقیقەی خشت، تەنیا پارچەیەکی شانۆی بینین بوو.

٣- «دەرهێنەر» لە جێبەجێکردنی ئیستاتیکای نمایشدا، هێڵە دەرهێنانییەکەی زۆر هونەرییانە بە ئەنجام گەیاندبوو.

٤- «نواندن» تەنیا هۆکارێکی ئاشکراکەری هێڵەکانی دەرهێنان بوو، واتە «دەرهێنان» دوا هەناسە و دوا تروسکاییی نواندن و کاراکتەری لە خزمەت خۆیدا زەوت کردبوو.

٥- لەگەڵ پەنهانی و ناڕاستەوخۆیی فیکر و فەلسەفەی شانۆییدا، دەتوانرا زۆر بەتامەزرۆییەوە لەگەڵ گەشتی ئەوەڵ سەحەرەدا تاوەکو لووتکەی نمایش چاو نەترووکێنین.

٦- زیرەکییەکی زانستییانە لە تەوزیفی کەرەسە و حاڵەتەکاندا، کەشێکی شانۆییانەی تێر و پڕی خوڵقاندبوو.

٧- خسوسیاتی دەق ون و لاواز بوو، چونکە بووبووە تەنیا بەشێک لە ئیستاتیکای نمایش.

٨- دروستکردن و چارەسەرکردنی پانتایی و فەزای شانۆیی بەشێوەیەکی هونەری و زانستی، بەهایەکی نوێکارانەی بە ساتەکانی نمایش بەخشی.

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

سەرەنجامی دوای بینینی سێ دیدار و چەندین دانیشتن و گفتوگۆی تایبەت لەگەڵ دەرهێنەر و گرۆی نمایشی (ئەوەڵ سەحەرە) نەمتوانی ئەو نهێنییە ئاشکراکەم و وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە لام دروست بووبوو. پرسیاری (بۆچی ناتوانم لەم دەقە تێ بگەم ؟) ڕاستیان گوتووە «ملوانکەی ماڵئاوسێ مەگەر بە شەو بکرێتە مل» ئەوەبوو پاش چەند ساڵێک، یەکێک لە ڕۆمانەکانی نووسەری گەورە "یەشار کەمال" گرێی ئەو نهێنییەی بۆ کردمەوە. لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەدا کە بەداخەوە ئێستا بەهۆی ژیانی تاراوگەییەوە دەقی ڕۆمانەکە لە بەردەستمدا نییە تا لاپەڕەکانی دەستنیشان بکەم. تەواوی ئەو دەقەم دۆزییەوە کە دەرهێنەر و ئامادەکاری نمایشەکە، دوور و نزیک هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکردبوو. بێگومان جیاکردنەوە و دەرهێنانی چەند لاپەڕەیەک لە ناوەڕاستی ڕۆمانێکدا بەبێ هیچ سەرەتا و کۆتاییەک، ئاڵۆزی ئەو تێگەیشتنە دروست دەکات کە بەئەمانەتێکی ڕەخنەسازییەوە لە کاتی خۆیدا ئاماژەم پێ کردبوو.

بەهۆی دووری هاوڕێی ئازیز «شەماڵ عومەر»ەوە کە لە دەرەوەی کوردستان بوو، نهێنی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو دەقە هەروەک خۆی مایەوە. تاوەکو لە مێزگەردێکی کۆواری «ڕامان» بەدوور و درێژی باسم لێوە کرد. ئێستاش لەگەڵ چاپکردنەوەی ئەم بابەتەدا، لەلایەکەوە بەقەڵەمی پاکی خۆم خۆشنوودم کە نەکەوتمە ژێر کارتێکەری ئەو چەواشەکارییەوە کە گوایە لە شیعرێکی شاعیری گەورە «حەسیب قەرەداخی» وەرگیراوە و بەهیچ جۆرێک ئاماژەم بەوە نەکرد لە کاتی خۆیدا، لەلایەکی تریشەوە بە پێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە وەک ئەمانەتێک بۆ بیلۆگرافیای شانۆی کوردی تۆمار بکەم.

# گۆرانییەک لە باوەشی تاریکیدا

لە ڕێورەسمێکی جوان و شکۆداردا، سەرلەبەیانی ١٩٩٨/٣/٢٧سەرەتای ئەو ڤیستیڤاڵە قەشەنگە دەستی پێ کرد کە وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر-ی بەڕێز، بەبۆنەی (٢٧ی ئازار) ڕۆژی شانۆی جیهانییەوە سازی کردبوو.

ئەم هەوڵە پڕ لە دڵسۆزییە و ئەم کەرنەڤاڵە هونەرییە بەرفراوانەی کە (بەڕێوەبەرایەتی سینەما و شانۆ)ی بەڕێز، هونەرمەندانی کوردی تێدا کۆکردووەتەوە، جێگەی ڕێز و پێزانینی تێکڕای شانۆکاران و بینەرانی شانۆی کوردییە، هەر بۆیە وێڕای دەستخۆشی بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئەم جەژنە شانۆییەیان گرتووەتە ئەستۆ، پیرۆزبایی و ئومێدی گەشی سەرکەوتنیش بۆ بەشداربووانی تێکڕای نمایشە شانۆییەکانی ئەم ڤیستیڤاڵە مەزنە دەخوازین. جێگەی وە بیرهێنانەوەیە کە (بەڕێوەبەرایەتی سینەما و شانۆ) ساڵی (١٩٩٨)ی کردووەتە ساڵی کار و بەرهەم و تاودانێکی دڵسۆزانەی پڕ لە بەرەکەتی لە بەرهەمی شانۆیی و خولی ڕۆشنبیری و ڤیستڤاڵی شانۆییدا ساز داوە.

یەکەمین ڕۆژی ڤیستیڤاڵ بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو، دوا بەدوای بەڕێوەچوونی ئەو بەرنامە دڵگیرەی کە بۆ دەستپێکی ڤیستیڤاڵەکە ئامادە کرابوو. «دەستەی هونەرمەندانی هەولێر» بەنمایشی «گۆرانییەک لە باوەشی تاریکیدا» بووە نۆبەرەی یەکەمین نمایشی شانۆیی و کاتژمێر «٥»ی ئێوارەی هەردوو ڕۆژانی (٢٨ و ٢٩)ی ئازار لەسەر شانۆی «هۆڵی گەل» پێشکێش کرا.

«گۆرانییەک لە باوەشی تاریکیدا» لە نووسینی نووسەری گەورەی عێراقی «یوسف الصائغ» و دەرهێنانی هونەرمەند «سەباح عەبدولڕەحمان» و نواندنی

هونەرمەندان «ئیسماعیل قادر و خاتوو ئۆسکار ئیسماعیل و عەلی ئەحمەد و ئالان سەعید و بڵند خالید» و بەهاوکاری ژمارەیەکی بەرچاو لە کارگێڕە هونەرییەکان.

لە میانەی حەفتا دەقیقەی نمایشدا «گۆرانییەک لە باوەشی تاریکیدا» وەک دەقێکی بەرجەستەکراو لە رووی بابەتی درامایییەوە، نەفەسێکی شیعری و چێژێکی ئەدەبی بەرزی پێ بەخشین کە لە فەنتازیای وشە و ڕستە شاعیرییەکانیەوە، بینەرانی سەرمەستی ئەو سەما ویژدانییە دەکرد کە دەرهێنەر و ئەکتەر بەدوایدا عەوداڵ و سەراسیمە بووبوون. هەموو ئەمانەش لە نێوەندی چیرۆکێکی فەلسەفە ئامێزی پڕ لە ڕەمز و هێمادا کە پێکرا دەقێکی شانۆیی سەرکەوتووی پێک هێنابوو. هەرئەم دەقە چڕ و بەپێزە بە یەکەمین سەرەتای ئەو سەرکەوتوویییە حیساب دەکرێ کە «سەباح عەبدولڕەحمان» لە کارە درامایییەکەیدا بە دەستی هێنابوو. چونکە ئەو پانتایییە فراوانەی لە رووی «چیرۆک و رووداو = plot» لە بەردەم داهێنەردا هاتبووە سەربار، مەودایەکی دووری بێ کۆتا بوو بۆ خەونی قووڵ و ئەفراندنی نوێ و داڕشتنی هێڵەکانی دەرهێنان کە لە نێوەندیدا ڕیتمی جووڵەیەکی دراماتیکی توند و خێرا، جۆری ململانێ وەستاوەکەی "صراع الساكن" بەڕێوە دەبرد. ئا لێرەوە وریایی دەرهێنەر لە دۆزینەوەی ڕیتم و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێی شانۆیییەکەدا بەئاشکرا بەدیار کەوت. کاتێک بەو سەرەتا درامییە بەهێزە پەلی گرتین و بەرەو دونیای نووتەکی مەرگەساتەکان و دوندی بەرزی فیکر و بیرۆکە فەلسەفییەکان پەلکێشی کردین. هەر ئەوەندەیش دووچاری یەقکردنەوە و بێزارییە دەروونییەکان چووین، بەکۆتایییەکی ڕەق و تەقینەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، تەختەی شانۆ و هۆڵی بینەرانی بەسەریەکدا شێواند و لە تاریکستانی خەونە نەفرەت لێکراوەکاندا بێداری کردینەوە و لە کۆتایییەکی دوور لە تەقلیدی چەپڵە ئامێزدا لە تەختەی شانۆی دوور خستینەوە.

ئەو لەگەڵ ژیانە دەروونی و ڕۆحییەی دەرهێنەر لەگەڵ مەوداکانی «دەق»دا پێی گەیشتبوو، ئەو چێژی بینینەی جۆش دابوو کە تەمی گەلێک کەموکوڕی و

گـرێ و كـۆسـپـی هونەری لـەلا ڕەواندبووینـەوە. كـە ڕەنگە نـەبوونی ئـەو پردە ویژدانیـیـە، ڕێک و ڕاست چێـژی بینینـمـانی پێـچـەوانە بكردایەوە. هەر ئەو پێوەندییە ویژدانییە بەهێزە، جووڵە و هـێڵەكانی دەرهێنانی بەجـۆرێک دارشتە كردبوو كە بەدرێژاییی نمایش هـەستمان دەكرد ئەو جووڵە و حاڵەتانە زادەی خودی ناخی كاراكتـەرەكان خـۆیانن. كـەچی لـە تەک دەستـەبەركردنی ئا ئەم ڕاژەنینە ڕۆحـییـە هـەست پێ كراوەدا، دەرهـێنەر هـەردوو توخـمـە سـەرەكـییـە گوزارشت ئامێـزەكەی (ڕەنگ و ڕووناكی+ ئیـمـائەی دەمـوچـاوی ئەكتـەر) كە گرینگترین دوو بنەمای ئەم تەرزە شانۆییيەیە، فەراهەم كردبوو.

بێگومـان هـەر یەكێک لەو دوو توخـمـە، جیـهانێک لە گوزارشت و جـوانكاری لەگـەڵ خـۆیدا هەڵدەگـرێ. ئەكـتـەر لـە ناو تاریكـیـیـەكی لەش بەباردا دەڵێ و دەبزوێ، جـوانتـرین سـەرمـایەی خـۆی كـە (دەمـوچاویەتی) لـە دەست دابوو، ناچار بە (دەنگ و فـۆنەتێک و جـەسـتـە) لە نێـوەندی ئەو تاریكـییـە كوژەرەدا، بەهای هـەستكردنی بەكاراكتـەرە درامـیـیـەكەی بەدیار دەخـست. گرفـتی ئەو ڕووناكـیـیـە فـلاتەش خـودی دەرهێنـەری ناچار كـردبوو كـە زیاد لە پێـویست كەرەسـەكانی تری دەرهێنان وەک ( دیكۆر+ موزیک + تەكنیكە دەنـگییـەكان + جـووڵە و هێڵ) بەكـار بهـێنێ. بەپێـچـەوانـەی لە دەسـتـدانی ئەو دوو بنـەمـا گرینگە، بارستایی و قەوارەی قورسـی دیكۆر لەسـەر شانۆ، مەودای ئەو جووڵە و هێـڵـە شـانـۆییـیـە جـوانانەی كـەم كـردبـووەوە و دەرهێنەری لە ڕووبـەرێكی تەسكی دیاری كراودا بەگیر هێنابوو كە ئەگەر ئاوها نەبووایە دەكرا:

یەكەم: كۆرس لەسـەر شانۆ تەوزیف بكات.

دووەم: جـەسـتـەی ئەو ئەكـتـەرانەی سـەرەتا و كـۆتایی نمایشـەكـە وەک كەرەسـەیەكی تەعبیری، بەدرێژاییی نمایشەكە بەكار بهێنایە.

سێـیـەم: (ڕەنگ و هێڵ) لە جیـاتی دیكۆرێكی ڕاوەسـتـاوی بـێ جـووڵە، فـەزای شانۆی پڕ بكردایەوە.

ئەمـە لە كـاتێكدا ئەو دیكۆرە زەبـەلاحـە لە ڕووی بەكـارهێنـانەوە و لە ڕووی خـوڵقـاندنی كـەشـی شـانۆییـیـەوە، نەبووبـووە بەشـێكی زیندوو لـەو یەكـە

ئیستیکییە هونەرییەی کە ئەم تەرزە شانۆییانە دەیخوازێ. لێرەدا نەبوونی جـــووڵەی ڕەنگەکـــانی ڕووناکی، دووبارە هۆکـــارێکی جــەوهـەری بوو بۆ کـەمکردنەوەی بەهـای دیکۆرە شــانۆییــیـەکـە. ئـەمـەش بۆ خـۆی هۆکـارێکی کـاریگەر بوو بۆ ئەو هێڵ و جـووڵە پەهلەوانیــیـانەی کـە دەرهێنەر بۆ بە دیارکەوتن و ونبوونی ئەکتەر و کاراکتەر تەوزیفی کردبوو.

خۆش بەختییەکی تری دەرهێنەر، سەرکەوتوویی ئەکتەر و توانای بەرزی نواندن بوو، بەتایبەت هونەرمەند (عەلی ئەحمەد) کە بەسـەلیقـەیەکی هونەری پڕ لە نوێکاری کارامەوە جۆش و خرۆشێکی عەنتیکە و جوانی لای بینەران خـولْقـاند. هەروەها هونـەرمـەندان (ئیـسـمـاعیل و ئۆسکار) هەوڵێکی پڕ لە ماندووبوونیان کەوتە بەرچاوان، لە ڕاستگۆیی و گـۆڕانکارییـەکـانی دەنگ و جەستە و داڕشتنی ڕیتمی کاراکتەرەکانیاندا.

سـەرکـەوتوویی دەرهێنـەر لەلایەنی نواندن و هەڵبـژاردنی ئەکتـەرەکـاندا، ڕەنگە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مامۆستا (سەباح عەبدولڕەحمان)ەوە هەبێت کە بۆ خۆی هونەرمەندێکی بەسەلیقە و ئەکتەرێکی بەتوانای شانۆییە. چونکە توانای ئەکتەر و نواندن لە نمایشی (گۆرانییەک لە باوەشی تاریکیدا) ڕیتمی شـانۆییـیـەکـەی لە (دێباچەی درامـاییـیـەوە) گەیاندە (ترۆپک و چارەسـەری درامـایی) لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، ئەو پانتاییـیە بەرینەی دەرهێنەر لەسـەر ئاستی (دەق) و (تێڕوانین) بۆ خۆی ڕەخساندبووی، هێشتا گەلێک وردەکاری و جوانکاری تری هەڵدەگرت. بەڵام سنووری کاری فیستیڤاڵ، هەندێک لەو وردەکارییانە کەم دەکاتەوە کە چاوەڕوان دەکرێ.

لە کـۆتاییدا نمـایشی (گـۆرانیـیـەک لە باوەشی تاریکیدا)ی مـامـۆسـتـای هونەرمەند (سەباح عەبدو ڕەحمان) و گرۆ هونەرییەکەی، نۆبەرەیەکی بەپێز و مژدەبەخش بوو بۆ سـەرەتای دەسـتـپێکی ئەم فیـسـتیـڤـاڵە گەورەیە. هەربۆیە وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هونەرمەندانی بەشداربووی ئەم بەرهەمە شـانۆییـیـە، هیـواخـوازین بەرهەمی سـەرکـەوتووی ڕۆژانی گـەشی ئایندەی فیستیڤاڵ، دڵ و چاوانمان گەش بکاتەوە.

## خەونێت دینا دهوشیاریا عاقلادا

لقی دهۆکی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان بەشانۆیی «خەونێت دینا» دووەمین نمایشی شانۆیی فیستڤاڵی ڕۆژی شانۆیی جیهانی «١٩٩٨»ی ڕازاندەوە.

«خەونێت دینا» لە نووسینی هونەرمەند و نووسەر «ئیبراهیم سمۆ» و ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند «مەسعوود عارف» و نواندنی دەستەیەک لە هونەرمەندانی ئازیزی دهۆکی دەلال و ژمارەیەکی بەرچاو لە کارگێڕە هونەرییەکان لە ماوەی کەمتر لە یەک کاتژمێر، ئەو پەیامە هونەرییە فەلسەفییە پاک و بێ گەردەیان کردە دیاری کە هەردوو یەکەی «بینین» و «بیستن» لە ناو خوولیای دانەبڕان و بەدواداچووندا، نمایشێکی شانۆیی سەرکەوتوویان بە ئاکام گەیاند. «جووڵە و ڕەنگ» تەشکیلە و کەرەسەی ئەو گۆڕانکارییە بوون کە پلە دراماتیکییەکەی لە یەکەمین سەرەتاوە بەرەو ژوور سەر دەخست.

«دەق» ئەدەبێکی بەرجەستە کراوی «دەرهێنەر» و «دیالۆگ» دەربڕینێکی دەروونی و ویژدانی «ئەکتەر» بوو کە پێکڕا فەزا هونەرییەکەیان بێ سنوور و ڕەنگ ئامێز کردبوو، ئەو فەزایەی کە لە زۆرەکاری و بەزۆر پێوەلکان خۆی پاراستبوو. «بیرۆکەکان» بیرۆکەی ئەو ئاشتییەی لە ناو هۆشیارییەکی بەرزدا خەفە کراوە.

بیرۆکەی ئەو ئاشتییەی بووەتە ئەفسوونی یۆتۆبیایەکی دوور و نادیار، بیرۆکەی ئەو «دادگە» نەفرەتییەی یاسا و ڕێساکانی بوون و ژیان، تێیدا بووەتە پەراوێزی ڕووداوە مێژووییەکان و چەندین بیرۆکەی تر، لە ناو حاڵەتە دراماییەکاندا داڕێژرابوونەوە. ئەمەیش بۆ ئەوە نا، بیرۆکەکان ببنە

داڕشتەیەکی فەلسەفی یان خستنە ڕوویەکی وتاربێژی فیکری، بگرە بۆ دروستکردنی هەڵوێستی دراماییی و خرۆشاندنی ئەو گیانە یاخییەی هەڵوێستە ژیارییەکان دەیانکاتە پاڵەوانێکی نموونەیی. هۆنینەوە و بیرۆکە فەلسەفییەکەی دەق، پێکهاتەیەکی گرینگی نمایش بوون کە زەمینەی بنیاتە هونەرییەکانی تری ڕەخساندبوو. هەر بۆیە لە پانتاییی گرژبوون و خاوبوونەوەی ململانێ و هەڵوێستە دراماییەکاندا، دەرهێنەر زیرەکانە ئەو دیکۆرە ڕەنگ ئاڵ و بزاوتەی نەخشاندبوو کە تەواو پێچەوانەی لایەنە سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییەکانی کاراکتەربوون و بەمەیش پاکی و بێ خەوشی دیکۆر و ڕەنگە کراوەکانی سەر شانۆ، ئەو نامۆبوونە دەروونی و جەستەییەی دەبزوواند کە تا کۆتاییی نمایشەکە، ئەکتەر و بینەری ئاوێزانی یەکتری دەکرد. ڕەنگ و ڕووناکی کردار بوو، جووڵە و گوزارشت بوو، جوانکاری و هێڵکاری بوو، بەدرێژایی نمایش جەستەیەکی ئامادە و هەست پێکراو بوو. کە تا ئەندازەیەکی زۆر پێکهاتەیەکی گرینگ و بەهادارییەکەی «بینین» بوو. کارتێکەری ڕەنگ و ڕووناکی بەجۆرێک لای دەرهێنەر بەرجەستە بوو کە هەموو سنوورەکانی سایکۆلۆجیەتی ڕەنگ و هارمۆنیەتی گۆڕینی ڕەنگەکانی ون کردبوو.

لە ناو خەونەکاندا «ڕەنگی سوور» و لە ئامێزی داڕووخان و مەرگدا «ڕەنگی سەوز» و لە دادگەی تاوانباراندا «ڕەنگی سپی» و لەبەر شەماڵی ئازادی و ئاوازی شەمشاڵ و ژیانەوەدا «ڕەنگی زەرد» و.... هتد. ئەو بەیەکدادانەی بەسەریەکدا شێلا بوو کە ماناکانی گوزارشتی «ڕەنگ» خۆیان خۆیان سڕیبووەوە.

بەگشتی «خەونێت دینا» لە ڕیزی پێشەوەی ئەو نمایشە قشتانە بوو کە توانیبووی کەشی شانۆیی بخوڵقێنێ و بینەران تامەزرۆی بینین بکات، ئەوەیش یەکێکە لەو کاریگەرییانەی، شانۆ دەکاتە بەشێکی گرینگ لە کەشە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکانی سەردەم.

چونکە شانۆ ئەو کردە هونەرییەیە کە ڕاستەوخۆ کار لە «ئێستا» دەکات و

بینەرانی ئامادەبووی «ئێستاش» بارتەقای ڕەنگدانەوەکەی دەدەنەوە. کەواتە «کارتێکردن» یەکێکە لە پەیامە گرینگ و پراکتیکییەکەی هونەری شانۆ کە چەمکە شارستانییەکەی پێ دەبەخشێ و دەیکاتە هاودەنگ و هاوسۆزی ڕووداوە مێژووییەکان. نووسەر و دەرهێنەر پێکەوە لە شانۆیی «خەونێت دینا»دا بەدڵسۆزییەوە کاریان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی ئەو «کارتێکەرییە» کردبوو، بەتایبەت لە وەرگرتنی خاڵی جەوهەری کێشە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکەی مرۆڤی کورد کە «ئاشتییە».

« ئاشتی» لە بیرۆکە و فیکرەی سەرەتای دەق و لە بێ گەردی و سپێتیی دیکۆر و لە شێوازی ڕەنگ و هێڵەکانی دەرهێناندا، تەنانەت لە ئامێری بەسۆزی شمشاڵ و گۆرانی و سرووده میللی و نیشتمانییەکاندا، هەموو ئەمانە گەشتێک بوون بەناو دڕکەڵانی ئازار و بەناو گوڵزاری ستران و پەیڤە شیرینەکاندا.

تا وەکو لە نێوەندی خەونەکان و لە قووڵاییی هەستە شاراوەکانماندا کارتێکەرییەکی بەهێز، ڕەدووی ساتەکانی نمایشمان بخات. چونکە گەڕانەوە بۆ ئەو کەرەسە و بابەتە ناوچەیی و ناوەخۆییانە، بێ لەوەی سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش پڕ بەرەکەتی بەهرە و داهێنانە، بەهێزکردنی ئەو پێوەندییە ویژدانی و چارەنووسییەشە کە کردە هونەرییەکە دەکاتە پێداویستی. هەر بۆیە لێدانی زەنگی «ئاشتی» وەک کێشەیەکی هەڵایساوی مرۆڤی کورد، تێپەڕاندنی زەحمەتی ئەو خۆناساندنەیە کە پێویستە بکرێتە یەکەمین هەنگاو، یان تەوزیفکردنەوەی ئەو کەرەسە و دیاردە ناوازە و باوانەی کە لە روحی مرۆڤی کورددا بوونی هەیە و دەژی. زووتر ئەو تێکڕژانە دەروونییە ڕادەپەڕێنێ کە کارتێکەریەکە دەنەخشێنێ. ساکاری لە دەربڕین و جێبەجێکردنی هونەریدا، یەکێک لە سیما ئاشکراکانی «خەونێت دینا» بوو کە دوورە پەرێز لە فەنتازیای دیکۆر و تەشکیلە ئاڵۆزەکان بەڕێوە چوو. بێ ئەوەی هیچ کەند و گێژاوێکی فیکری یان هونەری، ڕماو و سەر مەستمان بکات. هەربۆیە «خەونێت دینا» لەگەڵ بوونی هەر بن دەستی و کەموکورییەکی لێکدانەوە و

جێبەجێکردندا، لە گەیاندنی پەیامە هونەری و ئینسانییەکەیدا، لە نێو یەکێک لە هۆڵە شانۆییەکانی کوردستان و لە بیرەوەری ڕۆژی شانۆی جیهانیدا، نمایشێکی سەرکەوتوو بوو، ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ ئەو دەستە هونەرمەندە ئازیزەی دهۆکی دەلال و چەپکە گوڵی پیرۆزباییمان بۆ خۆیان بۆ ئەو یادگارییە جوانەی «خەونێت دینا» لای جێ هێشتین، دەکەینە دیاری.

## چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان لە نێوان دەق و نمایشدا

«ئۆچین یۆنسکۆ» دەڵێ: «هەموو شانۆیەک بە بۆچوونی من، سەر کێشییەکە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی جیهانێک کە خۆم یەکەمین کەسم سەرسامی ئەو جیهانە نوێیە دەبم». ئەمە ئەو سەرەتایەیە «کە شانۆی پێشڕەو»ی هاوچەرخ بانگەشەی بۆ دەکات لە چوارچێوەیەکی هونەری و فەلسەفی نوێدا. بنەماکانی ئەم تەرزە شانۆییە، لە بوارەکانی، زمان، هۆنینەوە، کاراکتەر، ململانێ، کات و شوێن دارِشتە دەکاتەوە.

«چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان»ی «ئەدوارد ئاڵبی» بەرچاوترین دەقی ئەم شێوازە نوێیەیە و گرینگترین بایەخی ئەدەبی بەدەست هێناوە کە موفرەداتی «شانۆی پێشڕەو» تێدا بەرجەستە کراوە.

«هیواسعاد»ی هونەرمەندیش لە نوێترین ئەزموونی شانۆیی خۆیدا، لە ڤیستڤاڵی شانۆی جیهانی «١٩٩٨»دا لە وەرگێڕانی نووسەر و ڕەخنەگر «ئازاد عەبدولواحید» و لە نواندنی هەردوو کچە هونەرمەند «نیگار یوسف» و «سکاڵا غازی» و بەهاوکاری «سەلام حاجی و دیار عومەر و فارس جەوهەر» و ژمارەیەک لە کارگێڕە هونەرییەکان، ڕۆژانی «١و٢»ی نیسان لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر نمایش کرا.

بەرجەستەکردنەوەی دەق لە دانانەوەی ڕەگەز و هێماکانی کاراکتەر و جۆری نمایش و دیاریکردنی کات و شوێن و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و ململانێ.. ئەو ئەرکە هونەرییە گرینگە بوو کە پێویستە «دەرهێنەر» باڵادەستی خۆی تێدا ئاشکرا بکات. چونکە هەڵبژاردنی دەقێکی ئاڵۆز و ناسراوی وەک «چیرۆکی باخچەی ئاژەڵانی» «ئەدوارد ئاڵبی» ئەوە دەخوازێ و بینەرانی

شـانۆیش لە یەکەمـین هـاتنە ژوورەوەیانەوە بە دووی ئەو ئەزمـوونە نوێکارییـەدا دەگەڕێن.

دیکۆرێکی هـاوسـەنگ لە پێکـهـاتەکانی ڕەنـگ و گـونجـانی قـەوارەدا، فـەزای گـەورەی شـانۆی داپۆشـیـبـوو. دوو کـچـە هونەرمـەندی هـاوتـەمـەن، هـاوبالاَ، هـاوتۆنی دەنگ، هـاو جووڵە، هـاوپۆشـاک... بەتوانایەکی بەرزی نواندن هـەوڵیان دەدا ئەو پەیامـە ببـەخـشن کـە نووسـەر و دەرهـێنەر، هـەر یەکـەیان بە جـیـا مـەبەسـتـیـانە بیگەیێننە خـەڵک. نمایشـی شـانۆیی لە نێـوەندی هـەر دوو یەکـەی «بینین» و «بیـسـتن» بـەبێ بـوونی زیـادەکـاری و بـەبێ زۆر لـە خــۆکــردن لە جێبەجێکردندا، توانرا بەسـەرکـەووتویی پارێزگاری لە ڕیتمی نمایشـەکە بکات و چێـژێک بۆ بەدواداچوون دروست بکات. هـەروەها ئـەو جـووڵە و هێـلاَنە کـە هـەردوو کاراکتەرە شانۆییـیەکەی دەبزواند، ئەو خرۆشـان و حاڵەتە دەروونی و جـەسـتـەییـیـانەی ئەدا دەکرد کـەڕیتـمی دەرەکی کـاراکتـەری بەدیار دەخـست، هـەروەهـا مـۆسـیـقـا و ڕووناکی تا ڕادەیەکی باش هـاوسـۆزییـەکی لەگەڵ کـردارە شـانۆییـیەکەدا پێک هێنابوو لە بەدیارخسـتنی ئیمائەی دەموچاوی ئـەکتەر و لە بزواندنی هـەسـتـی بینەران لەگەڵ جووڵەی کـاراکتـەرەکاندا. ئـەمـانە و گـەلێک وردەکـاریی تر سـەلیقـە و وریایی دەرهـێنەری ئاشکرا کـرد لە جێبـەجێکردنی بنەمـاکـانی شـانۆ و پێکەوە گونجاندنی ئەو بنەمـا درامـاییـیـانەدا کە یەکـەیەکی سـەرکەوتووی نمایش بەدی دەهێنێ.

لێـرەدا کـە دەڵێین یـەکـەیەکی سـەرکـەوتووی نـمـایش، لە ڕووی سـروشـتـی دراماوە دەڵێین، نەک لە ڕووی خواست و پێداویستییەکانی نمایشـی «چیرۆکی باخـچـەی ئاژەڵان»ەوە. چونکە هـەروەک لە سـەرەتاوە ئامـاژەمـان بـۆ کـرد «چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان» لە ڕیزی هـەرە پێشـەوەی «شـانۆی پێشڕەوە»، ئەو شـانۆیەی کـە مـوفـرەداتی بۆ بوون و بۆ هـاتنەکایـەوەی خـۆی تەنزیر کـردووە و ڕێبـازی هونەری و فـەلسـەفی خـۆی دەسـتنیشـان کـرد و دەیان کـەڵەنووسـەر و هونەرمـەندی گـەورەی کـردە پێـشـەنگ بـۆ شـانۆی هـاوچـەرخ لە سـەرتاسـەری جـیـهـاندا. ئەو شـانۆیـەی «ڕیچـاردکـۆ» بە «درامـای کـاتژمـێـرە شکاوەکـان»

ناوزەدەی دەکات لە پێناو سەرلەنوێ دارِشتنەوەی ئەو جیهانەی کە دووچاری گومان و بێزاری و دڵەڕاوکە و دووبارەبوونەوەیەکی نا ماقووڵی کردووین، جیهانێک کە «خەون و خەیاڵ» سەرمەشقی دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو ساتانەی (بریتین لە هەموو شتەکان، بەبێ بوونی هیچ ڕابردوویەک و بەبێ دارِشتەکردنی هیچ ئایندە و داهاتوویەک، بەجۆرێک کە «کات» تێیدا هیچ مانایەکی نامێنێت...) مسرح یونسکو «محمد جمعة" الناشر- دار المفکر- لاپەڕە۳۹.

تاوەکو بتوانین لەو ساتە برووسکەییانەدا، بارتەقای ئەو ونبوونە ویژدانییە بدەینەوە کە مرۆڤی هاوچەرخ لە ژیانێکی میکانیکی ڕۆژانەدا، ئامێر ئاسا هەڵدەسووڕێنێ. هەربۆیە گەڕان بەدوای «خود» و ڕەدووکەوتن بەدووی «خەیاڵ» و سەرلەنوێ دارِشتنەوەی خەونەکان، بۆ دیتنەوەی ئەو جیهانەیە کە دەتوانێ «ساتەکانی نمایشی شانۆیی» بکاتە وێستگەی حەواندنەوەی ویژدان و دابڕانی مرۆڤ لە ژیانە دووبارەبووەکەی.

کەواتە دیکۆرە هاوسەنگ و ڕەنگ پەڕە ئاڵەکەی «چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان»ی هونەرمەند «هیوا سعاد» دوورکەوتنەوە و دابڕانە لە یەکەمین سەرەتاکانی «شانۆیی پێشڕەو» چونکە یەکەی «شوێن» بەو ماقووڵی و گونجاوییە، تەواو پێچەوانەی ئەو دژە گونجانەیە کە «شانۆی پێشڕەو» دەیخوازێ. وەک یونسکۆ دەڵێ: (هاودژی.. بانگەشەیە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت) ئەمە لە کاتێکدا هەمان گونجان و هارمۆنیەت لە بنیاتی لایەنەکانی کاراکتەردا بەدی دەکرا. لە کاتێکدا پێویستیمان بەو بێدەنگی و بۆشاییە کوژەرە هەبوو کە کەسایەتییەکان بۆ خۆیان تێیدا دووچاری دڵەڕاوکە و بەدحاڵیبوون و بێزاری هاتبوون.

«ڕەنگەکان» لە داپۆشینی دیکۆر و جلوبەرگ و ڕووناکی و فەزای شانۆییدا، بەشێوەیەکی گشتی گەرموگوڕ و گونجاو و فێنککەرەوەی مێشک و دەروون بوون کە ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو بەدحاڵیبوون و گرفتە نەفرەتییەیە کە ڕەهەندەکانی کاراکتەر «ابعاد الشخصیة"» لە دەقی شانۆیی «چیرۆکی

باخـچـەی ئاژەڵان»دا ڕەسم کـراوە. چونکە ئەوان بـەدبەخت و ون و کـڵـۆڵن و بەدرێژاییی نمایشـەکـەش گەلێک مـەسـەلەی گـرینگی فـیکری و ویژدانی کـە ئازادی بێ برانەوەی مـرۆڤ شـەنوکـەو دەکـەن و بینەران سـەرمـەسـتی ئەو جـەنجاڵییـە دەکەن کە بەر لە هـەموو شـتێک پێویستـە لەو «ڕەنگانەدا» خـۆیان بنوێنن، دەوروبەریـانی داپۆشـیـوە و گـوزارشـت لە ڕووی پەنـهـانـی ناوەوەی کاراکتەرەکان خۆیان دەکەن.

لێـرەدا گـومـان لەوەدا نامـێـنێ کـە «هـیـوا سـعـاد» وەک دەرهێنەرێک لە نمـایشـــەکـــەدا، ئـەوەنـدەی عـــەوداڵی ڕازیکردنـی چێـــژی بینینـی بینـەرانـی شـانۆییـیـەکەی داوە و مەبەسـتی بووە حـەز و دڵی خەڵک بـە فەنتـازیای ڕەنگ و هێڵ و دیکۆر و پێکهـاتـەکـانی تری نمایش ڕابگرێ، هـەرگـیـز ئەوەنـدە هـەوڵی نەداوە خـوێندنەوەیەکی فەلسـەفی بۆ دەقـەکە بدۆزێتـەوە و تێڕوانینێکی نوێ لە بەرجەسـتەکردنی دەرهێنەرانەدا جێبەجێ بکات بەپێی ئەو پـانتاییـیە بـەرینەی کە «ئەدوارد ئاڵبی» وەک نووسـەرێک لە مـیـانـەی دەقێکی ئەدەبیدا، قـووڵـترین مەودای فـەلسـەفی و فـیکری بەدەست هێناوە و «چیرۆکی باچخـەی ئاژەڵانیش» وەکو «دەق» لە بـواری پراکتـیزەکـردنی کاری شـانـۆییدا، فرەترین ئـەزمـوونی شانۆیی بەخۆیەوە دیوە.

ئاشکرایـە «دەرهێنان» وەرگـێڕانێکی پراکتـیکی دەقـە لە ڕووی ڕاڤـەکردنی بیـــر و زەینـی نووســـەرەوە. واتـە ئەرکـی «دەرهێـنەر» دەســـتـەبـەرکـردنـی ئەو دۆزینەوانەیە کە بـەشـێـوەیەکی پەنهـانی لەودیو ڕووداو و ملـمـلانێکەیەوە خـۆی حەشار داوە.

بەواتایەکی تر، ئەرکی دەرهێنەر ڕەسـمکردنەوەی بنەمـا درامـاییـیـەکـان و داڕشتنەوەیانە لەسـەر تەختەی شانۆ بە بەشداری بینەرانـی شانۆیی. ئەمەیش پێداویسـتی ئەو شیتـاڵە هونەری و ئەدەبییـە دەهێنێتە گۆڕێ کە تێگەیشـتنی تەواوی «دەرهێنەر» لە مەودا فیکری و ئەدەبییەکانی «نووسـەر» فەرز دەکات.

توانای تێگەیشـتن لـە نێـوان دەق و دەرهێنەردا جـۆرە نامـۆبوونێکی لە خـۆ گـرتبـوو کـە بووبووە خـاڵێکی جـەوهـەری بۆ ئەو دابڕانەی یەکـەی نمـایش بە

ئەکتەر و کارگێڕە هونەرییەکانەوە، لەگەڵ مەوداکانی دەق و فیکری نووسەردا.

لە کۆتاییدا نکۆڵی لەوە ناکرێ کە هەموو ئەم بەراوردکاریانە، گێژاوی ئەو گۆمە مەنگەیە کە «ئەدوارد ئالْبی» لە دەقە شانۆییەکەیدا شەڵەقاندوویەتی. دەنا هونەرمەند «هیوا سعاد» بەڕیتمێکی شانۆیی سەرکەوتوو، نمایشێکی شانۆیی بەرز و دڵگیری پێ بەخشین. هەروەها پێکهاتەی دەستەبەرکردنی ئەو یەکە ئیستاتیکییەی کە لە دیکۆر و ڕەنگ و جلوبەرگ و مۆسیقا و هێڵەکانی دەرهێناندا بەدەستی هێنابوو، جێگەی لە بەرچاوگرتنە.... لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدان مایشی شانۆیی «چیرۆکی ئاژەڵان» وەک ئەزموونێکی ئەکادیمیانەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، توانی دەورێکی پیرۆزی پێگەیاندن و بەدیارخستنی هەر دوو کچە ئەکتەر «نیگار و سکاڵا» ببینێ کە ئومێدی دواڕۆژێکی زۆر پرشنگداریان لێ دەکرێ. جارێکی تریش ڕێز و پیرۆزبایی لە بەشدارانی «چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان» کە ناچاریان کردین، هەردوو ڕووی «ئیجابی و سەلبی» ئەم نمایشە هونەرییە بەرچاو بخەین.

## دوکتۆر قوتبەدین سادقی لە نێوان پرۆژە و داهێناندا

لە مێژە دەربارەی هونەرمەندی گەورەی شانۆ «دوکتۆر قوتبەدین سادقی» دەبیستم و دەخوێنمەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ دەرفەتێک نەڕەخسا تا لە نزیکەوە بەو هونەرمەندە ئاشنابم و هیچ یەکێک لە بەرهەم و ئەزموونە شانۆییەکانی ببینم . تا لە کاتژمێر «٣٠ . ٥» دەقیقەی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی شەموو ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٢٤دا لەسەر شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، شاکارێکی ئەزموونی شانۆیی (گرووپی هونەری کوردستانی ئێران) بەیادی شەهیدانی هەڵەبجەوە لە ژێر ناونیشانی «سەردەمی بێ تاوانی» پێشکێش کرا کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند «دوکتۆر قوتبەدین سادقی» و لە نواندنی هونەرمەندان «کوبرا مەلەکی و شیرین معازی و فەرشید گەوێلی». ئەو حەزە کوێر و دێرینەم بۆ بینینی یەکێک لە شاکارە شانۆییەکانی ئەو هونەرمەندە بلیمەتە، ئامادەییەکی لەلا دروست کردبووم، نووسینێک لە بارەی ئەو بەرهەمەوە بنووسم. بەر لە یەکەمین دەستپێک، هاتنە حزووری ئەو هونەرمەندانە بەو ڕەوشتە جوانە شانۆییە و تەقدیسکردنی بەهاکانی شانۆ و بینەر بەو دەستوورە بەرز و پیرۆزە، هونەرمەندی گەورەی شانۆی عێراقی خوا لێخۆشبوو (بەهنام میخائیل)ی بەبیر هێنامەوە کە بەیەک چاو تروووکاندن هەموو ئەو وشە و ڕستە و ئامۆژگاری و وێردە شانۆییانەم هاتەوە یاد کە تەختەی شانۆی بەپەرستگایەکی پیرۆز دەشوبهاند و ناسکی و پاکژیی هونەرمەندی لە ئاوێزانی ئەو پیرۆزییەدا، بەرەو لووتکەی ئەفراندن و داهێنان هەڵدەکشاند. بەڵام دوا بەدوای سەرەتاکانی نمایش و بەدیارکەوتنی بەهاکانی (دەق+ نواندن+ دەرهێنان) لە نمایشێکی درامی سەرکەوتوودا، بەرەو قووڵاییەکی

ئێجگار قووڵتر ڕۆ چووم و ئەو سەرەداوە لە دەستمدا ون بوو کە لە کوێوە دەست پێ بکەم.

دەق و هۆنینەوە شانۆییە بەرزەکەی دیالۆگ و زمانە شانۆییە پاراو و شاعیرییەکەی کە ئەو دڵە چوست و چالاکەیان بەخشیبووە سەرتاپای نمایش، یان ئەو پەیژە دراماتیکییەی کە وەک ڕووبارێکی هار و شێت، تێکڕای کولتوور و فەرهەنگ و مێژووی ڕووداو و نەریتەکانی لە زەمەنێکی تێکشکاودا لەم جێگە و شوێن بۆ ئەو شوێن و جێگە دەفڕاند و دەگواستەوە. ئەکتەر و بەها ئەکادیمییەکانی کە لە جووڵەی جەستە و ئیمائەی دەموچاو و ئەدا و فۆنەتیکی دەنگدا خەفە کرابوون، یان لەو هەڵچوون و داچوونە پڕ لە هەست و خرۆشانە دەروونی و ڕاچڵەکینەی کە بینەرانی بەدرێژاییی نمایش بێدەنگ و خامۆش کرد.

دەرهێنەر و دەلالەتەکانی دەرهێنان کە جووڵەی فیکر، جووڵەی کاراکتەر ، جووڵەی ڕووداو، جووڵەی ململانێ و کێشمە کێش و هەموو جووڵە بینراو و نەبینراوەکانی نمایش، لە فەنتازیایەکی هونەری بەرزدا.. ئەو ئازادییە ڕەهەند و بێ هاوتایەیان فەراهەم کردبوو کە توانی پێکڕا ئەو چێژە ئیستاتیکییەمان پێ ببەخشێ کە لە نمایشی «سەردەمی بێتاوانی»دا بینیمان و هەستمان پێ کرد.

هەربۆیە لێرەدا پێم چاکە بۆ زیاتر تێڕامان و نزیکبوونەوە لە جەوهەری ئەم نمایشە شانۆییە، ئەم سێ تەوەرەی خوارەوە دەستنیشان بکەین و لە بارەیانەوە بەشێوەیەکی ڕوونتر و قووڵتر بدوێین .

تەوەرەی یەکەم: دەق.

تەوەرەی دووەم: نواندن.

تەوەرەی سێیەم: دەرهێنان.

**تەوەرەی یەکەم: دەق**

هونەرمەندی شانۆکاری فەڕەنسایی «گاستۆن باتی Gaston Baty» دەڵێ: دەق دەماری جەوهەرییە لە کاری شانۆییدا، گرینگی لە شانۆدا وەک ناوک وایە لە سێودا، بنکەیەکی پتەوە و هەموو بنەماکانی تری تێ ئاڵاوە، دەوری ڕاستی دەق لە شانۆدا، هەروەک وشەیە لە ژیاندا...» [٢] ڕووداوە مێژووییەکان، کولتوور، ئاین، داوونەریت ، ئەفسانە، داستان، جوگرافیا.. هەموو ئەمانە کەرەسەی ئەو تێکستە شانۆییە بوون کە نووسەر بە زمانێکی شیعر ئامێز ڕۆنانە دراماییەکەی لەسەر داڕشتبوو، بەشێوازێک «دەق» لە نمایشی «سەردەمی بێتاوانیدا» وەک ناوکی سێوەکەی «گاستۆن باتی» بووبووە پێکهاتەیەکی بنچینەیی و دەستی بەسەر هەموو پانتاییەکانی نمایشدا کێشابوو، تەنانەت هەموو موفرەدە شکڵییەکانی نمایشی تێ پەڕاندبوو تا گەیشتبووە جیهانی ناوەوەی کاراکتەرەکان و لە یاد و بیرەوەرییەکانی ئەودیوی کاراکتەرەکانیشدا خۆی دەنواند، واتە دەق ئاودامانی هەموو بنەماکانی نمایش و هەموو لایەنەکانی کاراکتەر بوو.

کەرتوپەرتکردنی ڕووداوە مێژووییەکان و پاشان گێڕانەوەیان بەشێوەیەک کە داهاتوو و ئایندە، شێتی و هۆشیاری، خەون و واقیع ئاوێتەی یەک بووبوون و پێکەوە ململانێی دەقە شانۆییەکەیان پێک هێنابوو.

ململانێی تێکڕژانی ڕووداوە جیا جیاکان و پاشان و بەدیارکەوتنی سونبول و هێماکان. کاراکتەری «ڕووناک = کوبرا مەلەکی» لە ناو گێژەنی ڕووداوە مێژووییەکانی میللەتێکی پەژموورردەدا، بەردەوام جەستەیەکی تێکشکاو و هۆشیارییەکی بێ ئۆقرەیە، یاد و بیروەرییەکانی لە ناو باکگراوەندی خەیاڵیدا دەیکاتەوە کۆرپەیەکی بێ گوناهی نێو باوەشی دایکی و ناتوانێ لێی دابڕێ، تاڵاوی ئەو واقیعەش کە وەک بەلەمێکی بێ کەشتیوانی سەر پشتی دەریایەکی شێت، بێبەزەییانە دەیهێنێ و دەیبات، وەک دایکێکی نیگەران و فەراهەمکراو، وەک دایکێکی زامدار و ماندوو و جگەرسووتاو، لە نێوانی هوشیاری و شێتیدا، لە نێوانی نووزانەوە و شاییدا، لە نێوانی کچێتی و

دایکایەتیدا سەراسیمە و سەرگەردان، خودی خۆی کەرت دەکات و خۆی بەدەم قەدەرەکانەوە دەدات.. خۆی دەبێتە دایک و هەر بۆ خۆشی دەبێتەوە کۆرپە.

بە درێژایی نمایش «ڕووناک» بەسەر پشتی زەمەنێکی ئەفسووناوییەوە، گوند و شارەکانی کوردستان تەی دەکات، ڕۆژژمێرەکانی مێژوو هەڵدەداتەوە، بەدوای ئارامییەکدا وێڵە، تا لە مردن و شێتی ڕزگاری بکات.

لە ناو ناوەوەی «ڕووناک»دا ئەو بیرەوەرییانە بەدیار دەکەون کە دایکێکی ڕەشپۆشی کۆنە ساڵ یاداشتیان دەکات، یاداشتی مێژوویەک کە نووقمی لەیلایە و شێتی بێ دەسەڵاتانەی سۆز و میهری دایکایەتییە کە بەردەوام «دایک» وەک سونبولێک بۆ ڕابردوو لەودیو شعووری «ڕووناکەوە» ئامادەگییەکی هەمیشەیی هەیە. بەڵام زیرەکی نووسەر زۆر بە ئاشکرا لەوەدا بەدیار کەوت کە سەرەتا و کۆتاییی هەموو ئەو ڕابوردووانەی بەخەون و یادەوەرییەکانی ڕووناکەوە گرێ دابوو، هەر هەمووشیان لەدایکبووی ئەو ساتە سەرکێش و برووسکەییانەن کە ئەودیو شعوور، لە ناو خەون و خەیاڵماندا بەرجەستەی دەکاتەوە.

ئەمە چوارچێوەی ئەو ڕیتمە شانۆییە بەهێز و پڕ لە جووڵەیەی خوڵقاندبوو کە بەدرێژاییی نمایش نەدەکرا بۆ تەنیا ساتێک لە ڕووداوە دراماییەکان جیابینەوە. (ڕووداوی درامایی بریتییە لە جووڵەی ناوەوەی ڕووداوەکان، یان جووڵەی ناوەوەی ئەوەی بینەر بەچاو و گوێ دوای دەکەوێ، ئەنجامی کۆتاییی جووڵەکەش، لە کۆتایی نمایشەکەدایە...) البناء الدرامي. د. عبدالعزيز حمودة. لاپەڕە ٥٦. کاراکتەر و بنیاتی کاراکتەر لە نمایشی «سەردەمی بێتاوانی»دا لە هەموو بنیاتەکانی تری ئەو دەقە شانۆییە کاریگەرتر بوو، بەدرێژاییی نمایش چوار ئەکتەر دەجووڵا و سێ ئەکتەر دیالۆگیان دەوت، بەڵام هەست دەکرا سوپایەک لە کاراکتەر دەجووڵان و بەیەکدا دەهاتن، لە هەموو ساتێکدا کاراکتەرێک بەدیار دەکەوت و کاراکتەرێکی تر کەرت دەبوو، دەبوو دووان و سیان و.... هتد. لە نێوان هەمووشیاندا زمانێکی یەکگرتووی شیعر ئامێز و

کێشە و ململانێیەکی شمولی نەتەوەیی سەرتاپاگیر کۆی دەکردنەوە. ئەمە ئەو جیهانە سەمەرەیە بوو کە دوکتۆر «قوتبەدین سادقی» بینەرانی پێ سەرسام و سەراسیمە کردبوو. جیهانی خوڵقاندن و فەناکردن، جیهانی کڕکردن و بەگۆخستن، جیهانێک تەنیا جەستە و سۆزی دەربڕین و هەستی هونەری ئەو پۆلە ئەکتەرە دەتوانن بەرجەستەی بکەن. من بۆ خۆم چەند جارێک هەوڵی ئا لەو جۆرەم بینیوە کە کاراکتەرێک یان دووان یان سیان لە جەستەی تەنیا ئەکتەرێکدا. بەرجەستە کرابن، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نە بینیومە و نە بەخەیاڵیشمدا هاتووە، بتوانرێت بە درێژایی نمایش کاراکتەر کەرت بێت و سەرلەنوێ بخوڵقێنرێتەوە.

ئەمە هێزی ئەفراندنە، ئەمە سڕینەوەی هەموو ئەو سنوورانەیە کە دەیەوێت ئاسۆی بەرینی هونەر و هونەرمەند قاڵبکاری بکات. دەسەڵاتی زمان، هێزێکی ئەفسوونی عەنتیکەی بەخشیبووە دەق، دەنا ئەو دەقە دیالۆگییە کە بەدرێژایی نمایش، دڵێکی زیندووی «هۆنینەوە درامایییەکە = الحبكة الدرامية» بوو، دەبووە گرفتێکی ئێجگار گەورەی نمایشەکە. هەر بۆیە دەسەڵاتی «زمان» لە فەنتازیای ڕستە و بەکارهێنانی وشەدا، هاوکات بوو لەگەڵ ئەو حیسابکردنە بۆ گواستنەوەی «دیالۆگ» لەسەر کاغەزەوە بۆ ئەدا و گەرووی ئەکتەر، بەپێی نەفەسی ئاخاوتن. ئەمەش هەڵگری پەیامی لەیەکدا تواندنەوەی «ئەدەب و هونەر» کە ئەو زمانە پاراوە شاعیرییە کوردییەی کردبووە «دیالۆگی درامایی» و کۆمەڵێ خەسڵەت و ئەرکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو کە کۆنترۆڵ و سیستەمێکی هونەری زۆر هەستیار و بەرز بەڕێوەی دەبرد. (ئەو دیالۆگە دەبێتە دیالۆگێکی درامایی، ئەگەر لە ڕەوتێکی دراماییەوە بێتو ببێتە هۆی خزمەتێکی درامایی دیاریکراو...) البناء الدرامي. د. عبدالعزيز حمودة. لاپەڕە ١٨٤.

«زمان» دەلالەتی ئەو هەڵچوون و داچوونە دەروونییانە بوو کە لە ناخی ناوەوەماندا ئەو داوونەریتە باوانەیان دەژیاندەوە کە ناتوانین فەرامۆشیان بکەین، دەلالەتی زیکر و مەرگ و شەهادەت، دەلالەتی تارا و شایی و ڕەو و نزا

و ناشتن.. دەلالەتی ناوی هەموو ئەو شوێن و کەسایەتییە ئاینی و نەتەوەییانە، تا پێکەوە هەموویان تەقسی ئەو کەشە شانۆییە ساز بکەن، بۆ ئەوەی ئەکتەر لە ناو خوێندنەوەی ئەو وێردە پیرۆزانەدا نوقمی موفرەدە هونەرییەکان بێت « .دەق» لە «سەردەمی بێتاوانی»دا هاوکێشە نەبوو، بگرە بنەما بوو، بنەمایەکی پڕ لە هێما و ئاماژە، تەلیسمێکی بەردەوام بوو لە بەگەڕخستنی ئەو دڵە زیندووەی کە دوای نمایش لە ناو پانتاییەکانی ویژدان و هەست و نەستماندا، بۆ زەوقێکی دوورتر بەزیندوویی بمێنێتەوە.

دەق نەیدەهێشت لە ناو ئیلمامێکی شانۆییدا، وڕ بین و قەتماغە ببەستین. هەموو کات لەودیوی هوشیارییەوە ڕای دەگرتین و بواری نەدەڕەخساند لە ناو غەیبانیەتی هەست و سۆزە عاتیفەکاندا ون ببین، ئەمەش پەیامی «شانۆی داستانی» و تێزە تیۆرییەکانی گەورەی هونەرمەندی شانۆ «برتۆڵد برێخت»ە کە دەیویست بەڕێگەی کردەی «نامۆبوون»ەوە، بینەر لەودیو ڕووداوەکانی نمایشی شانۆییەوە، دووچاری ڕامان و دڵەڕاوکە بکات و ئاوقای ئەو پرسیارانەیان بکاتەوە کە هونەرمەند لە قووڵاییەکانی فەلسەفەی بوون و ژیانی مرۆڤ و سەردەمەکەیدا دەیانبینێتەوە.

«سەردەمی بێتاوانی» بەگشتی گەلێک دیالۆگ و حاڵەت و گۆشە و دیمەنی شانۆیی و گەلێک گەوهەری بە پێز و پڕ بەهای فیکری و فەلسەفی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو کە پێکەوە گوزارشتێکی پڕ لە جوانکارییان لە مرۆڤی کورد و کێشەکانی ژیانی هاوچەرخی گەلی کورد کردبوو، بە بڕوای من «دەق " و پرۆژەی کارکردن لەسەر ئەم دەقە، سەرەتایەکی زۆر پتەو بوو بۆ پرۆژەی دامەزراندنی شانۆیەکی ڕەسەن و هاوچەرخی کوردی.

**تەوەرەی دووەم: نواندن**

لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەوە کرد کە دەسەڵاتی «زمان و دیالۆگ» لە دەقی شانۆیی «سەردەمی بێتاوانیدا» زۆر بەهێزە و سروشتی کاراکتەرە شانۆییەکان و ئەو تێکڕژانە پڕ لە جەنجاڵییەمان خستە ڕوو کە نووسەر لە

دەقە شانۆییەکەیدا بەرجەستەی کردوون، ئەمە بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ ئەو فەزا بەرینەی کە حەتمی و پێویستە بەتەنیا «ئەکتەر و بەهاکانی نواندن» دەبێت پڕی بکەنەوە. لێرەدا دەرهێنەر لە بەرجەستەکردنی ئەم دەقە شانۆییەدا کە نیشتمانێک بە خۆی و جوگرافیا و مێژووی ڕووداوەکانییەوە، نیشتمانێک بەخۆی و ئاین و زمان و داوونەریت و ئەفسانە و داستانەکانیەوە، لە خۆ گرتووە، بێگومان پێویستی بەو تێز و ئەزموونە نوێیانەی شانۆی هاوچەرخ هەیە کە کار لەسەر جەستەی ئەکتەر دەکەن و هێڵ و ڕووناکی و کاراکتەرە دەنگییەکان، ڕووداوە دراماییەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکە وەردەگێڕنە سەر زمانە هونەرییەکەی تەختەی شانۆ.

بۆ دەربازبوون لە کردارە ئاسایی و سواوەکان و هێنانەکایەی تێزێکی ئیستاتیکی، سوود وەرگرتنە لە هونەری «پانتۆمایم» هەر وەک «ژان لوی بارۆ» دەڵێ: (مەزنی هونەری پانتۆمایم لەوەدایە کە پانتاییەکی فراوان و بەرین دەبەخشێتە جووڵەی جەستە، ئەو جووڵە هونەرییە پڕ لە ئاماژەیەی کە لە وشە و دیالۆگەکان کاریگەرتر، کار بۆ دیارخستنی واتاکانی دەق دەکات...)(٣)

ئامادەگی کەرەسە دەرەکییەکانی ئەکتەر کە پێک هاتووە لە «جووڵەی جەستە + ئیمائەی دەموچاو» دەتوانێت ڕادەی مامەڵەکردنی ئەکتەر لەگەڵ هونەری پانتۆمایم دەسنیشان بکات. جەستەی ئەکتەر و توانای هونەریی ئەکتەرەکانی نمایشی «سەردەمی بێتاواتی» ئامرازێکی هەرە بەپێز و گوزارشتکاری هێڵەکانی دەرهێنان بوون و لە «یەکەی بینینی» نمایشدا، توانییان زۆر سەرکەوتووانە دەرهێنەر لە چنگ هەموو موفرەدە ئاسایی و سواوەکانی «دیکۆر + ئێکسسوار + جلوبەرگ + ماکیاج» ڕزگار بکەن. جووڵە و ئیمائەی خاتوو کوبرا مەلەکی بەجۆرێک لەگەڵ هونەری پانتۆمایمدا ئاوقایان کردین کە لە نێوانی قامکەکانیدا سیحری خولقاندن و فەوتاندنی شتەکانمان بینی و هەستمان پێ کرد کە چۆن لە بۆشاییی هەوادا، دەموچاو و جەستەی زامداری «وریا»ی مێردی ببینین و لەسەر چرپای نەخۆشخانە و ڕەفتەکەی ملی، پەت و سێپای سێدارە هەست پێ بکەین. تاوێک پارچە

پەڕۆیەکمان بۆ دەکاتە قامچی و تاوێک دۆلکە و خاولییەکمان لێ دەکاتە کۆرپە و مەلۆتکەیەکی پێچراو، بۆ خۆی بووک و شاییگێڕە و هەربۆ خۆیشی دەروێش و موریدی تەرتیلەی زیکرە. ئەمانە سیحری جەستە بوون، سیحری ئەو جەستە و جووڵە پڕ لە گوزارەی تا سەر ڕۆخی هەرە قووڵی هەست و ویژدان ئاودیو دەبوو. سیحری «کریج» واتەنی: (هەرگیز بڕوام بە سیحری شاراوە نییە لە مرۆڤدا، تەنیا بەو سیحرە نەبێت کە لە جەستەیەوە دەردەچێت..).(٤)

ماوەی دوو کاتژمێر تەنیا سێ خانمە ئەکتەر «کوبرا+ شیرین+ شەهلا» لە فەزای شانۆیەکی بەریندا و دوور لە هەموو کەرەسە و پێداویستییەکی« دیکۆر+ ئێکسووار» و لەبەر ڕووناکییەکی هەرە گەش و ڕۆشندا، نەمانبینی بۆ تەنیا یەک سات لە مەودای کاراکتەرەکانیان، لە پێکهاتەی نمایشەکە دابڕێن. ئەمە ئەو توانا و بلیمەتییە بە دیار دەخات کە تا چ ڕادەیەک لە زانستی بەهاکانی نواندن و لە جیهانی خوڵقێندراوی نمایش تێ گەیشتوون و هەستی پێ دەکەن، ئەگەر سەرنجت دابا، ئەو ساتانەش کە دەرهێنەر زۆر زیرەکانە بۆ ڕاگرتنی تەرازووی ڕیتمی شانۆیی و بۆ حەواندنەوەی کاراکتەرەکان، کڕ و خامۆشی دەکردن و تەرکیزی لەسەر دوور دەخستنەوە، تەنانەت ئەو ساتانەش هەست دەکرا کە هێشتا یاسای پێنجەمی «بنچینەکانی نواندن» لای «بارۆ» کە «چاودێری کاراکتەر = الرقابة الشخصية» نەیدەهێشت لە یەکەی نمایش دوور بکەونەوە، لەبەرئەوە هەست دەکرا ئامادەگییەکە، ئامادەگییەکی هەمیشەییە و دابڕان بوونی تێدا نەبوو. چونکە "گوێگرتن" لە "ئاخەوتن" بەهێزتر بوو، یەک ئاوێنەی تێڕوانینی ئەوی تر بوو، هەمووشیان پێکەوە ئاوێنەی ئەودیوی واتاکانی دەق و ئامانجەکانی نمایش بوون. «خەیاڵ + بەهرەی ئەفراندن+ هەستکردن بەڕیتمی شانۆیی+ تەرکیز+ هەستکردن بەواتاکانی وشە + زیرەکی ویژدانی» هەموو ئەمانە کەرەسە ناوەکییەکانی نواندن بوون لای ئەم خانمە ئەکتەرانە. توانای بەرزی ئەدای شانۆ لە گەیاندنی واتا و ئارەزووی گوێگرتن، بەهایەکی جوانیان بەخشیبووە، نمایش، فۆنەتیکی ڕەوان و نەخشکردنی هونەری بەرزی ئەداکردن، پێداویستییەکی

هەرە پێویستی ئەو جۆرە دەقە دیالۆگییانەیە، تاوەکو لە ڕێگەی گوزارشتی دەنگ و ئاخافتنەوە، واتای ئەودیوی وشەکان و جووڵەی فەلسەفی دەق بەدیار بکەوێت. چونکە لەم جۆرە نمایشانەدا، دەنگ و هونەری ئەدای ئەکتەر دەبێتە پێکهاتەیەکی بنچینەیی ڕیتمی شانۆیی، بە واتایەکی تر نەک هەر دەبێتە بەشێک لە یەکەی «بیستن» بگرە دەبێتە بەشێکیش لە یەکەی «بینین».

بەهرەمەندی ئەو سێ خانمە ئەکتەرە لەو تواندنەوە جەستەیی و ڕوحییەدا بوو کە پردێکی ئەوەندە ویژدانییان لە نێوانی بینەر و تەختەی شانۆدا کێشا، بەدرێژایی نمایش هۆڵەکەیان بەجۆرێک سڕ و خامۆش کرد، دەتوت بێ لە جووڵەی نمایش هیچ کەس و شتێکی تر گیانی لە بەردا نەماوە، ئەمە سیحری بەهێزی ئەو ڕیتمە شانۆییەیە کە زۆربەیان لە بەهاکانی نواندنی ئەو سێ خانمە ئەکتەرەدا خۆی حەشاردا بوو، بەتایبەت «کوبرا مەلەکی» بەو بەهرە ئەفسووناوییەوە، لووتکەی هەرە بڵندی خانمە ئەکتەری کوردی لەسەر شانۆی هەولێر دیاری کرد.

سەرەنجامی هەوڵی داهێنەرانەی ئەکتەر لە « سەردەمی بێتاوانی»دا ئاماژەی ئەو هۆشیاری و تێگەیشتنە زانستییەیە کە لە ئاستی جیهانی هونەری نواندندا هەیە و ئاکامی هەموو ئەو قوتابخانە شانۆییە جیهانییەیە کە هونەرمەندانی پێشەنگی وەک ستانسلافسکی و برێخت و مایر هۆڵد و تایرۆڤ و کرۆتۆڤسکی و پێگەی هەموو ستۆدیۆ و تیئورە نوێکانی شانۆی هاوچەرخە کە لە بەرهەمی کاری شانۆییدا، هەروەک گەورە هونەرمەندی شانۆی ڕووسی «ئەلکسەندەر تایرۆڤ» لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بانگەشەی بۆ کرد و «ئەکتەر و نواندن» وەک هونەرێکی باڵادەست گۆشەی تیژی سێکوچکەی هونەری شانۆ « نواندن پاشان دەق و دەرهێنانیش» ی پێ بەخشی. هەر بۆیە بوون و تێگەیشتنی «ئەکتەر» لە کوردستاندا بەو هەرەمە شانۆییە بەرزو درەوشاوەیە، مایەی خۆشبەختییەکی تری هونەرمەندێکی داهێنەری وەک (قوتبەدین سادقی)یە تا بتوانێت ئەزموونەکانی خۆی بۆ «بنیاتی شانۆی کوردی» بەشێوەیەکی هاوچەرخ تەرخان بکات.

**تەوەرەی سێیەم: دەرهێنان**

پرۆسەی دەرهێنان لە بەرجەستەکردنی هزر و فەلسەفەدا، لە گەیاندنی پەیامەکانی هونەر و دارشتنی دەلالەتە شانۆییەکاندا.. لە خولقاندنی هارمۆنیەتێکی بەرزی ریتم و هاوسەنگیدا.. بالادەستی لە بەرێوەبردنی هەموو موفرەدە و لایەنە جیا جیاکانی نمایشدا.. فەراهەمکردنی ئازادییەکی رەهەند لە بەدیارکەوتنی بەها ئیستاتیکییەکانی دەق و نواندن لە میانەی بەرهەمە شانۆییەکەدا.

هەموویان پێکەوە زادەی ئەو تەرزە کارکردنە بوون کە دوکتۆر قوتبەدین سادقی لە دەرهێنانی شانۆیی «سەردەمی بێتاوانیدا» پیادەی کردبوون کە بەهۆیەوە تێکرای پێکهاتەکانی نمایش، ئاستی بەرزی هونەرییان بە دەردەخست.

گەرانەوە بۆ سادەیی جوولە و تەکنیکی سەرەتایی و زۆر ساکار، ئازادییەکی بێ هاوتایان بەخشییە تەلیسمە فەلسەفییەکانی دەق و جوولەی دەروونی ئەکتەر. بەواتایەکی تر نەخشەی جوولە لەسەر تەختەی شانۆ بووبووە پاشکۆی جوولەی ناوەوەی کاراکتەر و جوولەی ئەودیوی واتاکانی دەق و دیالۆگ و رووداو، کەواتە «بینین و بیستن» پێکەوە کار بۆ تێگەیشتن و چێژ بەخشین دەکەن، ئەمەش بەهێزکردنی دەسەلاتی بەدواداچوون و دانەبرانە لە ساتەکانی نمایش.

سوود وەرگرتن لە هونەری پانتۆمایم و پتەوکردنی ئاستی گوێ گرتن و پێکەوە بەستنەوەی ئەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ، گەیشتبووە رادەیەک کە هەموویان ئاوێنەیەکی ئاراستەکراوی یەکتر بوون و بەجۆرێک مامەڵە شانۆییەکەیان رادەپەراند کە هەموو فەزای شانۆیی لە ئیمائەی دەموچاو و جەستەی ئەکتەر و ئەو رووداو و جوولە دەروونییانەی کاراکتەردا چر کرابوونەوە. جوولە لە ناو جوولەدا، واتە جوولەی جەستەی ئەکتەر و جوولەی تەختەی شانۆ، لە ناو جوولەی روحی ئەکتەر و واتاکانی دەقدا.

ئەمەش ئەو خێراییە برووسکەییە بوو لە تێپەڕینی کاتەکانی نمایشدا و هۆکارێکی هەرە زیندوو و کاریگەریی سەرکەوتنی ئەو تێزە شانۆییانەن کە «ئەدەب» بەهەموو قەوارە و بوونێکی خۆیەوە لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی کاری شانۆییدا خەفە دەکا و دەتوێنێتەوە.

پرۆسەی دەرهێنان لە «سەردەمی بێتاوانی»دا، باوکسالاری شانۆی بەسەر دەسەڵاتی چەمکە هونەری و ئەدەبییەکاندا دووپات کردەوە، تەوزیفی هەموو ئەو بیرۆکە و ڕووداو و وێردە ئاینی و نەریتە کوردەوارییانە، لە ناو ئازادییەکی بێ سنووری جەستە و گەرووی ئەکتەردا، ئەو بەها جوانکارییەی بەخشییە نمایش کە هەروەک «بریمون باییر» دەڵێ: (سیما بنچینەییەکانی ئەزموونی جوانکاری «الخبرة الجمالية» لەوەدایە کە ئەزموونێکی کراوەیە، هەرگیز لە توانای ئێمەشدا نییە، لە قاڵبێکی هونەری دیاریکراودا سنوورداری بکەین...)

توخمەکانی «ڕەنگ» لە بەکارهێنانی دیکۆر و ڕووناکی و جلوبەرگدا دوو ئەنجامی پێکابوو: یەکەم: بەهای ئیستاتێکی.

دووەم : بەهای هزر و دەروونی. تاڵە چوارگۆشە و پۆشاکێکی سوور لە ناو قووڵایی سایکێکی بەرینی سپیدا، ئاماژەی شۆڕش و دروشم و ڕاپەڕین و مێژوویەکی خوێناوی بوو لە ناو ئاسمانی نیشتمانێکی پاک و بێگەرد و سپیپۆشدا. بەرگێکی ڕەش لە ناو حەسرەتی زیندەخەون و خەیاڵێکی شینپۆشدا، تارمایی مێژووی ڕۆژگارە کۆنینە و بەسەرچووەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. ڕەنگی سەوز، ئەو زیکر و وێردە ئاینی و خواپەرستییەمان لە ویژدان دەژێنێتەوە کە هەموو کات بەزیندوویی لە ڕووکاری ناوەوەی ڕۆح و ویژدانماندا دەژی.

بەگشتی ڕەنگ هێمایەک بوو بۆ خولقاندنی کەشی شانۆیی، بۆ هەڵکشانی خەیاڵی ئەکتەر، بۆ خوێندنەوەی زیاتر و لێک جیاوازی بینەران.

بەکارهێنانی جەستە و ئیمای ئەکتەر بۆ گۆڕینی واتا و بوونی شتەکان، بۆ نموونە: گۆڕینی کورسی نەخۆش بۆ کورسی دادگایی و خاولی بۆ قامچی و ڕەفتە بۆ پەتی سێدارە و دۆلکەی ئاو بۆ منداڵی ساوا و گوڵ بۆ چەک و...

هتد. سوود وەرگرتن بوو لە ئەزموونەکانی «شانۆی هەژار»ی کرۆتۆڤسکی و ڕێساکانی هونەری پانتۆمایم. هەروەها بە گەڕخستن و پەنابردنە بەر ئاماژەکانی جەستە بۆ دەربڕینە فەلسەفی و هونەرییەکان، بەو پێگەیاندنە وەرزشییەی لە جەستەی ئەکتەردا خۆی دەنواند، پێداچوونەوەیەک بوو بە بنەماکانی شانۆی «مایرهۆلد»دا. ئەو بەش بەشکردنە درامایییەی دیمەنەکان و پچڕاندنی بینەر لە ترۆپکی ئیلمامە شانۆیییەکان و تەوزیفی کردەی «نامۆبوون» کە بەدرێژایی نمایش کۆنترۆڵی پەیژە دراماتیکییەکەی کردبوو، شانۆی داستانی « برتۆلد برێخت»ی دەهێنایەوە یاد. بەکورتی پرۆسەی دەرهێنان ئەزموونێکی داڕشتە بوو لە کۆی ئەزموونە شانۆیییەکان بەگشتی، وەک دەڵێ: (لە هەر باخێ، گوڵێ) باخچەیەکی ڕەنگین و هەمەچەشن و خۆکردی، توانای هونەری دەرهێنەری پێوە دیاربوو.

سەرەنجام لە تێگەیشتنی خۆم بۆ کاری دەرهێنان لە نمایشی شانۆیی «سەردەمی بێتاوانی»دا، چەکەرەی ژمارە بێ ئەندازەکانی پرسیار بوون. لەوانە: کاراکتەری کەژاڵ لە کاتێکدا گوێ بیستی ئەو فلاشباکە دەبوو کە لە ڕێگەی (ڕووناک)ەوە دەگەڕاینەوە لای پرشنگ، بۆچی کەژاڵ دوورەپەرێزی خۆی لە دەست دەدا و تێکەڵ بەو دیمەن و جووڵانەوانە دەبوو؟ لە کاتێکدا کەسایەتی کەژاڵ هیچ پێوەندییەکی دەروونی و دەرکی لەگەڵ ئەو بەسەرهات و دیمەنە شانۆیییانەدا نەبوو؟! ئەگەر ئەوە تەنیا پێوەندییەکی ئیستاتیکی بوو، ئەی بۆ پرشنگ لە هەموو یەکەی نمایشدا هیچ وەزیفەیەکی ئیستاتیکی نەدی؟ ئایا ئەم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری تر، لە نێوەندی ڕەگەز و توخم و کردە شانۆیییەکانەوە هوروژمیان دەکردە ناو مێشک و دەروونمانەوە کە هەموویان زادەی کردەی ئەو تەختە شانۆیە بوون کە بە هەموو لایەنەکانییەوە، نمایشێکی پڕ لە دەلالەتی و وردە جوانییان ئاراستە کردین و بوونە چەندین پرسیاری بێ وەڵام، یان ڕاستتر وایە بڵێین فرە وەڵام.

ئەمەش هەوڵێکی تری پڕ مەبەستە لای دەرهێنەر، بۆ ئەوەی لەودیو دەرگەی هۆڵەکەوە، نمایش بەردەوامی هەبێت لە زەینی بینەراندا و عەودالی

دەسـتگیـرکـردنی وەڵامـی ئەو پرسـیـارانە بێت کـە مـرۆڤی سـەردەم ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماوە بگوترێ لەبارەی هەوڵی شانۆکارانی کورد لەمیانی ئەو ڕەوتە ڕۆشنبـیـرییـەی کـە لە ئارادا هەیە، ئایا ئەو هـەوڵانە بزاڤـێکی شـانۆییـیـان بەرپا کـردووە، یان پرۆژەی دامـەزراندنی شـانۆیەکی کـوردییـان هێناوەتە بەر؟

بەبڕوای من بەدرێژاییی مێژوو، بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و هەوڵێکی گشتی و سەرتاپاگیر بووە بۆ گەشە شارستانییەکان و لە هەمان کاتیشدا ئەفراندنێکی هونەریی بووە لای کەسایەتی هونەرمەند. هەر کاتێکیش بمانەوێت ئەو بزاڤە بگوێزینەوە بۆ قۆناغێکی نەتەوەیی، یان ناو لێنانێکی میللی و خۆماڵی، ئەوە پەیامێکە تەنیا «تێکستی شانۆیی» دەتوانێ ئەو تێپەڕاندن و گۆڕانە بخوڵقێنێ و دەستەبەری بکات. واتە ئاوێتەبوونی ئەو ئافەریدە هونەرییەی هونەرمەندان لە ناوەندی بزاڤەکەدا، بە کەلتوور و فەرهەنگی گەلێکی تایبەتەوە. ئەو دەمە ئەو بنیاتە دەبێتە بنیاتێکی شانۆیی نەتەوەیی. بەردەوامی چڕ و هەمەلایەنەی هونەرمـەندان و نووسـەران بـەم ئاراسـتـەیەدا دەتوانێ پرۆژەی دامـەزراندنی شـانۆیەکی کـوردی بهێنێتـە دی. نمایشی شـانۆیی «سـەردەمی بێتـاوان» ی دکتۆر قوتبەدین سـادقی وەک (دەق+ نواندن + دەرهێنان) هەوڵێکی ئێجگار مەزن و ناوازەیە.

هـەوڵدان بۆ بەردەوامی لەسـەر ئەم تەرزە بەرهـەمـە شـانۆییـانە، ئاراستەیەکی دروستی هەڵکشانە بەرەو پرۆژەی دامەزراندنی شانۆی کوردی کە خەون و ئومێدی هەرە پیرۆزی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کوردە.

پیرۆز بێت لە هونەرمەندی شانۆکاری کورد دوکتۆر قوتبـەدین سـادقی و تێکڕای بەشـداربووانی نمایشی «سـەردەمی بێـتـاوانی» کـە بە بەهرەی گوڵڕەنگی خۆیان، توانییان ئەم شەختە بەستەڵەکییە ساردوسڕەی شانۆییمان بتـوێنێتـەوە و لە مـێـشک و دڵ و دەروونی ئێـمـەشـدا، وێردێکی پیـرۆزی درێژخایەنیان پێ خەتم کردین.

پەراوێزەکان

١- مسرح يونسكو – الناشر دار المفكر – دراسة محمد جمعة – ترجمة المسرحيات – محمود حجازي. لاپەڕە ٦٢.

٢- المخرج في المسرح المعاصر. تأليف: سعد اردش. لاپەڕە ١٧١.

٣- دراسات في الأدب والمسرح. بقلم. كمال عيد. الدار المصرية للتأليف والترجمة. ١٩٦٦. لاپەڕە ٢٦٢.

٤- في الفن المسرحي. تأليف – ادوارد جردون كريج. ترجمة دريني خشبة. لاپەڕە (٦٩).

## خوێندنەوەیەک بۆ
## کوتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف

نمایشی شانۆیی «نالی و خەونێکی ئەرخەوانی» وەک نووسین و دەرهێنان، یەکەمین دەستپێکی ئەو تەرزە شانۆییە ئاهەنگ ئامێزە بوو کە هونەرمەندی شانۆکاری کورد مامۆستا «ئەحمەد سالار» بانگەشەی بۆ کرد. شانۆیەک لێوانلێو لە کولتوور، فۆلکلۆر، فەرهەنگ، مێژوو، داوونەریت، سەرگوزەشتەی کوردەواری. بەڵام داپۆشراو بە بەرگێکی هونەری بەرز و ڕیتمێکی پڕ لە جوانکاری شانۆیی.

زنجیرەی ئەو تەرزە شانۆیە درێژەی کێشا تا «کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ» و «جەزیری وانەی ئەڤین دادەدات» و «لە ژێر تارای سورمە چنا» و «ئاهەنگێ لە هەوارگەی یارانا» و «ڕۆژانی گوڵڕەنگ» تاوەکو «کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف «. یەک لەوی تر کامڵتر، بۆشناختر، بەرزتر، پێگەیشتووتر، کە هەموویان پێکەوە شێوازێکی نوێ و شانۆیەکی جودا لەوەی کراوە و دەکرێ، جودا لەوەی بووە و هەیە. هەربۆیە پاش «دە» نمایش و پاش «یانزە» ساڵ بەردەوامبوون لەسەر ئەو شێواز و ڕێبازە، ئەرکێکی ویژدانی و خەمخۆرانەی ڕەخنەگرانە کە وێستگەیەک بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن نیشانە بکات. ڕەنگە شانۆیی «کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف» وێستگەیەکی باش و لەبار بێت بۆ ئەو مەبەستە.

شانۆی «کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف» لە نووسینی مامۆستا ئەحمەد «سالار» و دەرهێنانی مامۆستا «ئەرسەلان دەروێش» و نواندنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی و هەولێر و لە بەرهەمهێنانی «تیپی

شانۆی سالار» و بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەسەر تەختەی شانۆی «هۆڵی گەل» لە شاری هەولێر لە مانگی حوزەیران و پاشانیش لە میوانداریێتی «یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان»دا هەمان شانۆیی لە ڕۆژانی ٩ – ٢٠٠١/٧/١٠ لەسەر هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نمایش کرا. کە لە هەردوو نمایشەکەدا ژمارەیەکی زۆری بینەرانی هەولێر و سلێمانی ئامادەی بووبوون.

### دیدگای دەق

مامۆستا سالاری هونەرمەند وەک هەردەم سونبولە پتەوەکانی نەتەوەکەمان بۆ یاداشت دەکات، ئەو سونبولەی داینەمۆی جیهانێک لە جوامێری و سەرکەشین، جیهانێک لە میحنەت و نەهامەتین، سونبولێک مێژوویەک لە ڕووداو، چیرۆک، هۆنینەوەی درامایی، کاراکتەری بزاوت و نەسرەوت و پڕ لە لایەنی جودا، ململانێ و کێشمەکێشی سەراسیمە و پڕ عەنتیکەی پڕ لە بەهای بەکۆڵەوەیە.

نالی، مامۆستا سالاری لە خەونێک بێدار کردەوە و پەلکێشی خەونێکی تری ئەرخەوانی دەکات، خەونێک کە لە قووڵاییی خۆیدا بە مەلای جەزیری و سوارە و نالە و مەحمود خدر و پیرەمێرد و فەقێ تەیران و بەدرخان و هەباسی جەزیری ئاشنا دەکات و دوا جاریش لە تەرتیلەی پرسە شینی کوتەڵەکەی شەنگترین پیاوی مێژووی هاوچەرخی کورد «ئەحمەد موختار جاف»ی شاعیردا ڕۆژژمێری ژیانێکی جەنجاڵ و کارەساتێکی جەرگبڕمان بۆ هەڵدەداتەوە. ئەحمەد موختار وەک بنیاتی درامایی، وێستگەیەکی ترە لە مەملەکەتی ویژدانەوە بەڕێ کەوتووە لە پانتاییەکانی ویژدانی ئەمڕۆی کورددا دەیەوێت لەنگەر بگرێت، بنیاتێک کە کێشە و دیمەنە جیاجیاکانی وەک برووسکە و خەون و خەیاڵ، گەوهەری موفرەدە ئێجگار وردەکانی ئەو سەردەم و ڕۆژگار، ئەو شیعر و شاعیرە ناوازە و دەنگ زوڵاڵە، ئەو مەرگە تاساو و کارەساتە پڕ لە پەنهانە.. لە نێوەندی زار و پێوەندییەکانی کەسایەتییەکانی (هەباسی جەزیری، گوڵ خونچە، حەللاج، ئەحمەد موختار، نالی، پوورە

ڕەعنا، مارف ، میرزا فەرەج ، حەبیبە و سەلما و... هتد) دەمانبەنە شوێنگەی ئەو ڕووداوە تێکرژاوانەی ئەحمەد موختار تێدا دەخولقێ و دەفەوتێ و دەبێتە پاڵەوانێکی تراجیدی.

مامۆستا سالار بەدرێژایی ڕۆنانە دراماییەکەی لەگەڵ ئەحمەد موختار وەک کاراکتەرێکی سەرەکی لە ناو نمایشدا مامەڵە ناکات، بگرە وەک کەسایەتییەک دەبێتە پاشگر بۆ "کۆتەڵ" کە ڕووداوێکە. "ڕووداو" کە ڕووداوەکانی تری مێژوو بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات، لەوانە "چوون و نەچوونەکەی نالی" دەست قردانەکەی هەباسی جەزیری» «دادگاکەی حسەینی کوڕی مەنسووری حەلاج».

کەواتە کاراکتەری شانۆیی لە دەقی "کۆتەڵ"دا کاراکتەری بەرپاکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکانە، کاراکتەری ڕاگواستنی ململانێ و کێشمە کێشەکانە، کاراکتەرێک «کریج» واتەنی: وەک بووکەشووشەیەک حاڵەتە دراماییەکان وەک خۆی "بێ زیاد و کەم" بگوێزێتەوە.

ئەم بەکارهێنانە دراماییە لە دەقی «کۆتەڵ»دا ئەڵقەیەکی تری ئەو زنجیرە ئەزموونەی مامۆستا سالارە کە وەک دەرهێنەر و ئەکتەر، ئینجا وەک نووسەرێک دەخوازێ ئەکتەر لە تەوزیفی ڕووداودا تواناکانی جەستە و ئەدای خۆی بەدیار بخات، نەک وەک شانۆیەکی تەقلیدی ئەکتەر لە ئیلهام و پێگەیاندنی کەسایەتییەکی دراماییدا، خۆی ماندو و سەرقاڵ بکات .

هەر بۆیە ئەکتەر لە نێوەندی لایەنەکانی کەسایەتی کاراکتەردا هیچ پێوەند و پاوانکارییەکی نییە و لە سەربەستییەکی ڕەها و بەریندا، لە ناوەندی تێڕوانینەکانی دەرهێنەر و خودی ئەکتەر خۆیدا مەلە دەکات و پەل دەهاوێ. کەواتە کاری نواندن بووە کارێکی ئەزموونکاری، ئەزموون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تواناکانی جەستە و فۆنەتیک و مەوداکانی فیکر و فەلسەفەدا.

کەواتە مامەڵەی مامۆستا سالار لەگەڵ کاراکتەر، دیالۆگ، هۆنینەوەی شانۆیی، ململانێ، یەکەی کات و شوێن و هەموو بنیاتەکانی تری دەق،

مـامـەڵەیەکی پڕ لە بـەها و ئاماژەیە، هێـما و ئامـاژەیەک کـە زادەی خـەونە بڕووسکەییەکانی ناوەوەمانە، تا بەمل ڕووداوە دراماییەکاندا بکەوین.

هەربۆیە کارکردن لەسـەر دەقە شـانۆییـەکانی مامـۆستا سـالار، پرۆسـەی دەرهێنانی پێـویسـتـە.. دەرهێنان وەک پرۆسـەی پشت بەستن بـەواتاکـانی داهێنان و ئەفراندن.. دەرهێنان وەک پـرۆسـەی گـەڕان و عـەوداڵبـوون بەشـوێن دۆزینەوە پەنهانەکاندا.

بنیـاتی دەق، ئەو فـەنتازیا خـەیاڵی و هـونەرییـەی خـوڵقـاندووە کـە دەکـرێ بەهەر شـێواز و ڕێبـازێکی هونەری کاری لەسـەر بکرێ، لەسـەر هەر شـێوە و جۆرێکی تـەختـەی شـانۆیی نمایش بکرێ. ئەمـەیش بەربەرەڵاکـردنی ئاسـۆی بینین و تێـڕوانینی هونەرمـەندە، تاوەکو ئەو سیسـتـەمە هەڵبـژێرێ کە خۆی دەیخوازێ.

هەمـوو ئەمـانە ئەوە دەسـەلمێنـێ کە دەق بە هەمـوو بەشـەکانییـەوە دەقێکی پەخشکارە، لە پێناو بەدیارخـستنی کۆمـەڵێک ڕووداو. کە هەمـوویان بەیەک ئاراسـتە زادەی ملـمـلانێی کوردن لەگەڵ ئەو واقیـعی ژیانەی لە سـەردەمە جیا جـیـاکـاندا ئاوقـای هـاتووەتەوە، کـەواتە هـەڵاوسـانی «ڕووداو» بەسـەر «کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا» دیدگایەکی بابەتییانەیە بۆ تێڕوانینی کێشە و ملـمـلانێکان. ئەمـەش دەمـانگەیەنێـتـە ئەو سـەرەنجـامـەی کـە بڵـێین: یەکگرتنەوەی ملـمـلانێکان بۆ بەهێـزکـردن و خـوڵقـاندنـی ڕووداو بە هـەردوو جـۆرەکـەیەوە «ڕووداوی ئاڵۆز + ڕووداوی سـادە» ئەکـتـەر و کـاراکـتـەریش بەهـەمـوو تایبـەتمـەندییـەکـانیـیـەوە، هێـزێکی بـێ سنووری پـەخـشـکارن بۆ خـووڵقـاندنی بەهاکـانی دەق کـە بەشـێـوەیەکی سـەرەکی لە ڕووداودا خـۆی دەنوێنێ و هەروەها بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو پرسە ئەزمـوونکارییەی کە دەرهێنەر لە دیدگای خودی خۆیەوە تێکەڵ بەدیدگای بابەتییانەی نووسەر دەکات.

### دیدگای دەرهێنان

سـەرەتا جـێگەی ئامـاژەیە هونەرمـەند «ئەرسـەلان دەروێش» تـەنیـا

هونەرمەندێکە بەپلەی یەک وەک دەرهێنەر و بەپلەی دوو وەک ئەکتەر، ئاوقای ئەم ئەزموونە نوێیەی مامۆستا ئەحمەد سالار بووە و لە جێگیرکردنی پەیامی ئەم تەرزە شانۆییەدا، لە دوای مامۆستا سالار خۆیەوە بەپلەی دوو دێت. دووبارەکردنەوەی کاری هاوبەش مانای هاوسەنگی، هاوسۆزی، هاودیدی نیشان دەدات، کەواتە دەقەکەی مامۆستا سالار لە قەدەری ڕێکەوت ڕزگار بووە و دەبێ و پێویستە پرۆسەی دەرهێنان پەی بەوردەکارییەکانی دەق بردبێ و لە گەیاندنی پەیامی نووسەردا ئامانجە بنچینەییەکانی تێ پەڕاندبێ.

یەکەمین دەسپێکی نمایش دیکۆرێکی نیو بازنەیی بەیەک ئاست و دوور لە بە دیارخستنی جێگە و شوێنێکی تایبەتمەند، لە ژێر ئاراستەی تیشک و ڕووناکییەکانی ڕۆشندا و هەر هەموو ئەکتەرەکان پێکەوە و بەیەک دەنگ و ئاواز و بەیەک جۆر پۆشاک و بەیەک شێوە دابەش بوون بەسەر تەختەی شانۆدا، ڕامالینی ئەو ئیلمامە شانۆییەیە کە ئەکتەر لە ئاستێکی وەستاوی قالبکاریدا خۆی خەفە بکات و لە نێوەندی لایەنەکانی تەنیا کاراکتەرێکدا یاری بکات. کەواتە کاراکتەرەکان داڕشتە نەکراون و لە ژێر هەر چەپکە تیشکێکی ڕووناکدا ڕەنگێک دەنوێنن و لە هەر کاتێکی نمایشدا کاراکتەرێک دەخوڵقێنن و لە هەر ڕووداوێکدا جۆرە ململانێیەک دەگێڕن.

ئەمە تێگەیشتنی دەرهێنەرە بە ئاراستەی نووسەر، واتە گەڕاندنەوە بۆ زمانی جەستە و دەلالەتەکانی سەما و جووڵە و ئیمائەی دەموچاوی ئەکتەر تا وەک بتوانێت لەگەڵ سیحری خەیاڵدا، شوێن ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی بکەوێت و ئەو ڕیتمە شانۆییە نەرم بکات کە ئەزموونە شانۆییە نوێکانی دنیا بەدوایدا وێڵ و سەراسیمەیە. ئەکتەرێک توانای جەستەی هێندە بەرین و ڕاهێنراو بێت، بتوانێت لە هیچ شت دروست بکات و کورد واتەنی لە گوێزێک گردێ بخولقێنێ. هەربۆیە دەرهێنەر مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ داڕشتنی جووڵەدا کردبوو کە جودا لە ئەزموونە هاوبەشەکانی تری لەگەڵ مامۆستا سالار، هاتووە جووڵە و سەمای کردووەتە ئەلتەرناتیفی ئەو گۆرانی و وێرد و بالۆرە فۆلکلۆرییانەی کە بۆ پێکەوە گرێدانی دیمەنەکان بەکار دەهێنران.

ئەمەش بەگۆڕانکارییەکی جەوهەری دەژمێردرێ و لەدوای بینینی نمایشەکەوە ئەو تێـڕوانینەمـان دەگـۆڕێ کـە لەسـەر بینینی لەمـەوبەری ئەزمـوونە شانۆییـیەکانی مـامۆستـا سـالارەوە لامـان دروست بووە. هەربۆیە بەهەمـان ئاراستـەی دەق، دەرهێنەر توانیـبووی لە پرۆسـەی کـاری دەرهێناندا مـامەڵە لەگـەڵ ڕووداوەکـاندا بکات، نەک کـەسـایەتیـیـە درامـاییـیـەکـان کـە ئەمـەش هاوکاری و هاوبۆچوونی دەرهێنەر و نووسەری بەدیار دەخست.

بەکــارهێنانی دار، دەمــامک، دەست، جلوبەرگ، ڕەنگ، تابلۆی نووسین، گوریس و گوڵەنکە و... هتد، تاڕادەیەکی زۆر توانیبووی خزمەتی جۆرەکانی تەرکیـز و گۆڕانکارییـە شـانۆییـیـەکـان بکات. واتە وەک ئامـرازێک لە ڕووی فۆرمـەوە کاریان لەسـەر بنیای نمایش کرد، بەتایبەت لە کلێشەکانی جووڵە و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی جەستەی ئەکتەر.

هـەرچەندە لاوازی تیــشک و نەبوونی ڕووناکی وەک پێــویست، بەها وێنەییـیەکانی بێ ڕەنگ و شەوق کردبوو. وەلێ لە ڕووی بابەت و دەلالەتەکانی هزر و فـەلسەفییەوە، بێ ئامانج مایەوە و نەیتوانی وێنەکان مانادارتر بکات. سـەرباری ئەمانـەش نا ئامادەگی جـەستەی ئەکتـەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانســتی ڕاهـێنراو، بـەیەکـێک لە ئاسـتـەنگە هەرە دیارەکـانی ئـەم نمایشـە دادەنرێت. چونکە بنیـاتی نواندن، بنیاتێکی ساتەوەختییە و توانایەکی بەرزی ئامـادەکراوی ئـەکتـەری دەوێ، تاوەکـو بتـوانێت لەگەڵ سـاتەکـانی نمایشـدا بەهاکانی نواندن بەدیار بخات.

هەر بۆیە لەم کارە کۆمەکییانەدا کە جەستەکان تێکەڵ دەبن و لە بنیاتی دیمەن و تەشکیلە هونەرییـەکـاندا یەک ئەوی تر تـەواو دەکـەن. پێـویسـتـە ئەکتـەرەکان ئامـادەکراو بن، تـاوەکو بتـوانین وێنە و حـاڵەتە دراماییـیەکانی نواندن لە چوارچێوەیەکی هونەری بەرزدا بەرجەستە بکەن.

بێگومـان ئەم ئامـادەکـارییە لە خۆڕا دروست نـابێت و پێـداویسـتی بوونی ستۆدیۆ و وەرشەی هونەری بۆ زانستەکانی نواندن دێنێتە گۆڕێ کە جێگەی نیگەرانییە لە کوردستان جگە لە هەوڵە تاکەکەسییەکان نەتوانراوە کارێکی ئا

لەو جۆرە جێبەجێ بکرێ و بهێنرێتە ئاراوە. لێرەدا هەوڵی دەرهێنەر بۆ سادەکردنەوەی دیمەن و تەشکیلە شانۆییەکان، هاوسەنگی جووڵە و خێرایی ڕیتمە شانۆییەکەی پاراستبوو. لە کاتێکدا بەردەوام لە ناو پێکهاتە شانۆییەکاندا کاراکتەرەکانی بەدیار دەخست، واتە تەشکیلە بۆ خووڵقاندنی کەشی دیمەنە دراماییەکان، وەک دروستکردنی پرد و حوجرە و ماڵ و دادگەو... هتد. ئەمە جگە لە سازکردنی وێنە شانۆییە بزاوتەکان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جوانکاری بەرهەمە هونەرییەکە کە گۆڕانێکی بەردەوامی لە یەکەی بینینی نمایشدا دروست کردبوو.

دەسەڵاتی دەرهێنەر بەم ئاراستە فراوانەی بەکارهێنانی جووڵە و تەشکیلەی شانۆیی بەدرێژایی حەفتا دەقیقە، توانای بەرز دەرهێنان دەسەلمێنێ و ئەگەری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر بۆشاییە هونەرییەکان و نائامادەیی جەستەی ئەکتەر نەبوونایە، بەهەمان ئاستی فەزای بەرینی دەق، تاپۆی خەیاڵی نووسەری دادەپۆشی و ئەو بەرهەمە شانۆییە جۆرێکی تر لە نمایشی بە خۆیەوە دەدی. بەڵام سەرەنجامی هەموو ئەمانەی کە باسمان لێوە کرد، لە کۆکردنەوەی گشتیدا بەهۆی ئەو ئاستەنگانەوە، مەوداکانی وێنە نەیانتوانی پانتاییەکانی شیعرو ئەو سنوورە شاعیرییە تێپەڕێنن کە نووسەر بەدەوری دەقەکەیدا دای ڕشتبوو. هەر بۆیە خوێندنەوەی شیعرەکان لە گوتارێکی شاعیری نەچووە دەرەوە و نەیانتوانی لە کردارێکی شانۆییدا، ئەو ئاوێزانە جوانکارییە هونەرییە ساز بکەن کە بینەر پاوەندی ساتەکانی نمایش بکەن و لە ناو گێژەنی ئەو ململانێ و ڕووداوە ون و نادیارانەدا نوقمی هەڵوێستە ساتەوەختییەکان بکات. چونکە نەخشەی جووڵە کۆمەڵییەکان نەچوونە خزمەت بەرزکردنەوەی هێڵە دراميیەکان و تا ڕادەیەک بوونە بار بەسەر هێڵەکانی دەرهێنانەوە، بەتایبەت لە داڕووخانی ئەو پەیامە ویژدانییەی کە نووسەر دەیویست لە گۆشە لەیەکچووەکانی ژیانی شاعیر و کەسایەتییە خاوەن کێشەکانی وەک خۆیەوە، دووچاری ڕاچڵەکین و خرۆشانە دەروونییەکانمان بکات.

گەڕانەوە بۆ دۆسیەی تاوانی کوشتنی شاعیرێک، هەڵماڵینی ڕووی دولبەرێکی وەک خونچە گوڵ، بەردەوامی شین و ڕۆڕۆی کۆتەڵێکی دڵ بەسوێ، گاڵتەجاڕی دادگە بێ دادوەرەکان، بڕینەوەی باسکی دەستڕەنگینێکی وەک هەباسی جەزیری..

زەنگ لێدانی دیوی ناوەوەی هەست و ویژدانە، تاوەکو بگەینە لووتکەی «پاکژبوونەوە» و لەگەڵ ترپەی ڕەوی کۆتەڵدا بێدار ببینەوە و مەینەتییەکانی وەلاوە نێین و هەموو پێکەوە ڕێ بەکۆتەڵ بگرین بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە ڕوحی و ویژدانییە پێویستمان بەوردەکاری زیاتر هەبوو لە جووڵە شانۆییەکان، جووڵەیەک لە خامۆشی ڕامانپەڕێنێ و ئەو وێنانەمان پێ ببەخشێ کە بەرجەستەی ئەو حاڵەتە ویژدانییانە دەکەن.

جووڵە لە نمایشی «کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف»دا، لەگەڵ هەموو حساباتێکی زانستی لە دابەشبوون و جێبەجێکردندا، هێشتا لە گەیاندنی ئەو پەیامە ڕوحییەدا نەیتوانی هاوسەنگی خۆی مسۆگەر بکات. هەڵبەتە مەبەستمان لە جوانی نییە، بگرە لە واتای جووڵەکانە.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماوە بگوترێ، توانای بەرزی نواندنی مامۆستا سالار لە ناوەڕاستی نمایشە شانۆییەکەدا، هۆکارێکی هەرە کاریگەریی پتەوکردنی ئەو ڕیتمە شانۆییە بوو کە نمایشەکەی لەسەر بنیات نرابوو. ڕەنگە زۆر قورسیش نەبێت بڵێین: مامۆستا ئەرسەلان ئەگەر ئەم بەرهەمەی بەمۆنۆ دراما پێشکێش بکردایە، کارتێکەری زیاتری لەمەی ئێستا دەبوو، چونکە پێگەی دەقەکە لە ڕووی ڕۆنانە دراماییەکەوە ئەو بوارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت. بێگومان ئەمەش کەمکردنەوە نییە لە توانا و ئەزموونی ئەکتەرە بەشداربووەکان، یان لە ئاستی سەرکەوتنی بەرهەمە شانۆییەکە بگرە ئەمە سروشتی ئەو بنیاتە درامییەیە کە پانتاییەکانی «دەق» پێمان دەبەخشێ.

## پێگەی "ڕەشەی پۆلیس" و "حەسەنەفەنی"
## لە درامای تەلەفزیۆنی کوردیدا

«ڕەشەی پۆلیس» و «حەسەنەفەنی» ئەو دوو زنجیرە تەلەفزیۆنییە بوو «کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردسات» لە هەردوو مانگی پیرۆزی ڕەمەزانی «٢٠٠٢ و ٢٠٠٣» پەخش و بڵاوی کردەوە، ئەم دوو بەرهەمە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند «حوسێن میسری» و بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی بەرچاوی سلێمانی و بەرهەمهێنەری هەردوو بەرهەمەکەش «بەشی درامای تەلەفزیۆنی خاک» بوون.

حوسێن میسری هونەرمەند زۆر هوشیارانە بەم دوو بەرهەمە لە کاتێکی گونجاودا زەنگێکی زۆر کاریگەری لە هزری بینەرانی کورددا زرینگاندەوە کە لە چ پێداویستییەکی گرینگی ئەم چەرخە بێ بەشکراوە و لە چ سامانێکی گەورەی نەتەوەیی خۆی نابینا کراوە؟! کە لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری هونەرمەندانی بەهرەدار و بەتوانا و دڵسۆزە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، بەرپرسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری کوردی دوای دامەزراندنی سێ کەناڵی ئاسمانی و دەیان تەلەفزیۆنی ناوەخۆیی لە خۆیان بپرسن، سستی و لاوازی لە بەرهەمهێنانی درامای تەلەفزیۆنیدا چ بەدبەختییەکیان بۆ شاشەی تەلەفزیۆنەکانی خۆیان و بینەرانی کورد دروست کردووە؟! «شانۆ قوتابخانەی گەلە»کەی لە دروشمێکی سەر لافیتەوە دەبێتە قوتابخانەیەکی ڕاستەقینە؟! چ بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی هێندەی «دراما» دەتوانێ بینەرانی کورد بەهەموو ئاستە جیا جیاکانییەوە لە دەوری شاشەی تەلەفزیۆنییەکانیان خڕبکاتەوە؟ چۆن و کەی دەزگاکانمان دەبنە پێگەی پێگەیاندنی هونەرمەندانی کامڵ و هونەرەکەشمان دەچێتە قۆناغی درەوشاوەی دامەزراندنەوە؟

ئەم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری تر و لایەنە ئیجابییەکانی ئەم دوو بەرهەمە بەتایبەت لەو کاتە ناسک و گونجاوەی کە تێدا نمایش کرا، وای لێ کردم کە خۆم لە کەموکوڕی و خۆزگەی باش و باشتر ببوێرم کە لە ڕووی گشتی بەرهەمەکاندا بەدی دەکرا.

## نووسین

"ڕووداو + ململانێ" لە هەردوو بەرهەمەکەدا ژیانی ئاسایی خەڵکی کوردستانە و نووسەر زیرەکانە هەردوو جەمسەری خێر و شەڕ، باش و خراپ، جوانی و دزێوی، ڕەش و سپی پێکەوە بەهێڵێکی دراماتیکی ململانێکە لە خاڵی «دێباچە»وە دەگەیەنێتە «خاڵی بڵندرۆ» و لەوێشەوە بەرەو «ترۆپک» و «کۆتایی» شۆڕمان دەکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی دیمەن و ڕووداو لە خزمەت چڕکردنەوەی ململانێکەدایە و هەڵچوونێکی دراماتیکییانەی بەهێز کاراکتەرەکان دەجووڵێنێ. هەربۆیە هەست دەکەین کاراکتەر لە ناو فەزای ئازادییەکی ڕەهەندا دەژی و هیچ زۆرەکارییەکی بەسەرەوە نییە و بۆ خۆیان دەدوێن و بەشەڕدێن و ئاشت دەبنەوە. لایەنەکانی پاکژبوونەوە، گاڵتەجاڕ، پەروەردە، چێژ وەرگرتن، جوانکاری، کۆمەڵایەتی، بەدواداچوون، ئارامگیری... لە قامەتی گشتی بەرهەمەکەدا بەدی دەکرێ و زۆر بەئاسانی بینەر گیرۆدەی ڕووداوەکان و هۆنینەوە دراماییەکە دەکات و تاوەکو کۆتایی بەدیار خۆیەوە دەیهێڵێتەوە. نووسەر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ "دیالۆگ"دا دەکات و وەک بنەمایەکی گرینگ بووەتە لایەنێکی پێکهاتەی کەسایەتییەکان چووەتە خزمەت ڕۆنانە دراماییەکەوە، واتە زمان، زمانی ئاخافتنی خودی کەسایەتییەکان خۆیانن و ئەمەش پێچەوانەی زۆرینەی ئەو دەقە کوردییانەیە کە هەست دەکەیت زمان تەنیا زمانی یەک کەسە کە ئەویش زمانی نووسەرە. هەربۆیە ئەمە بە یەکێک لەو هەوڵە ناوازانە دەژمێردرێ کە نووسەر توانیبێتی لە فەزای زمان و دیالۆگدا واقیعیانە مامەڵە بکات و لە کاتی گوێگرتندا هەست بەهیچ جۆرە سانسۆرێک نەکەین کاراکتەر بدوێنێت، ئەمەش هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نواندن.

دانان و داڕشتنی کاراکتەر، سیمایەکی تری هەرە گرینگی سەرکەوتنی هەردوو بەرهەمەکە بوون، بەدرێژاییی نمایشی هەردوو بەرهەمەکە هەستمان بە لاوازبوونی هیچ کاراکتەرێک نەکرد و هەموو ئەو کاراکتەرانەش کە داینەمۆی بنەڕەتی ململانێ و ڕووداو بوون، زۆر زانستییانە لایەنەکانی (سۆسیۆلۆجی + بایەلۆجی + سایکۆلۆجی) بەدیار خرابوون و هەر هەمووشیان پێکەوە لە خزمەت ڕۆنانە دراماییەکەدا کاریان دەکرد. کاراکتەری سەرەکی و ناوەندی و کۆمبارس هەریەکە بوونی خۆی هەبوو لە ڕووداودا، لە هەڵچوون و ململانێدا، لە خولقاندنی کەشی نمایشدا کەسایەتییەکان بەجیا لە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانەوە هاتوون و پێکەوەش کاریان بۆ یەک خاڵی جەوهەری کرد کە یەکەی نمایش بوو. کاراکتەر لای حوسێن میسری بەهێزترین بنەما بوو بۆ داڕشتنی ڕووداوی ئاڵۆز و ڕووداوی سادە، واتە کاراکتەرەکان هەندێک جار بۆ خۆیان دەبوونە ڕووداو. بۆ نموونە کاراکتەری «ڕۆستەم» لە «ڕەشەی پۆلیس» و کاراکتەری «هێمن» لە «حەسەنەفەنی»دا کە هونەرمەند «غەفورعەبدوڵا» سەرکەوتووانە ڕۆڵی هەردووکیانی بینی. یان کاراکتەری «عەزەکوێرە» لە «ڕەشەی پۆلیس»دا کە هونەرمەند «عەلی توانا» ڕۆڵەکەی بینی. ئەوەش سەلیقەیەکی تری نووسەرە تاوەکو بەهای کاراکتەر وەک جۆرێک لە تەداعیات بەسەر خودی ڕووداوەکانیشدا فەرز بکات. کاراکتەر لە پەرش و بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانیشدا بایەخێکی گرینگی هەبوو کە نووسەری لە تەنگەنەفەسی ململانێکە ڕزگار کردبوو، تاوەکو باز بازێنێکی ئازادانە بەسەر گۆشە و دیمەنە جیاجیاکاندا بکات و لە یەکەی نمایشدا چێژی بینەر مسۆگەر بکات. نووسەر بەجۆرێک پابەندی کاراکتەرەکانی بوو، بەتەواوی هەست دەکرا کاراکتەر ڕووداوی دەخوڵقاند نەک ڕووداو کاراکتەر بخولقێنێ. بێگومان ئەمەش ئەفسوونی ئەو بەدواداچوونە هونەرییە بوو کە بەدرێژاییی نمایشی کەسایەتییەکان بێزار نەبین و لەگەڵیاندا بژین.

وەک نووسین و لە ڕووی شێوازی هۆنینەوەی دراماییەوە ڕەشەی پۆلیس و

حـەسـەنەفـەنی دوو ئەزمـوونی جـێگیـر و زیندووی هـونەرمـەند «حـوسـێن میسری»یە کە لەسەر ئاستی بابەت تەواو هەڵقولاوی ئەمڕۆی ژیانی ڕۆژانەی خـەڵکی کـوردسـتـانە و سـەرەتـایەکی زۆر پتـەوە بۆ ئەوەی بـەردەوامی هـەبێت و ئەزمـوونی گـەورەتری بـەدوادا بێت و هـاندەرێک بێت بۆ بزواندنی قـەڵەمی بەبڕشت و داهێنەرانەی نووسەرانمان بەمەبەستی نووسین و بەرهەمهێنانی دەقی تری درامـایی و هـەنگاونـان بۆ پرۆژەیەکی مـەزنی دامـەزراندنی هونەری درامـا و شـانۆی کـوردی، گـومـانیش لـەوە ناکـرێ «دەق» دڵی ڕاسـتـەقـینەی دامەزراندنی هونەری درامای کوردییە.

## دەرهێنان

ئامـاژە بەوەی کـە هونەرمـەند حوسـێن مـیسری بۆ خـۆی نووسـەر و هـەر خـۆیشی دەرهـێنەری هـەردوو بـەرهـەمـەکـە بـوو، بۆیە هـێـڵـەکـانی دەرهێنان بەتەواوی چووبوونە خـزمـەت بیـرۆکـەی سـەرەکی و بەدیارخـسـتنی دیمەن و ڕووداوەکانەوە. خـۆ دوورخـستنەوە لە کاری تەکنیکی میکسـەر و کامـێرا و بەدواداچوونی حـاڵەتە درامـاییـیەکان بەشـێوەیەکی زۆر ئـاسـایی و سـاکـار، سیمـایەکی زۆر ڕیالیسـتییانەی بەتەواوی بەرهـەمەکان دابوو. دیالۆگ لەگەڵ جووڵە و ئیمائەی ئەکتەر دوو بەهای کاریگەری گوزارشتی دەرهێنەر بوون بۆ تواناکانی دەربڕین و ئاشکراکردنی نهێنییە شاراوەکان.

یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی دەرهێنان، ئەرکی ڕاڤەکردن و وەرگێڕانی دەقـە لە سـەر کـاغـەزەوە بۆ ناوەوەی ئەکـتـەر و واقـیـعی کـردار، لـەوێشـەوە هەڵکشـانە بۆ ئاسـتی گیـرۆدەکـردنی و هـزر و هەسـتی بینەر. واتـە بەهای دەرهێنان لـە هـاوسـەنگکردنەوەی ئـەو دوو هـاوکـێـشـەیەدایە کـە دەق و بنەمـاکـانیش پێکەوە کـۆ دەکاتـەوە. ئەگـەر لـەم تێـڕوانینەوە بڕوانین، دەبینین هێڵەکانی دەرهێنان لای حوسێن میسری تەواو لە خزمـەت یەکەی دەقدا کار دەکـەن ، ئەمـەش سـەلیـقـەی دەرهێنەر نیشـان دەدات کـە جبـەیەک دەدووری پڕاوپڕی دەقـەکـەی خـۆی بێ نـەک بەپێـچـەوانەوە. هـەر بۆیە دەرهێنەر دوای

کامێرا دەکەوێ تاوەکو یەکەی بینین بەهێز بکات و لەو فەنتازیا ئامێرییانە بەدوور دەوەستێ کە لە خوولقاندنی کەشی ڕیالیستییانەی دەق دوورمان دەخاتەوە.

هاوسەنگی و ئارامگیری دوو کەرەسەی گرینگ بوون بۆ قۆناغی پێکهێنان کە بەبنچینەترین بنەماکانی دەرهێنان دەژمێردرێ، واتە دەرهێنان وەک توخمێک لە کاری نمایشدا ڕێگر نەبوو، بگرە لە نێوان دەق و نواندندا ون و خەفە بووبوو.

دابەشکردنی کاراکتەر و هەڵبژاردنی ئەکتەر پانتاییەکی فراوانی بۆ دەسەڵاتەکانی دەرهێنەر مسۆگەر کردبوو تا وەک ڕەنگ و بۆیەکی ڕازاوە ببەخشێتە گۆشە و دیمەنەکان و چێژی بینین و بەدواداچوون لای بینەر دابین بکات. بەدیارخستنی تواناکانی ئەکتەر لە نواندندا بەو جۆرەی لە هەردوو بەرهەمەکەدا بینیمان، جێگەی ستایشێکی گەورەیە بۆ حوسێن میسری، چونکە بەڕاستی ئەم دوو نمایشە بوونە ئاوێنەیەکی ڕاستگۆی توانای ئەکتەرانی بەهرەمەندی شاری سلێمانی و کەرکووک کە بەپێوانەی زانستی هیچیان کەمتر نییە لە ئەکتەرە میسرییەکان کە ئەمڕۆ بوونە پێشڕەوی درامای عەرەب. دەستنیشانکردنی ئەو هونەرمەندانە و شێوازی گونجاندنیان لەگەڵ لایەنەکانی کاراکتەرەکاندا، دەستڕەنگینی دەرهێنەر کە بەهۆیەوە دوو مەبەستی گرینگی پێکا:

یەکەم: بەهێزکردن و سەرخستنی بەرهەمەکە بە هەموو ڕووداوە ئاڵۆز و سادە و ساکارەکانییەوە.

دووەم: بەدیارخستنی توانای بەرزی نواندن و ئەفراندن لای ئەو دەستە ئەکتەرەی بەشداری ئەو دوو بەرهەمەیان کرد. ڕەخساندنی کەشێکی گونجاوی بێ بەربەست لە بەردەم کاستی هونەری بەرهەمدا، لەلایەکەوە بەرزکردنەوەی ئاستەکانی لەگەڵدا ژیان و خرۆشاندنە دەروونییەکانی ئەکتەر مسۆگەر دەکات و لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆی بنەمایەکی گرینگی درامای ڕیالیستی پێک دەهێنێ. چونکە تێکشکاندنی ئەو سنوورانەی کە قەوارە بۆ

دەسـەڵاتی ئەکتـەر دەکێشن، پاڵنەرێکی بەهێزە تاوەکو تواناکـانی دەرهێنان بەدیار بکەون و ئەکتـەر بەدوای ئـەو ئیلمـامـە بگەڕێ کە کـەشی نمـایشی هـەر دیمەن و گۆشەیەکی درامایی دەیخوازێ.

کەواتە « نواندن» لە هـەرەمی سێکوچکەی دەرهـێنان لای حـوسێن مـیسـری نووکـە تیـژەکـەی سـەرەوەی هـەرەمـەکـە دروست دەکـات و «کـامـێـرا» وەک کەرەسـەیەکی هونەری لای دەرهـێنـەر، هەمـوو توانـا تەکنیکیـیەکانی خـۆی لە دەست داوە و تـەنیـا چاوێکی ئامـادەگی دیمـەن و گـۆشـە جـیـاجـیـاکـانی "سـیناریۆ"یەکـە گیـرۆدەی هەڵچـوون و خـرۆشـانە دەروونیـیـەکان و جـووڵەی ئەکتـەرە، ئـەو چاوەی زمـانی گوزارشـتی تەنیـا بینینە و بەس. بینین لە چاوی دەرهێنەرەوە بۆ چـاوی ئەکتـەر و لەوێشـەوە بۆ چاوی بینەر. واتە دەرهـێنان لە هـەرەمی سێکوچکەی دەرهێنەردا دەبێتـە (دەق + نواندن + کامێرا) بـێگـومان لە کۆتاییی هاوکێشـەکەدا "کامێرا" دەبێتـەوە بەتێڕوانین و چاوی بینەر، بەم شـێوەیە هـاوکێشـەی ڕۆنانی بەرهـەمـەکە بەگشـتی دەبێـتـە (دەق + نواندن + بینەر).

## نواندن

لە نێـوەنـدی بزووتنـەوەی هونـەری کـوردیدا، مـێــژووی هونـەری شـانـۆ لە مێژووی هونەری تەلەفزیۆن کۆنترە، جێگەی داخ و نیگەرانییەکی گەورەشـە، لەگەڵ کاریگەریی ئامێرێکی هەسـتیـار و بەربڵاوی وەک تەلەفزیۆندا تـا ئێسـتا هـیچ پـەیمـانگە و خـــوولێکی هـونـەری پســـپـــۆڕی بۆ ئـەم هونـەرە مـــەزنـە جیهانگیرییە نەبووە و نەکراوەتەوە، تاوەکو کـادیری تایبـەتمەند و شـارەزا بە جیهانی بەربڵاوی ئەم هونەرە دروست بکات. هەر بۆیە دەزگاکانی تەلەفزیۆن لە کوردستاندا دەرچووانی بەشەکانی "شانۆ و شێوەکار و موزیک"ی پەیمانگە و ئەکـادیمیـای هونەرە جـوانـەکان و ئـەدیبـان و نووسـەران و ئارەزوومـەندان بەڕێوەی دەبەن. دەبـینین مـاوەی بەرنامـەکانی ئـەو تەلەفـزیۆنانە هـەرمـایەوە و وەک کـاری بۆماوەیی و ڕەچەڵەکی، چووەتەوە سـەر تایبـەتمەندێتی خاوەنەکەی

خۆی، ئەو بەرنامانەی کە ئەدیبێ یان نووسەرێ ئامادە و پێشکێشی دەکەن، کتومت لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک دەچێ ئەو بەرنامانەی کە خوشکێ یان برایەکی شانۆکار پێشکێشی دەکات، ئەگەر یەکێک لە زمانی کوردی تێ نەگات و گوێی لێ بێت وادەزانێ ئەوە دیالۆگی ئاگا مەمنون پاشامان بۆ دەخوێنێتەوە لە شەڕی تەروادەیا. هونەری درامای تەلەفزیۆنی لە هەموو بەرنامە جۆراوجۆرەکانی تەلەفزیۆن، زیاتر ئەم بەدبەختییەی پێوە دیارە. ئیتر بەجووڵەی زۆر و پەهلەوانییانەی دەرهێنەر بێت یان بە ئەدای شانۆییانەی ئەکتەر یاخۆ لە سازکردنی دیکۆری قەبە و بەکارهێنانی ئێکسسوار و تەنانەت موزیک و مکیاج و ڕووناکی و... هتد. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندەی بۆن و بەرامەی شانۆی پێ بەخشیوین، ئەوەندە نەمانتوانیوە چێژی بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی لێ وەربگرین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شانۆکاران بەرهەمە دراماییەکانی تەلەفزیۆنیان بەرهەم هێناوە.

نواندن لە «ڕەشەی پۆلیس» و «حەسەنەفەنی»دا وەرچەرخانێکی کاریگەر بوو لەو بەدبەختییەی باسمان لێوە کرد، چونکە بەڕاستی ئەو بۆچوونانەی ئاوەژوو کرد کە پێی وابوو ئەکتەری تەلەفزیۆنیمان لاوازەیان کەمە. بێ دوودڵی و زیادەڕۆیی تێکڕای ئەکتەرانی ئەو دوو بەرهەمە بەئەکتەری سەرەکی و ناوەندی و کۆمبارسەوە، ئاستێکی بەرزی نواندنی تەلەفزیۆنیان نیشان دا. ئەم دوو بەرهەمە توانای بەرزی هونەری هونەرمەندانی پێشەنگی وەک (تەها خەلیل و عەبدولی حەمە جوان و عەلی توانا و مەکی عەبدولا و یاسین بەرزنجی و زاهیر عەلی و عەلی نوری و شلێر کۆیی و نەوزاد مەجید و دلێر مستەفا و قادر مستەفا و ئاشتی عوسمان دانش و... هتد) لەلا نوێ کردینەوە کە ئەزموونی دوور و درێژی تەمەنی هونەرییان سامانێکی نەتەوەییمانە و دەکرێ لە قۆناغەکانی ئەمڕۆ و ئایندەی هونەری تەلەفزیۆنی و سینەماییدا سوودیان لێ وەربگیرێ و داهێنان و بەرهەمی زیاترمان پێ ببەخشن. (ژیان ئیبراهیم و جەزا حەمەسەعید و بەیان زەریفێ و غەفور عەبدولا و سەمیعە محمد ئیسماعیل و حەمەسەعید مستەفا و کەمال عەلی و سەردار خەلیل...)

کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە وەک شانۆکارێک ناسراون و لە بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا لە سلێمانی، بەرهەمی جدی جوانیان پێشکێش کردووە و لە زەینی بینەرانی کوردا پلە و ناوێکی دیاریان هەیە، کەچی ئەمڕۆ لە ئاستێکی گەلێک بەرزتر و لە بەرگێکی زۆر ڕازاوەتردا دەیسەلمێنن ئەگەر بوار بڕەخسێ، لە بەرزکردنەوە و دامەزراندنی درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەماییدا پێشڕەوی ڕاستەقینەی ئەم قۆناغە بن.

ناکرێ هەوڵی جوانی (ئامانج ساڵح ئەلیاس و سروە و سەربەست ئەحمەد و چۆپی عەبدولعەزیز و کاوە قادر و کامەران نووری و ژیان عەبدوڵا و محەمەد مەحموود..) لە یاد بکەین کە داهاتوویەکی گەشیان لێ چاوەڕوان دەکرێ و بوونێکی جوانیان لەسەر ڕەوتی ئەمڕۆی هونەری کوردی بۆ خۆیان بەدیار خست.

نیشاندانی ئەم ئاستە بەرزەی نواندن و بەدیارخستنی تواناکانی ئەکتەر لەم دوو بەرهەمەدا، سەلیقەی جوانی هونەری و دروستی کاری دەرهێنەرە لە کۆکردنەوە و هەڵبژاردنی ئەو توانایانە و پاشانیش ڕاڤەکردن و ڕەخساندنی بەهاکانی نواندن لە بەردەم ئەکتەردا. گونجاندنی لایەنەکانی کاراکتەر لەگەڵ خودی ئەکتەرەکاندا و خووڵقاندنی باری دەروونی بۆ شێوازی مەمەڵەکردن لەگەڵ کامێرادا، ئارامگیرییەکی جوانی بەخشیبووە دیمەنەکان و تەواو لەسەر جووڵە و ئەدای ئەکتەر ڕەنگی دابووەوە.

دەرهێنەر بەتێکشکاندنی قاڵبکارییەکانی تەکنیکی کامێرا و ئامێرە تەلەفزیۆنییەکان، ئەو کەشە دراماییەی ساز کردبوو کە ساتەکانی نواندن لە توانایدایە پڕی بکەنەوە و ئەکتەر لە ئازادییەکی زێدەتردا، دەتوانێ شوێن هەستە شاراوەکانی خۆی بکەوێ. هەربۆیە ڕاستگۆیی لە نواندن و ئازادی لە جووڵە و گوزارشتە دەروونی و شکڵییەکانی ئەکتەر بەتەواوی هەستی پێ دەکرا و ئەکتەر وەک بنەمایەکی کاریگەر و بەهێز لە هەردوو بەرهەمەکەدا هەڵدەسووڕا، بە ئاراستەیەک کە لە زەینی ئەمڕۆی بینەری کوردا بەزیندوویی خۆی هێشتەوە.

کارامەیی و توانای بەرزی ئەکتەرەکان، کەسایەتییەکان (حاجی ئەکرەم و مەلا ڕەئوف و دوکتۆر و شەوبۆ و عوسمانی فیتەر و عەزەکوێر و ناهی خان و مەجی و...) کردە کەسایەتییەکی زیندووی کۆمەڵایەتی کوردی و خەڵکی لە هزر و بیرەوەرییەکانیاندا ڕۆژانە یادیان بکەنەوە، ئەمەش لە سەرەنجامی پێوانە هونەرییەکەدا بەیەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی کاری هونەری دەژمێردرێ.

ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی بۆ بکرێ دەربارەی کەشی گشتی نمایش، ڕیتمی درامایی لە «ڕەشەی پۆلیس»دا خێراتر و گورجوگۆڵتر و چنینی ڕووداو پڕتر و بەستنەوە و ڕاکێشان زیاتر هەبوو لە «حەسەنەفەنی» بەڵام پانتاییی جوگرافیا لە «حەسەنەفەنی» بەربڵاوتر خۆی نواند و کامێرا و دیمەنەکان لە ناو شارەوە گواسترابووەوە بۆ شارەکانی ڕانیە و کفری. لە کاتێکدا «ڕەشەی پۆلیس» جوگرافیای دیمەن تەسکتر بەدیار دەکەوت و هەر لە ناو شاردا قەتیس مابوو. ڕووناکی لای «عەلی سەباح» و کادیر و گۆشەی وێنە گرتن لای «نەجیب تاهیر» لە «حەسەنەفەنی»دا گەلێک کامڵتر و توانایەکی باشتریان نیشاندا.. کاری موزیک و گۆرانی پێشەکی هەردوو بەرهەمەکەی، وەک توخمێکی سەرەکی کاری بۆ هەڵچوونی دراماتیکی دەکرد و هونەرمەندی بەتوانا «زانا مەحموود هەژار» زۆر زیرەکانە موزیکی کردبووە باگراوەندێکی دەروونی و ویژدانی بەرهەمەکە و بەدرێژاییی نمایش وەزیفەیەکی ئیستاتیکی لە میانەی ڕووداو و ململانێکاندا گێڕا. ئەم ئامادەگییە هونەرییە جوانەی موزیک لەگەڵ دەنگی دڵفرێن و ئەدای بە جۆشی هونەرمەندان حەمە ڕەئوف کەرکووکی و بورهان محەمەد و ڤیان حەسەن تێکەڵ بەشیعرە پڕ واتاکەی «ئیسماعیل محەمەد» تەزوویەکی ئارامی دەبەخشییە ئەو سەرەتایەی لەگەڵ هەموو سەرەتاکانی زنجیرەکەدا، پەلکێشی ناوەندی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دەکردینەوە هەروەها ناتوانین ئاماژە بە کاری بێ خەوشی دەنگ و مۆنتاج و وێنەگرتن و ئەرکی جێبەجێکردن و گواستنەوەی تەلەفزیۆنی نەکەین کە خۆیان لە کاری ناهونەری و پچڕان و شێواندنی بڕینی وێنەیی پاراستبوو، ڕووناکی

و ماکیاج و جلوبەرگ و ئێکسسوار و هەموو لایەنە هونەرییەکانی تر بەگشتی لە خزمەت یەکەی نمایشدا کاریان کرد و تێکڕا شایستەی دەستخۆشین. ئەوەی لە سەروو هەموویانەوە پێویستە بینەران و ستافی هەردوو بەرهەمەکە بە سوپاسەوە لە بەرچاوی بگرن، پێوەستبوونی کەناڵی ئاسمانی کوردساتە بە سات و کاتی دیاریکراوی نمایشەوە، بێگومان ئەوەش بنەمایەکی بەهێزە بۆ پابەندبوون و بەردەوامی بینەران بەکاتی پێشکێشکردنی نمایشەکەوە.

لە کۆتاییدا جارێکی تر بە پێویستی دەزانم خوێنەر لەوە دڵنیا بکەمەوە کە ئەم نووسینە بەدواداچوونێکی ڕەخنەکاری نییە بەپێوانەیەکی ڕاستە و پڕگاڵی بۆ بەدیارخستنی ئەو لەتر و خەوشە هونەرییانەی کە ڕەنگە نەک ڕەخنەگرێکی هونەری، بگرە چاوانی بینەرێکی زۆر ئاسایی هەستی پێ بکات. ئامانجی ئەم بەدواداچوونە تەنیا بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو ماندووبوونە پڕ لە دڵسۆزییەیە کە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر و هەموو هونەرییەکان توانییان بەدرێژاییی زیاتر لە پەنجا زنجیرەی تەلەفزیۆنی ڕەشەی پۆلیس و حەسەنەفەنی چێژی کارێکی درامای تەلەفزیۆنیمان پێ ببەخشن و ئەو تەوقە شانۆییە بشکێنن کە بە ڕووی تەواوی مێژووی هونەری درامای تەلەفزیۆنیمانەوە دیارە، ئەوەش جێگەی لێوانلێو لە خۆشەویستی و سەرنج و پێزانینە.

## بزووتنەوەیەک لە ناو خودی ئەزموونەکاندا

ڕاپەڕین، وەرچەرخـانێکی مـێـژوویی ئێـجگار کـاریگەر بوو بۆ سـەرلەنوێ دارشـتنەوەی هـەمـوو بنیـاتەکـانی کـۆمـەڵگەی کـوردی، هـەر لە نێـوەندی ئەو بنیـاتانەدا "ڕاپەڕین" بووە لووتکەی هەرەمی قـۆناغێکی نوێ و بنیـاتێکی نوێ، لە پرۆژەی دامـەزرانـدن و بزووتنەوەی شـانۆیی کـوردیدا و دەکرێ بەقـۆناغی پێش و قۆناغی پاش ڕاپەڕین ناوزەدی بکەین .

قـۆناغی بەر لە ڕاپەڕین، قـۆناغی کـارکـردنی هونـەرمـەندانی کـوردە لە ناو ئەزمـوونێکدا کـە لە ژێر تارمـاییی سـسـتـەم و سـانسـۆر و داگیـرکـاری و کـاولکاری و شـۆڕش و بـەرخـودان و بەگژاچوونەوەدا هـەڵدەسـووڕێ. قـۆناغی دوای ڕاپەڕینیش، قـــۆناغی تێکشـکانی هـەمـــوو ئەو بەربەســتـــانەیە و هاتنەکـایەوەی قـەیرانەکـانی تری ئابڵـۆقـە و شـەڕی ناوەخـۆ و هـەڵاتن و بەدیارکـەوتنی دەزگـاکانی ڕاگـەیاندنی تـەلەفزیۆن و سـینەمـا و ئەنتـەرنێت و تەکنەلۆجیا و سەرمایە و هەموو خاشاکی جوان و ناشرینی ئەو گڵۆبالیزمەی جیـهـانی داپۆشـیـوە. قـۆناغی بەر لە ڕاپەڕین، هونەرمـەندانی کورد لە ناو ئەو سونبولانەدا کاریان کردووە کە کار بۆ ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەکەن و ڕوحی مرۆڤی کورد لە ژێر هـەرەسی ئەو قۆناغـە داگیـرکارییـەدا پیـرۆز ڕادەگرێ. هەڵوێسـتی هونـەرمـەندانی شـانۆیی لە ڕاپەڕاندنی ئەو دوو ئەرکـە پیـرۆزەدا هەڵوێســتـێکی پرشنگدارە بەپێی پێــوانەیەکی زانســتی، لەگــەڵ ئەوەدا ســەرچاوەی هـەرە نزیکی زانسـتی هونـەری شـانۆ کـتـێـبخـانەی عـەرەبی و هونەرمـەندە عـەرەبەکان بووە و کـارتێکەریان بەسـەر بزووتنەوە شـانۆیییەکەوە دیارە، بەڵام ڕووی گشـتی بزووتنەوەکە لە ئاسـتێکی بەرزدا دەبینرێت و تان و پۆی هونەرێکی هاوچەرخ و ئەکادیمی پێوە دیارە، ئەو گرۆ و تیپە هونەرییانەی

لەو ڕۆژگـارانـەدا ئاوەدان کـرانەوە، ئارشـیـفـێکی دەوڵـەمـەندیان لە بـەرهـەمی خۆماڵی و جیهانی بۆ جێ هێشتووین.

هـەرچی قـۆناغی دووەمیشـە کە دەتوانین بەقـۆناغی دوای ڕاپەڕین پێناسـەی بکەین، بەرهـەم و کاری سـەرکـەوتوو درێژەی هـەیە و هونەرمەندانی کورد لە ناو هـەمــوو قــەیرانـەکــانی پـەرتـەوازەبـوون و نـەبـوونی ســانسـۆری هـونـەری و هـەڵایسـانی دارایی و هـاتنـەکـایـەوەی هـەمـوو ئـەو کـەناڵە جـیـاوازانـەی کـە هـەریەکـێکیان لـەسـەر جـەسـتـەی هونەری شـانۆیی و بـزووتنەوەکـەی دەژین، هێـشـتـا نـاوە نـاوە بـەرهـەمی زۆر ســەرکــەوتوو لە درێژەی ئەو قــۆنـاغــەدا بەردەوامی هـەیە.

کـەواتە یەک بـزووتنەوە لە نـاو دوو قـۆنـاغی جـودادا، دوو ئارشـیـفی پڕ لە بەرهـەمی باش و خراپ بەرز و نزم دەبینرێت و دەکرێت هـەڵسـەنگاندنی تایبەت لەسـەر جوداکارییەکانی ئەو دوو قۆناغە بکرێت.

دەتوانین بـڵـێین زۆر خـاڵی جـیـاواز لـە کـار و بـەرهـەم و پێنـاسـە و دیدگـای هونەرمەندان و ئەزمـوونە شانۆییەکانیاندا هـەیە و ڕاپەڕینی بەهـاری نەوەت و یـەک، ئـەو بـزووتنـەوەیـەی لـە کــــار و بـەخــــشـش و لـە پێنـاســـــەی ئـەرک و خــواســتــەکــانی ئـەو ڕەوتە شــانـۆیـیــەدا گــۆڕی و هـەمــوو لێکـۆڵینەوەیـەکی شـانۆییش، دەبێ ئەو مـێـژووە لە بەرچـاو بگرێ کـە یەک ئەزمـوونـی شـانـۆیی دەکاتە دوو کەرتی جیاوازەوە.

لێرەدا ئێمە نامانەوێت ئەو خاڵانە دەستنیشـان بکەین کە خەسڵەتەکانی ئەو دوو قـۆنـاغـە لێکتر جـودا دەکاتەوە، بگرە دەمـانـەوێت ئەو قـەیرانە شـانۆییـیـانە باس بکەین کە هـەردوو قـۆناغـەکە پێکەوە دەبەسـتێتـەوە ئەو قـەیرانانـەی بەناو قۆناغی تاریکی داگیرکاری و بەناو قۆناغی پڕشنگداری ئازادیدا دەڕوا و هـەر بەردەوامی هـەیە ئەو پێداویستییانەی شانۆکارانی کورد لەبارییاندایە بیکەن و نایکەن ئەو تێپەڕاندنەی، دەبوو بزووتنـەوەی شانۆییـمان پێناسـەی پرۆژەیەکی دامــەزرانـدنی شــــانـۆی کــوردی لەســــەر هـەڵبـــچـنـێ و بەڵام تـادێ بازنـەی کـاریگـەرییەکانی تەسکتر دەکاتەوە. قـۆناغی پڕشنگداری ڕاپەڕین و ئازادی و

حوکمڕانی کوردی، بەڕووداکردنەوەی هەموو دەرگەکانی بەجیهانیبوون و مەزنترین پاڵپشتی دارایی و ئاوەدانبوونەوەی چەندین پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و سەندیکا و دەزگاکانی چاپەمەنی و کۆنتاکی پێوەندیی تایبەت و گشتی لە نێوان هونەری کوردی و هونەری جیهانی هێشتا هەتا ئەمرۆ نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێکی جدی بهاوێژێ و بزووتنەوە شانۆییەکە بە ئاراستەیەکدا بەرێت، ئومێدی بەدەستهێنانەوەی ئەو کاریگەرییانەی لێ بکرێت کە شانۆ لە یەکەمین سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە.

سەرباری بەردەوامی قەیرانەکانی نەبوونی دەق و تاقیگەی پێگەیاندنی ئەکتەر و بڵاوکراوەی زانستی شانۆیی و شاڵاوی وەرگێڕانی دەق و ئەزموونی شانۆی جیهانی و هۆڵی شانۆیی پێشکەوتوو مۆدێرن و چەندانی تر لەو قەیران و ئاستەنگانەی بەدرێژایی بزووتنەوەکە هەر بەردەوامە. ناچارین بندەستی ڕەخنەگری شانۆیی بەیەکێک لە قەیرانە پێشەنگەکانی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی شانۆییمان دابنێین.

چونکە لە سەرەتای ئەم باسەدا، لەو بەدبەختییە دواین کە بزووتنەوەیەکی دوور و درێژ و دەوڵەمەند بە سەدان بەرهەمی چاک و خراپ و دەیان فیستڤاڵ و دیداری شانۆیی و سەدان هونەرمەند و کارگێڕی هونەری داهێنەر و دڵسۆز، نەیتوانیوە پرۆژەیەکی ڕەخنەیی بەرهەم بهێنێت. پرۆژەیەکی ڕەخنەیی وەک کۆنترۆڵێکی هەستیار و وردبین بۆ جوداکردنەوەی بەرهەمی بەرز و نزم، بۆ دیارخستنی هونەرمەندی بەهرەدار و بەرهەمی شانۆیی سەرکەوتوو، بۆ بەتێکستکردنی ئەزموونی هونەرمەندان و هەموو ئەو نمایشە شانۆییانەی بەرهەم هاتوون. چونکە هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد، ئەو تێکستە ڕەخنەییانە پێگەیەکی بنەڕەتی هەر جۆرە قسەکردنێکە لەسەر تەمەنی بزووتنەوە شانۆییەکەمان. هەبوون و کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە، ڕاستییەکی بەرچاوی هەموو شانۆکارانە و هەتا ئەمرۆ بەیەکێک لە ئاستەنگە دژوار و کێشە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی شانۆییمان هەژمار دەکرێ.

سەرەتاکانی قۆناغەکانی دوای ڕاپەڕین دژوارترین قۆناغی پڕ لە زەحمەتی هەموو کۆمەڵگەی کوردی بوو لە ناو گێژاوی ئابڵۆقە و ململانێی دەسەڵات و هاتنەکایەوەی ئەو بارودۆخەی. دوای ڕووخانی هەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری، وڵات بەخۆیەوە دەیبینێ.

پاشانیش بەملداکەوتنی ئەو زریانە گەورەیەی لە ناو شەپۆلە هەرە بەهێزەکانی جیهانگیریدا دنیای گرتەوە. هەردووکیان پێکەوە بوونە هێزێکی دوولایەنە بۆ چەواشەکردنی هەموو بنیاتە ڕۆشنبیرییەکان، تاوەکو ڕووناکبیران نەتوانن بە ئاسانی ئەو هێما و هێڵانە بدۆزنەوە کە ئەو قۆناغە نوێیە دەیخوازێ. هەموو خاڵە لێکچووەکانی ئەو دوو قۆناغە بەتەواوی تێکشکا. ڕاپەڕین، بەجۆرێک ئەو دوو زەمەنەی لێکتر جودا کردەوە، پێویستی بەوە دەکرد سەرلەنوێ هەموو بنیاتەکانی نەتەوە و کۆمەڵگە و ژیان و فەرهەنگ دابڕێژرێتەوە.

تێفکرین بە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین و کارکردن لە ناو ئەو سونبولانەی ڕووناکبیرانی کورد لە درێژەی تەمەنی ئێجگار سەختی داگیرکاریدا بەرهەمی هێنابوو دەهۆڵێکی دڕاو بوو نەیدەتوانی هیچ کەسێک لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە.

هەربۆیە دەبوو ڕاست لەگەڵ قۆناغی نوێی دوای ڕاپەڕیندا، تێفیکرینێکی نوێ لەگەڵ هزری سەردەم و مامەڵەیەکی نوێی کارکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە مەزنەدا کارا بکرایە. ئەوەش پێوانە بەئەزموونی میللەتانی دنیا، گێژاوێکە کاتی دەوێ تاوەکو ئەو زمان و خۆزگە و پێداویستییانە بدۆزیتەوە کە هەر قۆناغێکی نوێ گەرەکیەتی.

لێرەدا تێ دەگەین ئەرکی شانۆکاران چەندە زەحمەتە کە لە پێشی هەرە پێشەوەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەدا ڕادەوەستێ و هیچ مەسافەیەک لە نێوان بەرهەمی هونەری شانۆکاران و بینەرانی ئامادەبووی ئەو قۆناغە تازەیەدا نییە و نابینرێت. لە کاتێکدا هەموو ئەو کەرەسانەی تا ئەو کاتە بەدەستی هێنابوو، بەیەکجار چووە گۆشەیەکی یادەوەری مۆزەخانەیەکی نیشتمانییەوە

و جگە لە سەروەری بۆ قۆناغێکی بەسەرچوو، هیچ ئامادەییەکیان بۆ ئاوقابوونەوەی ئەو سەردەمە نوێ و نەبینراوە تێدا نەمابوو. شانۆکاران لە بەردەم ئەو گۆڕانە مێژووییە گەورەیەدا هەربەوە دەچوو: ناپلیۆن خۆی و سوپاکەی بەهەموو کەرەسە و تفاقی شەڕەوە، بخەون و کە ڕۆژ بووەوە لە ناو شەڕی بەڵقان یان شەڕی کەنداو بەئاگا بێنەوە.

کەواتە ئەمە سەرەتایەکی پڕ لە گێژاوی چەواشەکاری بوو بۆ شانۆکاران، تاوەکو بەدوای ئەو کەرەسانەدا وێڵ ببنەوە کە دەتوانێ لەگەڵ ئەم سەردەمە نوێیەدا بدوێ. ئەو تەلیسمە هونەرییانە بدۆزێتەوە، کاریگەرییەکانی نمایش ئامادە بکاتەوە. لە کاتێکدا شانۆ و هۆڵە لات و داڕووخاوەکانی کوردستان یەکێک لە هەرە گوڵزارە ئومێدبەخش و چێژبەخشەکانی مرۆڤی مەزوڵوم و ستەم لێکراوی کورد بوو، بۆ گەڕان و بینینی تەنیا هێمایەکی ئازادی پڕ لە تەم و مژ. ئەمڕۆ لە قووڵایی ئاسمانی شینی نیشتمان و پانتایی شەقامەکانی شار و بەرزایی شاخەکانی کوردستان، لە ژێر ئاڵای کوردستاندا سروودە نیشتمانییەکانی دەچڕێ. لە کاتێکدا شانۆ و تەختەی شانۆ، هۆکارێکی ئاسوودە و خۆشنوودی گۆڕانکاری بوو بۆ ژیانی سست و پەستی مرۆڤی کورد. ئەمڕۆ بەرفراوانترین شەپۆلی تەکنەلۆجی تەلەفزیۆن و سینەما و ئەنتەرنێت و گەشت و داهێنراوە زانستییەکانی حاواندنەوەی، ئاسانتر و هەرزانتر لە بەردەمیدا فەراهەمە. لە کاتێکدا شانۆ بۆ بینەرانێک نمایش دەکرا، تەنیا خۆزگەی مانەوە و تیانەچوون و تێکنەشکان و خۆ نەدۆڕاندن دای پۆشیبوون. بەڵام ئێستا ژیانی سەرمایەداری و دەسەڵات و پێ ڕاگەیشتنی ژیانی خێرا و برووسکە ئاسای ئەو جیهانگیرییە خێرایە داگیری کردوون.

بەکورتی هەموو ئەو تەرزە شێوازە شانۆییەی شانۆکاران بە تەواوی تێکشکا و بەسەرچوو، دەبوو هەموو شێوازەکان لە هەڵبژاردنی دەقەوە تاوەکو هۆڵەکانی نمایش بنیات بنرێنەوە.

نموونەیەکی هەرە زیندوو بۆ ڕاستی ئەم تێڕوانینە: شانۆگەریی «میری

زەوییە بەیارەکان»ی «ماکس فریش» کە باس لە هەڵایسانی شۆڕشێک دەکات، لە ناخ و خەونی هەر مرۆڤێکی گومڕا بە ژیانی تاری داپڵۆسین و ستەمکاری. بەڕێکەوت چەند ڕۆژێک بەر لە ڕاپەڕین، دیاریکردنی دەقەکە و سەرەتاکانی پرۆژەی نمایشەکە دەستی پێ کرد، ئەوە بوو بەر لەوەی شانۆییەکە نمایش بکرێت ڕاپەڕینی مەزنی گەلەکەمان دەستی پێ کرد. ماوەی چەند مانگێک تاوەکو ڕاپەڕین و قۆناغە زەحمەتەکانی کۆڕەو و ڕاوەدوونانی یەکجارەکی بەعس ئاودیو بوو، ئێمە کاری شانۆییەکەمان ڕاگرت، پاشان بە هەمان ستافی بەرهەمەکە تێ هەڵچووینەوە و بەرهەمەکە نمایش کرا.

کاریگەرییەکانی نمایش کە هەمووی سونبول و تەلیسمی دووری بەرخودان بوو، نەیتوانی هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆ دروست بکات کە ئێمە بنیاتمان نابوو. هەربۆیە تەواوی کاستەکە دووچاری دڵەڕاوکێیەکی ئێجگار سەیر هاتین، ئەو دەم بە ئاسانی نەمانتوانی هۆکارەکانی دەستنیشان بکەین. بەڵام ئێستا و پاش تێپەڕین و کامڵبوونی ئەو قۆناغە نوێیە، دەتوانین لەو ڕاستییە نزیک ببینەوە کە دەق و شێواز و ئەو هێمایانەی ئێمە بۆ ترسناکترین قۆناغی دیکتاتۆری بەرهەممان هێنابوو، لە بەرجەستەکردنی نمایشێکی فەنتازی تەعبیریدا، لە پێناو چێژێکی هونەری پڕ لە هێمای فیکری بۆ بینەرانێک کە ئەو دەم لە قووڵاییی بەرینترین ئاسماندا بۆ گچکەترین ئەستێرەی درەوشاوە وێڵ بوون. بەڵام هەرئەو بینەرانەی ئەمڕۆ لە هەمان شوێندا ئامادەبوونەتەوە، بینەرانێکن دڵ و جەستەیان لە قۆناغێکی تردا دەژی و بەدوای ئەو گوڵانەدا وێڵن کە مەزارێکی نوێ بەرهەمی هێناون. کەواتە یەک نمایش کەوتە ناوەڕاستی دوو قۆناغەوە و نەمانتوانی لەسەر دار و پەردووی قۆناغێکی بەسەرچوو، بەهەموو جوانکارییەکانیەوە، ئەو کاریگەرییانە دروست بکەین کە دەمانویست. بەهەمان پێوانە شانۆگەرییەکانی پردی ئارتا، زەلکاو، دوکتۆر پاڵمی، مانگی ئاوابوو، تەنەکە، کوێر ئۆغلی، شار، گوڵەمێخەک، ئاسک.... هتد، وەک دەق و نمایش و وەک شێوازی کارکردن لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا دووبارەیان بکەینەوە، هەرگیز ئەو کاریگەرییانەیان نییە کە ئەو دەم و ڕۆژگارە

هەیانبووە. لە کاتێکدا ئەو نمایشە شانۆییانە و چەندانی تر لەو بەرهەمە هونەرییانە، پیرۆزترین وێستگەی حەواندنەوەی دەروونی ماندووی مرۆڤی کورد و جوانترین پەیام و دروشمی خۆڕاگری و بەرخودانی ئەو ڕۆژگارانە بوون.

ئەوەش پێداگرتنە لەسەر ئەو ڕاستییەی شانۆکارانی کورد، بەو هێما و هێڵە گوزارکارییانەی دەربڕینی هونەرییان گەیشتوون و توانیویانە ئەو تەلیسمانە ڕام بکەن کە دیوی ناوەوەی ناخ و هزری مرۆڤی کورد دەیخوازێ.

هەربۆیە ئامادەگی بینەرانی بێ شوماری نمایشە شانۆییەکان و ئەرشیفی دەوڵەمەندی هەموو ئەو گرۆ و تیپە هونەرییانەی دەیان و سەدان هونەرمەند شانۆکاری چاک و دڵسۆز کاریان تێدا دەکرد، ئاماژەیەکی باوەڕ پێکراوە بۆ کاریگەرییە بەهێزەکانی ئەو هونەرە مەزنە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

هەروەها وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بۆ خۆ قایمکردن و سڵەمینەوە لە بەرهەمی شانۆکارانی کورد و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی پڕ لە سانسۆر، هەر لە ئەمانەتی گشتی بەناو ڕۆشنبیرییەوە تاوەکو ئیدارەی پارێزگاکان و پاشانیش بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی شارەکان و ئینجا ئامادەبوون و لێ پێچینەوەی سیخوڕانی دەزگا بەدناوەکانی ئیستخبارات و ئەمن و پیاوانی ڕژێم لە ناو هێڵ و نمایشە شانۆییەکاندا، بەڵگەیەکی تری ئەو ڕاستییەیە، کاریگەرییەکانی شانۆ و شانۆکارانی کورد لەسەر ئەو بارودۆخە لە چ ئاستێکی بەرز و کەم وێنەدا بووە.

گەڕانەوە بۆ نووسراوی ئاسایشی سلێمانی تەنیا یەک ڕۆژ بەر لە ڕاپەڕین، دروست لە ١٩٩١/٣/٤بەنووسراوێکی نهێنی و تایبەت بڕیاری دەستگیرکردن و بە بارمتەگرتنی ژمارەیەک لە ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کورد دەدات ، بەمەبەستی ڕێگرتن لە هەر جووڵانەوەیەکی نیشتمانی. لە ناو لیستی ئەو ناوانەدا کە ژمارەیان (٢٠) کەسە (١٥) کەسیان لەو شانۆکار و ڕوناکبیرانەیە کە لە شانۆدا کاریان کردووە.

(مایەی سەربڵندیمە کە ناوی من یەکێکە لەو ناوانەی لەو لیستەدا ناویان هاتووە).

هەموو ئەمانە لەو سەرەنجامە دڵنیامان دەکاتەوە، شانۆ و هونەرمەندانی شانۆکار و ئەو بزووتنەوە شانۆییەی بەدرێژاییی قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین هەبووە، بەقووڵایی هەرە قووڵی ئەو کاریگەرییانەدا ڕاگەیشتوون و بەو ئەرکە هەرە بنچینەییانەدا ڕاموسیون، پەیامی دروستی شانۆیەکی پێشڕەو لە هەرکات و سەردەمێکدا ڕای دەپەڕێنێ.

کەم و زۆری ئەو دەستکەوتە مێژوویی و نیشتیمانییانەی لە کاری پیرۆزی شانۆکارانی کورد و بزووتنەوەکەیاندا بەرهەم هاتن، ئەوەیان لە ئەرشیفی ئەو قۆناغە و لە ویژدانی مرۆڤی کوردا پارێزراوە. بەڵام ئەگەر ئەو قۆناغە جێ بهێڵین و بەهەمان ئاراستە لە کار و بەرهەم و لە کاریگەرییەکانی شانۆ و لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین و ئێستای بزووتنەوەکە بڕوانین. دەکرێ شانۆ وەک هونەرێکی باڵا و سەربەخۆ، سەنگ و قەوارەی لە ناو کێشانەی ئەم سەردەم و بارودۆخە نوێیەدا چەند بێت؟ ئایا شانۆ ئەو تایبەتمەندییەی پاراستووە، لە ئامادەبوونی بەردەوامی بینەرانی شانۆیی لە ناو گێژاوی تەکنەلۆژیا و پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە خێرایەدا؟ هەروەک چۆن تایبەتمەندییەکانی بەو پەڕی شانازییەوە لە سەختترین ڕۆژانی تار و ستەم و پڕ لە نائومێدی داگیرکاریدا پاراست؟ ئایا لەگەڵ هەموو ئەو بەرووداکردنەوە شارستانیانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا واڵا بووە و هەموو ئەو ئەکادیمیا و پەیمانگەیانەی لە کوردستاندا خەرجێکی بێ شوماریان تێدا دەکرێت و هەموو ئەو پێوەندییە هونەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەی لە نێوان شانۆکارانی کورد و شانۆی دەرەکی هاتوونەتە ئاراوە و ئەو هەموو پشتگیرییە مادییەی ئەمڕۆ بۆ باڵەکانی هونەر بە شانۆیشەوە دەکرێ. شانۆکاران توانیویانە هۆڵە شانۆییەکان بکەنە پێگەی بەشێک لە خەون و خۆزگە و خواستەکانی مرۆڤی کورد لەم سەردەمەدا؟ توانیویانە جارێکی تر بینەرانی شانۆ لە هۆڵەکانی نمایشدا، هەروەک جاران کۆ بکەنەوە؟ توانیویانە ئەو هێما و هێڵە هونەرییانە

بدۆزنەوە، تاوەکو لەگەڵ هەست و نەست و خرۆشانە دەروونی و هزری بیرکردنەوەی ئەم سەردەمەدا بدوێ؟ چەند هونەرمەندی ئەکتەر و دەرهێنەر و درامانووس و کارگێڕی جیاجیای هونەری شانۆییان لە تەمەنی ئەم قۆناغەدا بەرهەم هێناوە؟ چەند لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوە و کتێبی تیۆری و زانستی لە کتێبخانەی کوردیدا کەڵەکە کردووە؟ چەند خوول و تاقیگە و ستۆدیۆی پێگەیاندنی لە بوارە هونەرییەکانی شانۆدا ئاوەدان کردووەتەوە؟ ئایا ژمارەی زۆر و زەوەندی ئەو فیستڤاڵە شانۆییانەی، لە ژمارەی نمایشە سەرکەوتووەکانی کوردستان زیاترە و گەورەترین خەرجی دارایی بەناوی هونەری شانۆوە تێدا بەفیڕۆ دەدرێ، بوونەتە لانکەیەک بۆ بەرهەمهێنانی تەرزێکی شانۆی جدی بۆ ئەم سەردەمە؟ یان ئەوانیش تابووتێکن بۆ شاردنەوە و سەرنانەوەی ئەو هەناسە و تەلیسمە داهێنەرانەی، لێرە و لەوێ لە خەونی هونەرمەندە جدییەکاندا بەدیار دەکەوێت ؟ ئەمانە هەمووی پرسیارگەلێکن، ڕەنگە، وەڵامەکانیان ئومێدبەخش نەبن، چونکە هونەری داهێنەرانە و شاکاری بەرزی پڕ لە جوانکاری هونەری، فۆرمێکە زادەی گەوهەرێکی پتەوی خۆڕسکە. وەک چۆن گوڵێک پاش تێڕوانین و ئاوێزان بوون لەگەڵ تیشکی خۆر و کەیلبوون لە ئاو و هەوای سروشت، ڕەنگەکانی دادەڕێژێ ئاوهاش هونەری داهێنەرانە، لە ڕامان و قووڵبونەوەی هونەر خۆی و کێشە فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوانکارییەکان و هەموو ئەو ئەندێشانەدا ڕۆ دەچێ، خودی مرۆڤ ژیانی بوون و گەشە شارستانیەکانی لە سەر بنیات دەنێت. هونەرمەندان ئەو شاکارانە دەخوڵقێنن کە دەتوانێ بەسەر خورپە و تەلیسمەکانی ناو ناخی مرۆڤدا تێپەڕ ببێ و بەسەر پشتی مێژوودا بۆ زەمەنێکی دوورتر بپەڕێتەوە. ئەو تێرامان و شۆڕبوونەوە هەستەوەرەی هونەرمەند دەهاوێتە بۆشایی داهێنان و ئەفراندنەوە، تاوەکو ئەو ڕەنگ و هێمایانە دابڕێژێ بۆ خووڵقاندنی شاکار و بەرهەمێکی هونەری بەرز و داهێنەرانە.

ئەوەی تا ئەمڕۆ دەبینرێت، تێکڕای ئەو دەزگا و سەندیکا و پەیمانگە و

کەناڵە جۆراوجۆرانەی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و پێوەندییە هونەرییانەی بەخەرجییەکی ئێجگار ترسناک فەراهەم کراوە، جگە لە نامۆبوون و هەڵکردنی زریانێکی بێ بەهرە و پڕ لە هاتوهاوار، دەرگەیەکی بۆکردنەوەی ئەو خەڵوەتە ساز نەکردووە، بۆ ئەوەی هونەرمەندی جدی و شاکاری هونەری بەرز و ناوازەی تێدا بخوڵقێنرێ.

با بوێری ئەو زام و ئاستەنگانەی لەسەر جەستەی هونەری شانۆیی ڕابردوومان هەبوو نەک ئەمڕۆ هەر درێژەی هەیە، بگرە گەورەتر و زامدارتر خۆی دەنوێنێ. ئەگەر ڕۆژگاری دوێنێ، قەڵەمفرۆش و پیاوانی دۆڕاوی سەر بەرژێم، پلە و پایە گرینگەکانی هونەرییان بۆ پەکخستنی ڕەوتی هونەری داگیر کردبوو، ئەمڕۆ خەڵکانی بێ بەهرە و مشەخۆرە لاوازەکان، هەمان بەربەستکارییان لە ڕەوتی گەشەسەندنەکاندا دروست کردووە. ئەگەر دوێنێ دەزگا هەرە نابووتەکانی چاپەمەنی پڕ لە سانسۆر بواری بۆ بەتیۆریکردنی هونەری شانۆیی تەسک کردبێتەوە، ئەمڕۆ لە ناو تۆفانی چاپەمەنی بێ گیان و نا هەستەوەردا، هەموو هەوڵە جوانەکانی نابینا کردووە.

دە هەتا پازدە نمایشی هەڵبەزرکاوی ئامادەکراوی بێ ناوەڕۆک لە ڤیستڤاڵێکی گەورەی پاڵپشت بە چەندین کەناڵ و دەزگا و سەندیکای دەم بەهاوار، بەسە بۆ لە بەرچاو ونکردن و نابیناکردنی هەوڵێکی هونەری داهێنەرانەی گەنجێکی ڕاستگۆ.

لەگەڵ ئەو هەموو دیاردە جوان و دزێوانەدا، جارێکی تر لە بەردەم ئەو پرسیارەدا ڕادەوەستین، ئایا شانۆکارانی کورد بەو شێواز و تێفکرینە هونەرییە گەیشتوون، قۆناغی ئەمڕۆی ژیان و پێداویستییەکانی ئێستای مرۆڤی کورد دەیخوازێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لای هەر شانۆکار و لەلای هەر بینەرێکی ئاسایی زۆر ڕوون و ئاشکرایە. چونکە ئەو پاشەکشێیەی لە ڕێژەی بەرهەمە شانۆییەکان و کەمبوونەوەی ڕۆژانی نمایشە شانۆییەکان و کوێربوونەوە و لاوازبوونی زۆرینەی تیپ و گرووپە جدییە شانۆییەکان و پاشانیش چاوگێڕانێک بە

ئەرشیفی ئەو بیلۆگرافیایەی لە بزووتنەوەی شانۆیی ئەم قۆناغەدا تۆمار کراون، بەڵگەی ڕاست و دروستی ئەو پاشەکشێیەیە لە تێکڕای بزووتنەوەکەدا دەبینرێت. هۆکاری سەرەکی ئەو پاشەکشێیەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایەی تا ئەمڕۆ شانۆکاران نەیانتوانیوە، پێداویستییەکانی مرۆڤی کورد لەم قۆناغەدا بکەنە کایەیەکی کاریگەر و جێگیر لە شێوازی کارکردندا. نەیانتوانیوە پەی بە ئەفسوونی ئەو خواستانەی بەرن کە بینەرانی "ئێستا" لە ناو هۆڵێکی شانۆدا کۆ دەکاتەوە.

پاشەگەردانییەکی کوشندە لە نێوان شێوازی بەرجەستەکردنی دوێنێ و ئەمڕۆدا خۆی دەنوێنێ، گاڵتەجاڕی ئەو پاشەگەردانییەش ئەو هەوڵە بێ بایەخانەیە کە هونەرمەندانی کورد، هێشتا قاچیان لەسەر ئەو زەوییە گیر نەکردووە کە «ئێستا»یە.

چاوەڕوان دەکرا «ئێستا»ی دەوڵەمەند بەهەموو کێشە و کارەساتە مرۆییەکانی ئەنفال، هەڵەبجە، ڕاگوێزان، کۆڕەو، ئابڵۆقە، ئاوارەیی، هەلاتن... هتد لە بەرزترین تێکستی شانۆیی و لە جوانترین شێوازی کارکردنی نمایشە شانۆیی و درامییەکاندا، هەنگاوی بەجیهانیبوونی هەڵبهێنایەوە.

چاوەڕوان دەکرا ڕاپەڕین، سزای تاوانباران، ئازادی، خەونی دەسەلاتی کوردی، ئاوەدانی، هەستانەوەی مرۆڤی زوڵم لێکراوی کورد لە ناو گەورەترین شاکارە بەرهەمی هونەرمەنداندا بەرجەستە بکرایە. هەرگیز ناتوانین هەست بەوە بکەین، شانۆکاران قاچیان لەسەر پێگە بنچینەییەکانی «ئێستا» گیر کردبێ. ونبوونی «ئێستا» لە بەرجەستەکردنی دەق و نمایشدا بە گەورەترین ئەو بەدبەختییانە مەزەندە دەکرێ، ئەمڕۆ دووچاری بزووتنەوەی شانۆییمان هاتووە و نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی لە ناو ئەم قۆناغە گرینگ و فرە ڕەهەندەیان کارا بکات.

واتە بەرجەستەکردنی بزووتنەوەک لە ناو کایە هەرە پتەوەکانی «ئێستا»دا و لە توانایدا بێت وەک گوژمەیەکی ڕووناکبیری، بینەران لە فراوانترین ئاستی

جەماوەریدا ئامادە بکاتەوە، بۆ ئاوقابوونەوەی کێشەکانی سەردەم و بۆ چەسپاندنی ئەو ئەزموونە و بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی حوکمڕانی. گوڕمەیەک بێت بۆ تێکستکردنی ئەو کولتوور و فەرهەنگ و دێرۆکە بەزمەسات و مەرگەساتانەی بەسەر ناوچەوانی مێژوویەکی یاخی و خوێناویدا پەڕیوەتەوە و ئالێرەوە وەک هەر یەکێک لە کایە گرینگەکانی بنیادتی نەتەوەیی ڕۆڵی خۆی بەدیار بخات.

ناکرێ ئەوە لە یاد بکەین شانۆ بە درێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەو پێشڕەوایەتییەی ون نەکردووە لە کۆکردنەوەی تێکڕای هونەرەکان و بە ڕاستەوخۆترین هونەر هەژمار دەکرێ، بۆ کارکردن لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و لە توانایدا هەیە، بەهێزترین کاردانەوە لەسەر هەست و ئاوەز و هەڵچوون و هەڵوێستی بینەرانی خۆی بکات. چاوگێڕان بەناو بیلۆگرافیای بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا، ئەو پردە گەورە و درێژەی شانۆمان نیشان دەدات، چۆن مێژوو کولتوور و فەرهەنگی میللەتانی دنیایان بەسەردا پەڕیوەتەوە بۆ ناو هۆڵە شانۆییە کوردییەکان و چۆن شانۆکارانی کوردستان ئەفسانەکانی کۆنی گریک و مێژووی ڕۆمان و مەینەتییەکانی جەنگی جیهانی و شۆڕش و بەرخودانی گەلانی دنیایان لە دەروونی مرۆڤی کوردا بەرجەستە کردووە و بۆ ناو هۆڵە شانۆییەکانی کوردستانیان گواستووەتەوە.

لەگەڵ داخستنی دوا لاپەڕەی ئەو بیلۆگرافیایە، ماتەمییەکی کوشندە دامان دەگرێ لە بەردەم کەم دەستی ڕووناکبیران و شانۆکارانی کوردا کە نەیانتوانیوە بەسەر ئەو پردە گەورە و درێژەدا، هیچ داستان و یادەوەرییەکی پڕ لە جوامێری ئەو کولتوور و مێژووە دەوڵەمەندەی خۆمان هەمانە، ئاودیوی نیشتمان بکەن. بەناو دەریایەک لە قارەمانیەتی و جیهانێک لە زوڵم و داگیرکاری و مەملەکەتێک لە ڕازاوەترین داستانەکانی عیشق و جوامێری و شۆڕش و سەرهەڵدان... تاوەکو ئێستا و لە ناو «ئێستا»ی ئازادی و دەسەڵاتی نیشتمانیدا، نەتوانراوە تەنیا لاپەڕەیەک لە ناو هەزاران کتێبە داستانی ئەو مێژووەدا بپەڕێنرێتەوە بۆ ئەودیو سنوورەکانی خۆمان. ئەی شانۆکارانی کورد

نەبوون، بینەرانی کوردیان بەدیار داستان و جوامێرییەکانی میللەتانی گریک و ڕۆم و ڕووس و چاخەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانسی ئەوروپاییەکان و تەنانەت ڤێتنامی و عەرەب و ئەمریکاییەکانەوە، هێنایە گریان و پێکەنین؟ ئەی بۆ نەیانتوانی تەنیا یەک دڵۆپ فرمێسکی ناو درێژترین گریان لە مێژووی جیهان و تەنیا یەک سەمای خۆشی لە ناو هەزاران داستانی عەشق و سەرکەوتن، بۆ ئەودیو سنوورەکان بگوێزنەوە؟

تەنیا تێرامانێکی شانۆکارێکی کورد، دەتوانێ لە ناو تێکستە ئەدەبییە بەرزەکانی خانی، عەرەبی شەمۆ، یەشار کەمال، شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، بەختیار عەلی، محەمەد مەولوود مەم، شێرزاد حەسەن، حەمە فەریق حەسەن، محەمەد موکری،... هتد. دەیان و سەدان دەقی درامی بدۆزێتەوە و دەکرێ لەسەریان بەرزترین شاکاری نمایش بەرجەستە بکات.

نابینایی شانۆکاران بۆ بنیاتنانی شانۆیەکی ڕەسەن و هاوچەرخ، جگە لە خەمساردی و نەبوونی دەسەڵاتی مەعریفی، هیچ پاساوێکی تری نییە.

ئەم بەدبەختییە جگە لە شانۆ، بوارەکانی موزیک و شێوەکاریشی بەهەمان شێوە داپۆشیوە. مایەی نیگەرانییە موزیکزانانی کورد نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی ئاوازە هەناسە کورتەکانی گۆرانی بچنە دەرەوە و لە ناو ئەو مێژووە دەوڵەمەندەدا، موزیکی ڕەسەنی کوردی بەشاکاری جیهانی بکەن. جگە لە چەند هەوڵێکی کەم، ڕەنگە ئەو هەوڵانەیش لە پەنجەی دەست تێپەڕ نەبن.

ئەو تێکستانەی لە پشت سمفۆنیا و شاکارە موزیکییە جیهانییەکانەوە هەیە، هیچیان لەو شاکارە ئەدەبییانەی نووسەرانی کورد زیاتر نییە کە بواری سەدان ڕیتم و هەڵچوون و داچوونی موزیکی بەرزیان تێدایە، مەم و زین، قەڵای دمدم، حەمەدۆک، کوێرئۆغلی، تەنەکە، شار، ڕێگە، تەتەر هەرەس، تەمی سەر خەرەند، دەربەندی پەپوولە، دواهەمین هەناری دنیا، شاری مۆسیقارە پییەکان، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ و.... چەندانی تر لەو تێکستە پڕ لە درامییانە، دەکرێ ببێتە باشترین پێگەی هەڵچنینی دەقێکی درامی یان

شـاكـارێكی سـیـمـفـۆنـی یاخـود پڕ واتاترین تابلۆ و پـەیكەری هونـەری. نە پەڕینـەوەی كـولتـوور و دیرۆكی خـۆمـان بەسـەر ئەو پردە گـەورە و بـەهێـزەی «هونـەر»دا و خـوازیـاریمان بـۆ ئەوەی بیكەینە كـایەكی بەهێــز لە بنیــاتی نەتەوەییماندا، نیشانەی پێ ڕانەگەیشتنی ئەو دەسـەڵاتەیە، كار بۆ پرۆژەیەكی دامەزراندن دەكات.

كــار نـەكــردن بۆ دەســـپــێكی ئەو پـرۆژەیـە (پرۆژەی دامــەزرانـدن)، پەنگخــواردنەوەی بزووتنەوەكــەیە لە نـاو بەردەوامی خــودی ئەزمــوونەكــان خـۆیاندا و لەگـەڵ ڕاوەســتـانی ئەو ئەزمـوونانەشـدا، وەك هـەر دیاردەیـەكی كۆمەڵایەتی جگە لە تارماییی یادەوەرییەكان هیچی تر جێ ناهێڵێ.

چونكە هـەر ئـەزمـوونێكی هونـەری ئەگـەر بیـەوێت كـار بۆ پێناسـەیەكی سـەربەخۆ بكات و خۆی بەخـاوەنی ڕەسـەنایەتییەك بكات كە كار و بەرهـەمی خـۆی پێ بناسـێتـەوە.. دەبێ و پێـویسـتـە لە نـاو ئەزمـوونێكی خـوڵقـێنەردا كاربكات و ئەو تەلیسمانە بچنێ، لە ناو زەمـەنی خۆیدا فەرامـۆش كراوە و ئەو هـەنگاوانە هـەڵبهێنێ، كار لە ناو پرۆژەی دامـەزراندندا دەكات.



















ئەم چەند وێنەیە بەشێکن
لە کارە هونەرییەکانی نووسەر